# حیکایەتە نەمرەکانی گەلی جولـەکە

ناوی کتێب: حیکایەتە نەمرەکانی گەلی جولەکە
وەرگێڕانی: زاگرۆس زەردەشتی
بابەت: چیرۆکی فۆلکلۆری
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 2000دینار
ژمارەی سپاردن: 94 ی 2007
چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2008
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.org

# حیکایەتە نەمرەکانی گەلی جولەکە

وەرگێڕانی لە سویدییەوە

زاگرۆس زەردەشتی

سلێمانی 2008

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە** (427)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

پێشکەشە بە دوو جگەرگۆشەکەم

سەنگەر و ئاهورا

پێشکەشە بە هەموو جگەرگۆشەکانی کوردستان

# ناوەڕۆك

راوكەر و مەل 9
پەنجەرە و ئاوێنە 15
سامانێكی بە نرخ! 18
موستیلەیەكی ئەفسوناوی 21
دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی 26
برایەتی 31
چاڵ 35
بەڕێز 39
پیاوێكی دەوڵەمەند و كوڕەكەی 42
مرواری 47
بەدوای ئاشتیدا بگەڕێن 51
وتەكان هەڵبژێرە 56
پیاو ناتوانێت دڵی هەموو كەس ڕاگرێت 59
خەوی زێڕینگەر 61
شازادە و رابین 64
شازادە بوو بە كەڵەشێر 67

| | |
|---|---|
| مامۆستا | 71 |
| جووتیارێکی لەخۆبایی | 76 |
| دڵنیایی و خۆڕاگری وەرزێرێك | 80 |
| تیشك دانەوە | 85 |
| شاژنێکی ژیر | 89 |
| پشتگوێ خستن | 96 |
| ئارەب و ئەسپ | 101 |
| ڕووناکی سروشت | 105 |
| وەکو یەك بە تەمەنن | 108 |
| مرۆڤ چۆن گەورە دەبێت...؟ | 109 |
| چۆن خوا مەڕی پاراست..؟ | 111 |
| هەنجیر | 114 |
| تاکە ئاواتی خانم | 117 |
| بێوەژن و ڕەشەبا | 121 |
| ماف ... دادگای شەلەمۆ | 132 |
| منداڵێکی دادوەر | 135 |

## ڕاوکەر و مەل

لە وڵاتێکی دوور، ڕاوکەرێك هەبوو زۆر شانازی بەخۆیەوە دەکرد، ئـەم ڕاوکەرە وای پیـشاندەدا کـە هـەموو شـتێك دەزانـێ، خـەڵکیش باوەڕیـان پێدەکرد. ڕاوکەر کە هەستی بەوە کرد خـەڵکی بـاوەڕی پێدەکـەن، کەوتـە فـشەکردن و لاف و گـەزاف لێـدان. کاتێـك خـەڵکی دەچـوون بـۆ لای و پرسیاریان لە بارەی کار و گرفتەکانی خۆیانەوە لێدەکرد. ڕاوکـەر دەسـتی بـە درۆودەلەسـە بـۆ خەڵکـەکان دەکـرد و دەیگـوت:"مـن ئـەم بـەهرە و زیرەکیەم لە لایەن خواوە پێبەخشێندراوە."

ئەگـەر وەڵامـی پرسـیارەکانی ئـەو خەڵکـەی بەڕاسـت و دروسـتی نەدایەتەوە و فڕی بەسەر چارەسەرکردنیانەوە نەبوایـە و ڕاوێژەکـەی ڕاسـت دەرنەچـوایە، ئـەو کاتـە دەسـتی دەکـرد بـە زۆربڵێـی و بەرامبەرەکەشـی شەرمەزاردەکرد و دەیگوت:"ئەو شتەی گوتم و کە ئـاوا دەرنەچـوو، ئـەوە

هەڵەی من نییە، هەڵەی خۆتانە، لەبەر ئەوەی ئێوە لە من نەگەیشتون کە چیم پێگوتون و مەبەستم چی بووە، یان ئەوەتا گوێڕایەڵی منتان نەکردووە کە ئەو شتە بەو شێوەیە بکەن کە من ڕێگا و شوێنم بۆ دانا بوون.

ڕۆژێك ئەم ڕاوکەرە لە خۆبایی بووە بەرەو زۆزان و جەنگەڵ کەوتـە ڕێ بە نیازی ڕاوکردن، چەند تەپکەو داوی نایەوە بۆ گرتنـی مـەل و پەلـەوەر، هێندەی نەبرد مەلێکی پچکۆلەی زۆرجوان و نەشمیلە بوو بە داوی چنراوی ڕاوکەرەوە. ئەم مەلە پچکۆلەیە دەیتوانی بئاخفێ.

بە ڕاوکەری گوت:"گەورەم ڕاوکەری بەڕێز، ئێـستا تـۆ منـت راوکـرد، بەڵام من بە چ شێوەیەك بۆ تۆ دەبمە مایەی بەختـەوەری...؟ لـە کاتێکـدا کە من مەلێکی هێندە پچکۆلەم، ئەگەر بێت و بمفرۆشی دڵنیام لەوەی کە دراوێکـی وات نـادەنێ کـە پێـی بەختـەوەر بیـت، خـۆ ئەگـەر بـەڕێزتان بیرلەوەش بکەنەوە کە سەرم ببڕی و گۆشـتەکەم بخۆیـت...؟ ئـەوە دڵنیابـە هێندە گۆشتم پێوەنییە، نـە گۆشتەکەشـم هێنـدە بـەتام و خۆشیـشە، خـۆ ئەگەر واش بیربکەیتەوە کـە زینـدانی نـاو کـونجی قەفـەزێکم بکـەیت...؟ پەیمانت دەدەمێ کە ببمە جێگای شەرمەزاری و توانج بۆت، ئـەو کاتـەش ئەگەر دز هاتنە سەرماڵەکەت بۆ دزیکـردن، ئەوکاتـە هـەموو ئـەو شـتە بەنرخانەی لـە ماڵەکەتدایـە دەستنیـشانیان دەکـەم بـۆ دزەکـە، کـە بیـان دزێت، بەڵام ئەگەر بێت و وازم لێبێنی و ئازادم کەیت و بگەڕێمەوە بۆ ناو ئەو کێو و زۆزانە، ئەو کاتە لە پاداشتی ئەو چاکەیەت، منیش سێ شـتت

پێدەڵێم، کە هەمیشە لە ژیانتا زیان نەکەیت و گەورەترین یارمەتیدەر بن بۆ ژیانت."

وەکو دەزانین ڕاوکەری لەخۆ ڕازی گەلێك ئارەزووی لەوە بوو کە خەڵکی بە گەورەی بزانن، لەبەر ئەوە ڕاوکەر ملی بۆ داخوازی مەلە پچکۆلەکە دانا. لە هەمانکاتدا سەری لە وتەکانی ئەم مەلە پچکۆلەیە سوڕمابوو، بە مەلەکەی گوت:"باشە منیش ڕازیم، بەڵام پێش ئەوەی ئازادتکەم دەبێت ئەو سێ ڕاوێژەم پێبڵێیت، پاش ئەوە ئازادت دەکەم."

مەلە پچکۆلە ژیرەکە پێی گوت:"باشە ئەگەر من لە پێشدا سێ نەهێنیەکەت بدەمێ ئەی دوای ئەوە گەرەنتی من چیە بۆ ئەوە کە تۆ ئازادم دەکەیت و نامخەڵەتێنی..؟، دەبێت پێشان سوێندم بۆ بخۆیت کە پاش ئەوەی نەهێنیەکانت دەدەمێ تۆش دەستبەردارم دەبیت و ئازادم دەکەیت." ڕاوکەرەکە سوێندی بۆ مەلەکە خوارد کە دوای ئەوەی سێ وانەکەی پێگوت ئازادی دەکات و پەیمانەکەی دەباتە سەر.

مەلەکە بڕوای بە ڕاوکەرەکە هێنا و گوتی:"لە تەنیشتی ئەو درەختەوە ڕاوەستە گوێ لە ڕاوێژەکانم بگرە، کە ڕووناکایین بۆ تاریکایی ژیانت." مەلەکە بەردەوام بوو،" یەکەم هەرگیز ئەوە لەیاد نەکەیت ئەگەر کارێکت کرد و پاشان پەشیمان بووی لێی هەوڵ مەدە کە جارێکی تر بیکەیتەوە، لەبەر ئەوەی هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنی و بە ئامانجی خۆت ناگەیت."

دووهەم:"ئەگەر کەسێك شتێکی بۆ باس کردیت کە زانیت لە ڕاستیەوە دوورە و شتێکی سرووشتی نییە، هەوڵمەدە خۆت بخەڵەتێنی و باوەڕی پێبکەیت، ئەوەی کە وا دەکات، ساویلکە و نەزان و شێتە."

سێهەم:"ئەگەر شتێك یان کەسێك لە ژێر رکێف و هێز و توانای تۆدا نەما و دەستت نەیگەیشتێ و دەسەڵاتت بەسەریا نەشکا، هەوڵمەدە بە دویدا ڕاکەیت و بۆی هەڵزنێیت بۆ سەرەوە و خۆت بخەڵەتێنی و خۆت فریو و فو بدەیت، ئەگەر ئەو کارە بکەیت، دەبێت دڵنیا بیت کە سەرناکەویت و سەرەو لێژدەبیتەوە." ڕاوکەرەکە بە باشی گوێی بۆ ڕاوێژ و وتەکانی مەلەکە شلکردبوو، پاش ئەوەی کە مەلەکە لە وتەکانی بووەوە، ڕاوکەرەکە ڕووی کردە مەلەکە و گوتی:"لە ڕاستیدا ئەم وتانە زۆر ژیربێژین، پاشان پرسیاری لە مەلەکرد: ئەی باشە هیچ وانەیەکی تر دەزانی جگە لەم سێ وانە بەنرخە..؟"

مەلەکە وەڵامی دایەوە، "بەڵێ وانەیەکی بەنرخی تر دەزانم، بەلام پێش ئەوەی کە پێت بڵێم دەبێت ئازادم کەیت."

ڕاوکەرەکە پێی مەلە پچکۆلەکەی لە داوەکە دەرهێنا و ئازادی کرد... مەلەکە جریوەیەکی بۆ کرد و خۆی گەیاندە سەر ترۆپکی لکە درەختە بەرزەکە و پڕ بە گەرووی چریکەیەکی زوڵاڵی بۆ کرد، پاشان گوتی:"ئای پیاوی شێت، چیت بە خۆت کرد و چۆن فریوت خوارد و منت لە دەست خۆتدا و ئازادتکردم، دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم، با باش بزانیت،

ئەو مەلانەی کە لـە چەشـنی مـنن، لـە نـاو دڵمانـدا پارچـەیەك ئـەڵماس شاردراوەتەوە کە نرخی هیچ شتێکی ناگاتێ لـەم ژیانـەدا، بـە کـورتی بـە نرخترین سامانە. تەنانـەت ئـەو جـۆرە ئەڵماسـە بـە تـاجی پاشایانیـشەوە نـابینرێن." پـاش ئـەم وتانـە مەلـە پـچکۆلەکە بـە دەنگێکـی بـەرز چریکەیەکی بۆ کرد و خوێندی.

ڕاوکەرەکە هەناسـەیەکی تـووڕەیی هەڵکێـشا، کـە چـۆن ئـەو سـامانە بەنرخەی لـە دەسـتی خۆیـدا، بـە هەڵـەداوان بـە درەختەکـەدا هەڵگـەڕا و هەڵزنا بـۆ ئـەوەی کـە جـارێکی تـر مەلەکـە بگـرێ و بەنـدی بکـات، بـە پەلەپەل هەوڵی ئەوەی بوو بگاتە پۆپەی درەختەکە و هەرچی توانای خـۆی هەبوو خستبوویە کار. بەڵام لە ناکاودا دەستی لە لکی درەختەکە بـەربوو بـە نـاو لـك وچـڵی درەختەکـەدا بـەرەو زەوی سـەرەولێژ بـووەوە و کەوتـە خوارەوە، بەدەم ئازار و بە ڕانێکی شکاوەوە یەکتەختە لێیکەوت.

مەلە پچکۆلەکە بەم دیمەنە دایە پێکەنین و بەڕاوکەرەکەی گوت: "ئای نەگبەتی بێ مێشك، سەیرێکی خۆت بکە، چیم پێگوتی..؟ پـێم نـەگوتی پیاو شتێك نەکات کە لەوەو بەر کردوویەتی و پاشان لە کردنی پەشـیمانە یا جارێکی تر هەوڵی دووبارە کردنەوەی نەدات.؟ کەچی تۆ لەم گوێیەتەوە چوو و لەوگوێیەتەوە هاتە دەر و بەگوێت نەکردم لەگەڵ ئەوەشدا منت لـە بەندێتی ئازادکرد."

پاشان من گوێڕایەڵی ئەوەم کردیت،"پیاو نابێت بە وتەیەك بڕوا و فریو بخوات کە لە ڕاستی و سروشتیەوە دوورە، گوتم ئەوانەی کەوا بەئاسانی بڕوادەکەن و فریو دەخۆن مرۆڤی ساویلکە و شێتن. تۆ چەند مرۆڤێکی گێل و نەفام بووی کە ئاوا بە ئاسانی بڕوات بەو وتەیە کرد، کە گوتم، پارچە ئەڵماسێك لە ناو دڵمدایە و گەنجی دنیای ناگاتێ و هێندە بەنرخە...! ئەو جۆرە ئەڵماسانە نە هەیە و نە ڕاست و نە سروشتیشە، خواش شتی وای دروست نەکردووە."

لە کۆتایشدا پێم گوتی"بەدوای شتێکدا ڕامەکە و بۆی هەڵمەزنێ کە لە ژێر توانا و وزەی تۆدا نیەو دەسەڵاتت بەسەریدا ناشکێت، ئەنجامەکەی سەرەولێژبوونەوە و تێکشکانە... بەڵام سەرەڕای ئەوەش تۆ ئەو کارەت کرد و خۆت گێف کردەوە و بەسەر درەختەکەدا سەرکەوتی نیازت بوو بگەیتە ترۆپکی درەختەکە و جارێکی تر من یەخسیرکەیت...! ئەو سێ وانەیەی کە پێم گوتی هەموویان فەرمانی خودان و لە ئاسمانەوە هاتوونەتە خوارێ."پاش ئەم وتانە مەلە پچکۆلەکە دایە شەقەی باڵ، بەرەو هەوار و زۆزان ملی ناو فڕی، ڕاوکەرەکەش بەدەم ئازار و ژان و بیرکردنەوەوە لەسەر زەویەکە تلی دەخوارد.

# پەنجەرە و ئاوێنە

جارێـك لـە جـاران پیـاوێكی دەوڵەمەنـدی چـروك هـەبوو، ئـەم پیـاوە هەرگیز بە خەمی كەس و بە دەنگی كەسەوە نـەدەهات و یارمـەتی هـیچ مرۆڤێكـی نـەدەدا. ڕۆژێـك رابینێكـی جولەكـە هـات بـۆلای و پرسـیاری لێكرد."بـەڕێزم: دەتوانیـت یارمـەتی خێزانێـك بـدەیت كـە دامـاون و نـە نانیان هەیە نە دەرمان؟"

كابرای دەوڵەمەند وەڵامی دایەوە:"نا نە لە توانام و نە لە دەسـتمدایە ئەو یارمەتیە بدەم."

رابینـی جولەكـە بـەرەو سووچـی ژوورەكـەی پیـاوە پیـسكەكە چـوو و دەستی دایە پارچە ئاوێنەیەك كە لە سووچەكەدا كەوتبوو، هەڵیگرت، بـە كابرای دەوڵەمەندی گوت: وەرە سـەیری ئـەم ئاوێنەیـە بكـە، پاشـان بـۆم بگێڕەوە كە چیت بینیوە."

پیــاوە دەوڵەمەندەکــە بــە پێکــەنینێکی گاڵتەجارییــەوە ســەیرێکی ئاوێنەکەی کرد و گوتی:"لەم پارچە ئاوێنەیەدا وا خـۆم دەبیـنم، هـەروەك چۆن لە هەموو ئاوێنەیەکی تردا کە خۆم دەبینم."

پاشــان رابـین داوای لــە کــابرای دەوڵەمەنــدکرد و گــوتی."بــڕۆ لــەو پەنجەرەیــەوە ســەیر بکــە، بزانــە چــی دەبینیــت؟" پیــاوە دەوڵەمەندەکــە، داواکــەی رابینــی بــەجێهێنا و گــوتی:"هــیچ شــتێکی نائاســایی نــابینم، جادەیــەکی ئاســایی، منــداڵێك خــەریکی کایەکردنــە، هەنــدێك مــرۆڤ دانیشتون خەریکی وتووێژن، هــەروەها پیــاوێکی پیریــش بــە گاڵۆکێکــەوە خەریکی رێپێوانە. ئایا ئەمە شتێکی تایبەتی تیادایە کە من لە بارەیەوە ئاگاداربکەی..!؟ من هەموو رۆژێك بە ئاسایی ئەمانە دەبینم."

رابین هاواری لێهەستا،" ئا ئەوەیە کـە دەمــەوێت پێتــی بڵـێم و پێـت نیشاندەم، کاتێك پیاو لـە پەنجەرەیەکـەوە سـەیری دەرەوە دەکـات، ژیـانی دەوروبەری خـۆی دەبینێـت، بـەڵام کـە سـەیری ئاوێنەیـەك دەکـات تـەنیا دەموچـاو و سـەرو کەللـەی خـۆی دەبینێـت، ئاوێنەیـەك، شووشــەیەکی ئاسـاییە، هـەروەك شووشـەی پەنجەرەیـەك، بـەڵام جـودایی لـە نێوانیانـدا ئەوەیە کە پشتی ئاوێنەکە بە ماتریالێکی زێرکەفی تەنك سـواخدراوە کـە پێی دەڵێن جیوە. ئەو سواخە جیوەیە وای لێکردووی جگە لە وێنـەی نـاو ئاوێنەکـە هـیچ شـتێکی تـر نـەبینی، ئـەو جیوەیـەش هـەر وەك هـەمان ســەروەت و ســامانەکەی تــۆ وایــە، کــە هــەموو بینینێکــی تــری لێ

شـاردوویتەتەوە و ناتوانیـت مرۆڤـەکانی دەوروبـەری خـۆت ببینیـت بـە هەژاران و ماڵوێرانەکانیشەوە. ئێستا تۆ تـەنیا دەموچـاو و سـەروکەللەی خۆت لەو ئاوێنەیەدا دەبینی، بەڵام کاتێك کـە لـە شووشـەی پەنجـەرە بـێ جیوەکـەوە سـەیری دەرەوە دەکـەیت بـە هـەمان شـێوە ژیانـە ئاسـاییەکە دەبینی."پیاوە چروکەکە بـە شـەرمەوە سـەری خـۆی دانەوانـد، رابینـیش دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخست و ڕۆیشت، پیاوە دەوڵەمەندە چروکەکە، بەتەنیا بەدەم بیرکردنەوە دەتلایەوە.

# سامانێکی بە نرخ!

پیاوێك دوو کوڕی هەبوو لە گوندێکی بچوکدا دەژیان. ئەم پیاوە پیربوو، پێش ئەوەی کە بمرێت، ئەو سامانەی کە هەیبوو، هەمووی بەسەر هەژاراندا بەخشیەوە. ئەم دوو کوڕە هیچ دەستێکیان نەهێنایە ڕێگای باوکیان، تەنانەت وتەیەکیشیان بەرامبەر بە باوکیان نەگوت. لە بری ئەوە کەوتنە بیرکردنەوە، لە نێو خۆیاندا دەیانگوت:"بۆچی باوکمان هەرچی سامانی هەبوو دای بە هەژاران، بەبێ ئەوەی کە شتێك بۆ ئێمە جێبهێڵێت؟"

باوکە پیرەکەیان دەیزانی کە کوڕەکانی چۆن بیردەکەنەوە، ڕۆژێکیان پێی گوتن:"کوڕە خۆشەویستەکانم، مردنم نزیك بۆتەوە و سەرم لە گوێی گۆڕ دەلەرزێت، بەڵام سامانێکی زۆرم شاردۆتەوە، کاتێك کە مردم ئەو سامانە هینی هەردووکتانە و لە نێوان خۆتاندا بەشی بکەن، ئەو سامانەم

لە دەشتێکدا شاردۆتەوە، کاتێك کە مـردم ئـەو دەشـتە ملکـی ئێوەیـە و بەدوای ئەو سامانەدا بگەڕێن دەیدۆزنەوە، بەمەش ئێوە دەبنە دوو مرۆڤی دەوڵەمەند."

ئەم دوو برایە بەو وتەیـەی باوکیـان گـەلێك دڵـشادبوون چـەند ڕۆژێـك بەسەر ئەم گفتوگۆیەدا ڕۆیشت، پیاوە پیرەکە گیانی سپارد و مرد.

دوو کوڕەکـە بـەرەو ئـەو دەشـتە کەوتنـە ڕێگـا کـە باوکیـان بـۆی دەستنیشان کردبـوون، کاتێـك کـە گەیـشتنە دەشـتەکە، دەسـتیانکرد بـە هەڵکەنـدن و کێڵانـی بـە دوای سـامانەکەدا دەگـەڕان کـە باوکیـان بـۆی شاردبوونەوە.! هەموو دەشتەکەیان کێڵا و هەڵگەڕاندەوە، بەڵام هـیچ زێـڕ و زیوێکیان نەدۆزیەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی بۆ دڵنیایی جارێکی تر کەوتنەوە هەڵکەندن و کێڵانـی دەشتەکە بە ئومێدی ئـەوەی کـە ئـەمجارە ئـەو زێـڕ و زیـوە بدۆزنـەوە کـە باوکیـان بـە مـیرات بـۆی بەجێهێـشتوون. بـەڵام ئـەمجارەش هیـچیان نەدۆزیـەوە. پـاش ئـەو هـەموو کـارو کێڵانـی زەوییـە. برایـەکیان گوتی:"ئێستا ئێمە ئەم دەشتەمان هەمووی کـێڵا و هەڵگەڕانـدەوە بـەبێ ئەوەی کە هیچ زێڕ و زیوێك بدۆزینەوە...! ئای براگیان... کـە ئێمـە دوو مرۆڤی کلۆڵ و هەژارین."

براکەی تریان وەڵامی براکەی دایەوە و گوتی:"ڕاست دەکەی بە ڕاستی ئێمە هەژار و کلۆڵ و نەبووین، بەڵام براگیان بـا هێنـدەش ڕەشـبین نـەبین،

ئێمە هەموو ئەم دەشتەمان بە دوای سامان و زێڕ و زیـودا تـەیکرد بـەبێ ئەوەی هیچ زێڕ و زیوێکمان دەستگیر بێت..!

بەڵام خۆ ئێستا ئەم دەشتەمان هەمووی کێڵاوە، ئەی بۆچـی نەیکـەین بە گەنم..؟ با گەنمی تیادا بچێنین..."

ئـەم دوو برایـە لەسـەر ئـەوە ڕێککـەوتن. بـەڵێ گـەنمیان وەشـاند بـە زەوییەوە، دەخڵ سەوزبوو و پاش دروێنە و خەرمانە و جەنجەڕ و گێرەکردن بە دەیان تەن گـەنمیان بەرهـەم هـانی و هەڵگرتـەوە. بـەم جـۆرە دراوێکـی زۆریان بەدەست هانی، ئەم دوو برایە بەم کارە گەلێك دڵخۆشـبوون، پـاش تەواوبوونی وەرزی کاروفەرمان گەڕانەوە بەرەو ماڵەوە. یەکێك لـە براکـان کە دراوەکانی دەژمارد، سەیری ئەو دراوە زۆرەی دەکرد و گوتی:"ئا ئەمە سامانەکەی ئێمەیە، ئـەو سـامانەیە کـە باوکـە خۆشەویـستەکەمان بـۆی بەجێهێـشتین، ئائـەوە ئـەو سـامانەیە کـە باوکمـان پێیگـوتین و لـە زەوی دەشتەکەدا بۆی شاردبووینەوە کە ئەو زەوی دەشـتەی بـۆ هەڵکـەنین و بـە دوایدا بگەڕێین"

براکەی تر وتـەکانی براکـەی پەسـەندکرد و گـوتی:"ڕاسـت دەبێـژیت" کارەکەمان سامان زێڕ و زیوەکەمانە.

## موستیلەیەکی ئەفسوناوی

سەلاهەدین، سولتانی گەورەی موسولمانان، جارێکیان بانگی یەکێك لە ڕاویژکارە ژیرەکانی خۆیکرد و پێی گوت:"بیستومە کە تۆ مرۆڤێکی ژیر و هۆشیاری، وەلامی هەموو پرسیارێك دەدەیتەوە کە لێت دەکرێت. دەمەوێت ئەم پرسیارەت لێبکەم وەلامم بدەیتەوە.

پرسیارەکەم ئەوەیە، سێ ئاینی گەورە لە دنیادا هەن ئاینی جولەکە و کریستیان و ئیسلام، کام لەم سێ ئاینە ڕاستر و دادوەری ترە لەوانی تر...؟" کابرای ڕاوێژکار وەلامی سولتانی دایەوە گوتی:"هەموو شتێك کە دەیبینین یان کاتێك کە پەیدا دەبن، ڕێگایەکی ڕاستیان هەیە، وایە یان نا...؟" پیاوەکە درێژەی بە وتەکانیدا،" لە ڕۆژگاری ڕابردوودا لە ناوچەی ئاسیادا، پیاوێك دەژیا خاوەنی موستیلەیەکی گرانبەها بوو، (موستیلەی ئەفسوناوی) یان پێدەگوت، هەر کەسێك ئەو موستیلەیەی لە

پەنجە بکردایە، یان لەگەڵ خۆیدا هەڵی بگرتایە، ئەوا ئـەو کەسـە دەبـووە خۆشەویستی خەڵکی و زۆریان ریـز لێـدەگرت. بـەڵام ئـەم پیـاوە هـەرگیز موستیلەکەی لە پەنجەی دانەدەکەند، ئەم پیاوە سێ کوڕی هەبوو، کاتێـك کـە نزیکـی مـردن بـووەوە، موسـتیلەکەی دا بـە یـەکێك لـە کـوڕە خۆشەویستەکانی، ئەو دەمەی کە دوو براکەی تر موستیلەکەیان بینی لـە پەنجەی براکەیاندا، زۆر ڕێزیان لێگرت، لەگەڵ ئەوەشدا کە برا بـچکۆلەیان بوو.

ساڵ هات و ڕۆیشت، ئەم موستیلەیە، پشتاوپشت لە لایـەن باوکانـەوە دەدرا بە یەکێك لە کوڕە خۆشەویـستەکانیان. پـاش سـەردەمێکی دوور و درێژ لە وەچەی ئەم باوکانە. موستیلەکە کەوتە لای باوکێك کە سێ کوڕی هەبوو، ئەم باوکە هەرسێ کوڕەکەی هێندەی یەکتری خۆش دەویستن. بەڵام موستیلەکە گێروگرفتێکی گەورەی لەبەردەم باوکەکـەدا دروسـت کردبـوو، ئەم پیاوە هەر لەبیری ئەوەدا بوو کـە ئـەم موسـتیلەیە بـدات بـە کـام لـە کوڕەکانی...؟

باوکەکــە هەوڵێــدا کــە ویــست و خواســت و هەســتی کوڕەکــانی تاقیکاتەوە، ئەوسا بە ئاسانی بتوانێت بڕیاری خـۆی بـدات و موسـتیلەکە بە یەکێك لە کوڕەکانی پێـشکەشکات. بـەڵام لـە ئەنجامـدا گەیـشتە ئـەو ڕاستیەی کە هەرسێ کوڕەکەی هەمان چێژ و تـام و بۆچـوون و ژیریـەتی و چاکەیان هەیە.

باوکەکە کەوتە پرسیارکردن لە خۆی، "نـازانم چـی بکـەم...؟ دەبێـت گفتی ئەوە بدەم بە هەریەکێك لە کوڕەکانم کە موستیلەکە هینی ئەویانە، بەمەش هەرسێکیان دڵخۆشدەبن."

ساڵ ڕۆیـشت و کـاتی مردنـی باوکەکـەیان نزیکبـووەوە. باوکەکـە زۆر نائارام بوو بەو گفتەی کە بەهەریەکێك لە کوڕەکانی دابوو، لە ناکاوێکـدا بیرێکی باش بە مێشکیدا هات، ناردی بـەدوای زێڕێنگـەرێکی کارامـە و ژیردا، بەسەرهاتەکەی بۆ کابرا گێڕایەوە و پێی گوت:"دەبێت بە زووتـرین کات دوو موستیلەم بۆ دروست بکەی بە مـەرجێك هـیچ کـەس نـەتوانێت هەسـت بـە جیـاوازی نێـوانی ئـەم موسـتیلە ئۆرگینالّـە و دوو موسـتیلە کۆپیەکە بکات."

کابرای زێڕێنگەر دوو موستیلەی تری بەهەمان شێوە و هـەمان کـێش دروست کرد، کاتێك موسـتیلەکانی هێنـا بـۆ بـاوکی کوڕەکـان، تەنانـەت باوکەکە خۆشی نەیدەزانی کام لـەو موسـتیلانە ئۆرگینالّەکەیـە. باوکەکـە هەر جـارەی یـەکێك لـە کوڕەکـانی بانگـدەکرد و بـە دزیـەوە یـەکێك لـە موستیلەکانی دەدانێ و پێی دەگووتن:"با براکـانی تـرت نـەزانن کـە ئـەو موستیلەیەم بەتۆ بەخـشیوە." هـەموو جـارێکیش کـە کوڕەکـان بەتـەنیا دەبوون پێی دەگوتن:"تۆم هەڵبژارد بۆ ئەوەی کە ئەو موسـتیلەیە بکەیتـە پەنجەت و هەموو کەس ڕێزت لێبگرن و خۆشیان بوێیت." هەر یەکێك لـە

کوڕەکان شانازی بە خۆیەوە دەکرد کە باوکی هەڵی بژاردووە و لای باوکی خۆشەویستە.

کاتێك باوکیان مرد، هەر یەکێك لە کوڕەکان موستیلەکەیان کردە پەنجەیان و چوون بۆ ماڵی باوکیان، کاتێك کوڕەکان کە بەیەك گەیشتن، سەریان لە یەکتری سووڕما، لەبەرئەوەی کە هەریەکێکیان موستیلەیەکی بەهەمان شێوە لە پەنجەدایە...! لە ناو خۆیاندا بوو بە دەنگە دەنگ و ورتە ورت و ناخۆشی و هەڕەشە لەیەکردن.

یەکێکیان بە دوو براکەی تری گوت:"ئێوە ئاژاوە دەگێڕن" باوکم بە منی گوت: ئەو موستیلەیەی کە لە پەنجەی مندایە موستیلە ئۆرگیناڵەکەیە و ئەوانەی پەنجەی ئێوە، موستیلەی ساختە و کۆپین."

دوو براکەی تر ناچار دادیان بردە بەر دادگا و هەریەکەیان داخوازی ئەوەی دەکرد کە موستیلە ئۆرگیناڵەکە هی ئەویانە و باوکی بەوی بەخشیوە، لە کۆتایدا دادوەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە"ئەو سێ موستیلەیە هەرسێکیان وەکو یەك وان و هیچ جوداییەکیان لە نێواندا نییە. نە لە بارەی شێوەکانیان و نەلەبارەی کێش و نە لە بارەی زێڕەکانیشیانەوە. کەس ناتوانێت بڵێت: موستیلە ئۆرگیناڵەکە کامەیانە."

دادوەرەکە بە کوڕەکانی گوت:"ئێستا پرسیار ئەوەیە، بۆ ئەوەی کە بزانین کام لەو موستیلانە ئۆرگیناڵەکەیانە و کام لە ئێوە لای هەموو

کەسـێك خۆشەویـست و بـەرێزە...؟ لەبـەر ئـەوە بـچنەوە بـۆ ماڵـەوە، هەریەکەتان هەوڵی ئەوە بدەن بە باشترین شێوە گفتوگـۆ لـە نـاو خۆتانـدا بکەن و رێکبکەون، باشترینتان ئەوەتانە کە بـە زیرەکـی و ڕەوشـتی بـاش هەڵـسوکەوت دەکـات، ئـەو کاتـە مـرۆڤ دەتوانێـت بێـژێت: ئـەوەتان باشـترینتانە کـە بـەڕێز و ژیرانـە کارەکـەی ئەنجامـدا، ئـەوەتان موسـتیلە ئۆرگینالە ئەفسوناویەکەشی لە پەنجەدایە."

# دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی

دوو هاوڕێ هەبوون بە ناوی (گیـدێۆن و ئێلیفێلـت) ئـەم دوو هاوڕێیـە هەر لە منداڵیەوە دراوسـێی یـەك بـوون و بـە جووتـە دەچـوونە کڵێـسە و (تەورات) یان دەخوێنـد، ئـەم دوو هاوڕێیـە زۆر یـەکتریان خۆشدەویـست، کاتێك کە گەورەبوون هەریەکەیان دوای ژیانی خۆی کـەوت و لـە یـەکتری دوورکەوتنەوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لێکدابڕان و نەیانتوانی یەکتری ببینن.

(گیدێۆن) سەفەرێکی بـەرەو ئـەو شـارەکرد کـە (ئێلفێلـت)ی هـاوڕێی لێـدەژیا، بێگومـان گیـدێۆن ئەمـەی بـە هـەل زانـی و نیـازی وابـوو کـە سەردانی هاوڕێ دێرینەکەشی ئێلیفێلت بکات. کاتێك کە گەیشتە نزیکی شارەکەی ئێلیفێلت، شەوبوو، هەر کـە نزیکـی دیـواری شـار بـووەوە، لـە لایـەن پاسـەوانانی نـەهێنی ئـەو شـارەوە دەسـتگیرکرا و تـاوانی ئـەوەیان

خستە پالّی کە گوایا گیدیۆن سیخوڕی ولاّتێکی ترە و بە نیازی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی سەربازیەوە بەو شەوە نزیکی شورای شاربوەتەوە. لەبەر ئەوە گیدیۆن درا بەدادگا و سزای خنکاندنی بەسەردا درا و چاوەڕوانی خنکاندنی دەکرد.

ئەو رۆژەی کە سێدارە بۆ گیدیۆن ئامادەکرا پاشای شار لەوێ ئامادەبوو، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆی ئەو تاوانبارە ببینێت کە هەڵیدەواسن، پاشا هەر وەکو هەموو جارێکی ئاسایی لەسەر کورسیەك لە شوێنێکی بەرز دانیشتبوو، گیدیۆنی تاوانبارکراو هەر کە گەیشتە نزیکی پاشا، لەسەر چۆك خۆیدا بەزەویدا و بە گەروویەکی پڕ لە گریانەوە بە پاشای گوت، "پاشای بەخشندە و میهرەبان"، من مرۆڤێکی بێتاوانم و هیچ کارێکی خراپم نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا تاوانی مردنێکی نالەبارم بەسەردا سەپاوە، داوای بەخشندەیی و فەرمانی گەورەتانم داوایەکم هەیە کە پەسەندی بکەن، داواکەشم ئەوەیە کە هەفتەیەك رێگەم بدەن و ئازادم کەن بۆ ئەوەی کە بگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم، تا چاوم بە هاوسەرەکەم و منداڵەکانم بکەوێت، لە هەمانکاتدا ئەو کاروبارە بازرگانیانەی کە هەمە جێبەجێیان بکەم تاکو خێزانەکەم لە داهاتوودا بتوانێت بەڕێوەیان بەرێت. ئەز مرۆڤێکی جولەکەم لە ژیانمدا هەرگیز پەیمانی خۆم نەشکاندووە و هەمیشە پەیمانم بردۆتەسەر، مەرجیش دەدەم و سوێندیش دەخۆم ئەو

کاتـەی کـە بـۆ گەڕاندنـەوەم دیاریدەکـەن لەوکاتـەدا ئامـادە دەبم و لێـرە دەبم."

پاشـا وەڵامـی دایـەوە گـوتی:"کـێ گـەرەنتی ئـەوە دەکـات کـە تـۆ دەگەڕێیتەوە، پاش ئەوەی کە ئازاد دەکرێیت؟"

لە ناکاودا پیاوێك بە هاوار و تکاوە دڕی بە خەڵکەکەدا و بە گریـان و لوشکە لوشك خۆی گەیاندە لای پاشا گیدێۆنی هاوڕێی خۆشەویستیەتی و لەبـەردەمی پاشـادا بـە چـۆکدا هـات و، گـوتی:"پاشـای بەبـەزەیی و بـە دەسـەڵات، منم گـەرەنتی ئـەو پیـاوە، گـەورەم مـن لـە بـری ئـەو دەچـمە بەندیخانە، تەنیا رێگای پێبدە کە بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی و خێـزان و منداڵەکانی ببینێت، ئەگەر لـە کـاتی دیـاریکراودا نەهاتـەوە، ئـەو کاتـە ئەوە ملی من و فەرمانی پاشای سەروەرمان، لە بری ئەو من لـە سـێدارە بدەن و بمخنکێنن. ئەم پیاوە لەبەر خۆشەویـستی مـن و ئـەو هاوڕێیـەتیـە دێرینەی کە لە نێوانماندایە، تووشی ئەم تاوانی مەرگە بووە.

پاشا سەری لە خۆشەویستی و هاوڕێیەتی ئەم دوو پیاوە سـوڕما بـوو، گوتی:"باشە وای لێدەکەم بەو مەرجەی کـە تـۆ دەیخوازیـت، پاشـان پاشـا فەرمانیـدا ئـەو زنجیرانـە لـە دەسـت و پـای ئـەو تاوانبـارە بکەنـەوە و ئازادیکەن، (گیدێۆن) یـان ئـازادکرد و بـەرەو شـارەکەی خـۆی گەڕایـەوە، پاشان زنجیریان کردە دەست و پای (ئێلیفێلت)ەوە لە بری هاوڕێکەی.

بوو بە هەڵا لـە شـارا، کـەس بـڕوای نـەدەکرد کـە ئـەو پیـاوە بیانیـە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو دانەی داوە، خەڵکی سەریان لەو هـەڤاڵ بەندیەتیـەی ئێلیفێلـت و پاکایەتیەکـەی سـوڕمابوو، لـە هەمانکاتـدا پێکەنینیان بەو بڕیارە شێتانەی دەهات.

لەو ماوەیەدا گیدێۆن پەلەی دەکرد، کە بە شـتەکاندا رابگـات، بـەڵام کارەساتە سامناکەکەی بۆ خێزانەکەی نەگێڕایەوە کەچـی ڕوویـداوە و چـی بەسەر هاتووە، کاروبارە بازرگانیەکانی بە خێرایـی رێکـوپێککرد و خـۆی ئامادەی گەڕاندنەوە کرد رووە و ئەو شـارەی کـە سـزای مـەرگی بەسـەردا درابوو.

مۆڵەتی هەفتەکە بەسەرچوو...! سێدارە ئامادەکرا بۆ هاوڕێی شێت و دێوانە، کە هەڵیواسـن لـە بـری هاوڕێکـەی، هـەموو شـار کۆبوونـەوە بـۆ ئەوەی بەچاوی خۆیان خنکاندنی ئەو پیاوە لە بری تاوانبار ببینن، ئێـستا کاتێکی کەم ماوە بۆ ئـەوەی دنیـا تاریـك بکـات، کـەس لـەو بـاوەڕەدا و چاوەڕێی ئەوەش نەبوون، کە گیدێۆن بە پێی خۆی جارێکی تر بگەڕێتـەوە بۆ بەرپەتی سێدارە. کاتی لە سێدارەدان هێندەی نەماوە (ئێلیفێلـت) یـان لە بەندیخانـەوە بـەرەو پـەتی سـێدارەکە هێنـاو ڕایانوەسـتان، پـاش چـەند ساتێکی کەم هەڵیدەواسن بەو سێدارەیەدا کە بۆ (گیدێۆن) ئامـادەکرابوو، ئاپوورەی خەڵکەکە تا دەهات لـە گەورەبوونـدابوو، پاشـاو گـەورە پیـاوان

هەموویان ئامادەبوون، تا دیمەنـەی لـە سـێدارەدانی ئـەو مرۆڤـە بێتاوانـە ببینن، پەتەکە خرایە ملی ئێلیفێلت، دەنگێك لە پشتەوە بەرزبووەوە...!

"ڕاوەسـتن، ڕاوەسـتن...! مـن لێـرەم و گەیـشتم، ئـازاری هاوڕێکـەم مەدەن، من لێرەم تا جێگای هاوڕێکەم بگرمەوە."

(گیـدێۆن) بـەدەم ڕاکردنـەوە دڕی بـە ئـاپوورەی خەڵکەکـە دەدا، بـە هەڵەداوان خۆی گەیاندە بەردەم سێدارەکە و پێشی بە هاوڕێکەی گرت تـا لە سێدارەی نەدەن و ئازادیکەن.

خەڵکـە سەرسـوڕماوەکە بـە تێکـڕا دایانـە چـەپڵە بـۆ ئـەو پاڵەوانـە بەجەرگـە، بـۆ ئـەو دوو هـاوڕێ گیـانی بەگیانیـە چاونەترسـانە. پاشـا سەروچاوی سوور داگیرسا و ترسدایگرت، لە وەفا و خۆشەویستی ئـەم دوو هاوڕێیە، کە خۆشەویستی ئەم دوو هاوڕێیە دەربـڕی چ جـۆرە نموونەیەکـە، پاشـا هـاواری لێهەسـتا گـوتی:"لـە پاداشـتی ئـەو وەفـاو ڕاسـتگۆیی و خۆشەویستی هاوڕێیەتیەتان، بڕیارمدا بە ئازادکردنی ئـەو پیـاوە بیانیـە. بەڵام تەنیا داخوازیەکم لێتـان هەیـە کـە پەسـەندیکەن، ئـەویش ئەوەیـە، ڕێگامبدەن کە منیش ببمە هاوڕێی سێهەمتان."

# برایەتی

لە سەردەمێكی دێریندا دوو برا هەبوون لە شاری پیرۆزی (ئۆرشەلیم) دەژیان. ئەم دوو برایە جوتیار بوون، زەویەكیان هەبوو، بە میراتی لە باوكیانەوە بۆیان بەجێمابوو، برا گەورەكە ژنی نەهێنابوو، بە تەنیا دەژیا. برا بچكۆلەكە ژنی هێنابوو، چوار منداڵی هەبوو. ئەم دوو برایە موو بە نێوانیاندا نەدەچوو، كەسیان نەیدەویست كێڵگەكان لە نێوانی خۆیاندا بەش بكەن، هەر لەبەر ئەوەش پێكەوە كشتكاریان دەكرد و خەڵەو خەرمانیشیان پێكەوە كۆدەكردەوە و پاشان دانەوێڵەو بەرهەمەكانیان وەكهەڤی بە ڕاستگۆیانە لەنێوان خۆیاندا بەشدەكرد.

لە یەكێك لە شەوانی پاش خەلەوخەرمان دابەشكردندا، برا گەورەكە لە ماڵەكەی خۆی بە تەنیا و ماندوو بوو، چووە سەر پێخەفەكەی بۆ ئەوەی بخەوێت، بەڵام بەدەم بیركردنەوەی جۆراو جۆرەوە خەوی لێنەكەوت

و خەوی لێزڕا. بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە بە خۆی گوت:"ئەمە منم، تەنیا خۆمم، نە ژنم هەیە نە منداڵ، نە نان بۆ کەس پەیدا دەکەم، نە جلوبەرگ بۆ کەس دەکڕم، بەڵام براکەم بەرپرسیاری خێزانێکە، ئایا ڕاستە ئەو بەرووبوومە لەگەڵ براکەمدا وەکو یەك لە نێوانماندا بەش بکەین...؟ نا ئەوە ڕاست نییە و خوا بەرداری نیە، لەبەر ئەوە دەبێت بەشی براکەم لە بەشی من زۆرتر بێت..."

شەوگار درەنگی کرد، لەسەر جێگاکەی هەستا، لە بەشە گەنمەکەی خۆی توورەکەیەکی گەورەی پڕکرد و دای بە کۆڵێدا بەرەو ماڵی برا بچوکەکەی بەڕێکەوت، بەدزیەوە توورەکە گەنمەکەی هەڵڕشتە سەر بەشە گەنمی براکەی و بەبێ دەنگی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، پاشان چووە سەر جێگاکەی و خەوێکی خۆش لێی خەوت.

هەرهەمان شەو برا بچکۆلەکەشی خەوی لێنەکەوت، ئەویش بەخۆی گوت:"ئەمە منم، کاتێکیش کە پیربووم، منداڵەکانم بەهانامەوە دێم و لام لێدەکەنەوە، بەڵام ئەی کە برا گەورەکەم پیربوو چارەنووسی چی لێدێت...؟ کەواتە پێویستە بەشی ئەو لە بەشەکەی من زۆرتر بێت. کەی ئەوە ڕەوایە. کە بەشەکەی من هێندەی بەشەکەی ئەو بێت...!" برای بچکۆك هەر بەهەمان شێوەی برا گەورەکەی لەسەر جێگاکەی هەستا و توورەکەیەکی گەورەی لە بەشە گەنمەکەی خۆی پڕکرد و دای بە کۆڵێدا و بەرەو ماڵی برا گەورەکەی کەوتە ڕێ و بەدزیەوە توورەکە گەنمەکەی

هەڵڕشتە سەر گەنمی برا گەورەکەی، پاشان بەرەو ماڵ گەڕایەوە، لە پێخەفی ئارامدا خەوی لێکەوت.

کاتێك کە بەیانی جووتە برا لە خەو هەستان، هەریەکەیان کە چاوی بە چاڵە گەنمەکەی خۆی کەوت سەری سووڕما، لەبەر ئەوەی هیچ گەنمی لێکەم نەبووەتەوە، هەر وەکو شەوی ڕابردوو چۆن بوو هەروا بەو شێوەیە ماوەتەوە...! هەریەکەیان لە لای خۆیەوە، بەخۆی دەگوت"شتێکی سەیرە...؟" بەڵام هیچ کامێکیان ڕووداوەکەیان لای ئەوی تریان نەدرکاند.

بۆ شەوی داهاتوو هەردوو براکە هەروەك شەوی ڕابردوو، بەهەمان کار هەستان، بەڵام بۆ بەیانیەکەی کە سەیریانکرد چاڵە گەنمەکان هەر وەك خۆیانن و هیچیان لێ کەم نەبووەتەوە.

بۆ شەوی سێهەم، هەر یەکەیان بەبێ ئەوەی ئەوی تریان ئاگادار بێت و بزانێت، بەخۆی و تاجە گوڵێنەیەکەوە بە ڕێگاوە بوون بۆ لای ئەوی تریان، بەڕێکەوت بە خۆیان و تاجەگوڵێنەکانیانەوە لووتیان بوو بە لووتی یەکترەوە، کە یەکتریان بینی دەمودەست لە مەبەستی یەکتری گەیشتن، تاجە گوڵێنەکانیان دانا و دەستیانکرد بە گریان و فرمێسکی بەختەوەری لە چاویان دەباری، پڕیانکرد بە یەکتریدا و یەکتریان لە ئامێزگرت و سوپاسی یەکتریان کرد.

خوای گەورە ئاگای لە بەسەرهاتی ئـەو خۆشەویـستیە بێگـەردەی ئـەم دوو برایە بوو، لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا خـوا جێگـای بەیـەك گەیـشتنی ئەو دوو برایەی کرد بە جێگایەکی پیرۆز، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شـا (شەلەمۆ)دا و بەفەرمانی شا پەرستگایەکیان لەو جێگایـەدا دروسـتکرد. ئەم جێگایە بوو بە جێگا نزرگەی ئاشتی و خۆشەویستی و برایـەتی، هـەر لەوێشەوە ئاشتی و خۆشەویستی و برایەتی بەسەر جیهاندا بڵاوبووەوە.

# چاڵ

پیاوێکی دەوڵەمەند بۆ کەلوپەلی بازرگانی کڕین چوو بۆ شارێکی تر.ئەم پیاوە خاوەنی پێنج سەد لیرەی زێڕبوو، لەبەر ئەوە بەخۆی گوت:"ئەگەر ئەم لیرە زێڕانە لەگەڵ خۆم هەڵگرم و یەکێك چاوی لێبێت، ئەوکاتە دێن و ڕووتمدەکەنەوە، واچاکە ئەم لیرە زێڕانە بشارمەوە تا ئەوکاتەی بۆ کڕینی کەلوپەل پێویستم پێیانە دەبێت."

لەبەر ئەوە خۆی گەیاندە کەلاوەیەك لەو شارە و شوێنێکی چەپەکی دۆزییەوە و چاڵێکی لە زەویدا هەڵکەند وکیسە لیرەکانی خستە نێو چاڵەکەوە و سەری داپۆشین و شاردنیەوە. ئەم پیاوە بیری بۆئەوە نەدەچوو کە کەسێکئاگاداری شاردنەوەی ئەم کیسە لیرانە بێت. بەبێ خەم چاڵەکەی نیشانەکرد و لێیدا ڕۆیشت.

هەر بە ڕۆیشتنی کابرای بازرگان، پیاوێکی لەسەر چاڵەکە پەیدا بوو، کیسە لیرەکانی دەرهێنا و بردنی.

پاش چەند ڕۆژێك کابرای بازرگان هاتەوە بۆ کەلاوەکە و ویستی کیسە لیرەکان دەرهێنێت، کاتێك سەری چاڵەکەی هەڵدایەوە کیسە لیرەکان نەمابوون، چەند بەدواياندا گەڕا بێسوود بوو. بازرگان بەتەواوی هێزی لەبەربڕا و هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا. لەبەر خۆیەوە دەیگوت:"چی بکەم سەر بە چ کونێکا بکەم؟ سەریشم چوو و سامانیش، لەوانەیە خاوەنی ئەم کەلاوەیە ئاگادار بووبێت، لە کاتێکدا کە کیسە لیرە زێڕەکانم شاردۆتەوە.؟" بازرگان زانی کە خەمخواردن دادی نادات، لەبەر ئەوە بیری کردەوە کە پلانێك دانێت و لیرە زێڕەکانی چنگکەوێتەوە. کابرای بازرگان، خۆی کرد بە ماڵی خاوەن کەلاوەدا، بەڵام هەر وەکو کابرایەکی بازرگان خۆی نیشاندا کە لە شارێکی ترەوە هاتبێت، کاتێك کە چووە ناو ماڵەکە بە خاوەن ماڵەکەی گوت، "دەمەوێت لەم شارەدا پیاوێکی زیرەك و بەتوانا و ڕاستگۆ بناسم، ئێستاش ناوی تۆیان پێگوتوم کە پیاوێکی ڕاستگۆ و بەڕێزیت، لەبەرئەوە هاتوم بۆ لات و کارێکم هەیە."کابرای خاوەن ماڵ وەڵامی دایەوە، "کاری چی...؟"

کابرای بازرگان گوتی:"بەڵێ بەڕێزم! کاتێك کە هاتم بۆ ئەم شارە پێنج سەد لیرەم پێبوو، کەسێك نەبوو کە بڕوای پێبکەم تاکو ئەو پێنج سەد لیرەیەی لە لادانێم، لەبەر ئەوە لەو کەلاوەیەی لای تۆ چاڵێکم بۆ

هەڵکەندون، ئێستاش هەشت سەد لیرەی زێڕی ترم پێیە و دەمەوێت هەر بەهەمان شێوە بیانخەمە پاڵ پێنج سەد لیرەکەی تر و ئەم لیرانەش بشارمەوە، لەبەر ئەوە هاتووم بۆلای بەڕێزتان و دەمەوێت ڕاوێژ بە تۆ بکەم: وەکو خۆت دەزانیت لەم شارەدا خزم و ناسیاوم زۆرن، بەڵام نامەوێ ئەو لیرانەیان لە لا دانێم بەبێ ئەوەی کە ڕاوێژ بە تۆ بکەم، لەبەر ئەوەی کە دڵنیا نیم لێیان تا چ ڕادەیەك راستگۆن، دەمەوێت بزانم کە رای تۆ چیە..؟"

خاوەن ماڵەکە کە کیسە لیرەکانی لە چاڵەکەدا دزی بوو، لە دڵی خۆیدا ئەوەی بەهەلزانی بۆ دزینی ئەو هەشت سەد لیرە زێڕەی تریش. لەبەر ئەوە بەخێرایی تێبینی و راو ئامۆژگاری خۆی بە کابرای بازرگان گوت:"بۆ خاتری خوا هەرگیز ئەو کارە نەکەیت کە بڕوات بەو ناسیاو و کەسانە بکەیت، ! بەهەر شێوەیەك بێت ئەمەت بۆ خوا پێتدەڵێم کە ئەو جۆرە کەسانە جێگای بڕوانین." ئەم پیاوە دزە دەیویست بەهەر شێوەیەك بێت گومان بخاتە دڵی بازرگانەوە. زوو زوو دەیگوت:"نەکەیت ئەو ئامۆژگاریەی من فەرامۆش کەیت، بڕۆ سەر هەمان چاڵ، کە کیسە لیرەکانت لێشاردونەتەوە، سەیربکە ئەگەر کیسە لیرەکان لە شوێنی خۆیان مابوون، ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە شوێنێکی دڵنیایە و ترست لێی نەبێت، ئەوکاتە ئەو هەشت سەدلیرەیەی تریشت بخەرە ناو هەمان چاڵەوە لەگەڵ لیرەکانی تردا دڵ لە دڵ مەدە و بیانشارەوە."کابرای بازرگان

سوپاسی کرد بۆ ئەو ئامۆژگاریە و پێی گوت:"وا دەچم لیرەکانی تر دێنم لە هەمان چاڵدا دەیانشارمەوە." کابرای بازرگان بە پەلە ڕۆیشت و ماڵی دزەی بەجێهێشت، کابرای دزەش بە پەلە چوو دووکیسە لیرەکەی خستەوە ناو چاڵەکەوە و سەری داپۆشینەوە و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و چاوەڕوانی ئەوە بوو کە کابرای بازرگان بچێت ئەو هەشت سەد لیرە زێڕەی تریش بخاتە ناو چاڵەکەوە. بازرگان دڵشادبوو بە سەرکەوتنی لەو فێڵ و پلانەی کە دابینابوو، کاتێك چووە سەر چاڵەکە و سەری چاڵەکەی هەڵدایەوە سەیریکرد دوو کیسە لیرەکەی تێدایە، بە پەلە کیسە لیرەکانی لە چاڵەکە دەرهێنان، بەهیچ شێوەیەك خۆی نیشانی کابرای دزە نەدا و بە پڕتاو خۆی لە شار دەربازکرد، دزەش هەر چاوەڕێ بوو کە بچێتە سەر چاڵەکە و هەموو کیسە لیرەکان لە چاڵەکە دەربێنێت.

# بەڕێز

لە وڵاتی ڕۆمی كۆندا شاژنێك دەژیا، ئەم شاژنە خاوەنی تاجێكی زۆر جوان بوو، ڕۆژێكیان شاژن چووە دەرەوە بۆ پیاسەكردن، یەكێك لەو مروارییە بەنرخانەی كە بە تاجەكەیەوە بوو كەوتبووە خوارێ و بزرببوو. هەرچی ناو باخچە و ڕێگاكانی شار هەیە بە دوای دەنكە مرواریدا گەڕان نەیاندۆزیەوە. شاژن فەرمانێكی شاهانەی دەركرد، "ئەوەی كە ئەو دەنكە مرواریبە بدۆزێتەوە، لە ماوەی سی ڕۆژدا بیگەڕێنێتەوە، لە پاداشتی ئەوە خەڵاتێكی گەورە دەكرێت. بەڵام ئەوەی ئەو دەنكە مرواریبە بدۆزێتەوە و لەلای خۆی گلی بداتەوە و لە ماوەی سی ڕۆژدا نەیگەڕێنێتەوە، ئەو كەسە لە پاداشتی ئەوەدا سەری لە لەشی جودا دەكرێتەوە."

بە ڕێکەوت ئەم هەواڵە هەر ئەو ڕۆژە بەرگوێی رابین ساموێل کەوت کە لە ئیسرائیلەوە گەیشتە بووە وڵاتی رۆم. رابین بەسەر جادەکانی رۆمدا دەڕۆیشت، لەسەر زەوی چاوی بە شتێك کەوت بریسکە دەداتەوە، ئەمیش دەستیدایە و هەڵیگرتەوە، رابین یەکسەر زانی ئەوە ئەو دەنکە مرواریەیە کە لە تاجەکەی شاژن کەوتۆتە خوارێ، پاشان دەنکە مرواریەکەی لە دەستیا شاردەوە و بەرەو کڵێسە چوو. لەوێ چاوەڕوانی کرد تا سێ ڕۆژی مۆڵەتەکە بەسەرچوو، پاشان بەرەو تەلاری شاژن بەڕێکەوت.

شاژن پێی گوت:"ئەی جولەکەی ژیر و لەخوا ترس، کەی ئەم دەنکە مرواریەت دۆزییەوە.؟:"

رابین وەڵامیدایەوە:"هەر هەمان ڕۆژ کە مرواریەکەتان لێکەوت بوو...!"

شاژن پرسیاری لە رابینکرد و گوتی:"کەواتە تۆ فەرمانی شاهانەت دەزانی و بیستبوو، بۆ ئەوانەی کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا ئەو دەنکە مرواریە نەگەڕێننەوە سەریان دەپەڕێنرێت...؟"

رابین گوتی:"گەورەم لە شار لە هەموو کەسێکم بیست."

شاژن بە تووڕەییەوە گوتی:"ئەی بۆچی لەو ماوە دیاریکراوەدا ئەو دەنکە مرواریەت نەگەڕاندەوە و فەرمانی شایانەت بەجێ نەهێناوە...؟"

رابین ساموێل وەڵامی دایەوە:"گەورەم دەمەوێت ئەوە بزانیت لەبەر ئەوە لەو ماوەیەدا، کە ئەو دەنکە مرواریەکەم نەگەڕاندەوە، بۆ ئەوەی لە

پاداشتی گەڕانەوەی دەنکە مرواریەکە ئەو خەڵاتە وەرنەگرم کە بڕیاری بەخشینیتان دابوو، لە هەمان کاتیشدا لە دەستەڵات و فەرمانی کوشتنیش نەدەترسمام کە سەرم لە لاشەم جودا بکەنەوە. بەڵام لە فەرمانی خوا دەترسام کە دەفەرمێت، ئەوەی کە براکانتان لە دەستی دەدەن و لێیان گوم دەبێت و ئێوە دەیدۆزنەوە و لای ئێوەیە، پێویستە لەسەرتان کە بیگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان."

شاژن بە شەرمەزاریەوە خۆی نوشتانەوە و گوتی:"سڵاو لە خوای ئیسرائیل بێت."

# پیاوێکی دەوڵەمەند و کوڕەکەی

پیاوێکی دەوڵەمەند کوڕێکی تەمەڵی هەبوو، ئەم کوڕە هەرگیز کاری نەدەکرد و کاتی خۆی بە شتی هیچ و پوچەوە بەسەربرد. تەنیا خۆی دەلێسایەوە و هەر خەریکی خواردن و خواردنەوە و پارە خەرجکردن و زۆربلێیی بوو. باوکیشی هەمیشە خەریکی کارکردن بوو، ئەم باوکە کە کوڕەکەی ئاوا دەبینی گەلێك خەمبار دەبوو، کابرا هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو دەیویست کوڕەکەی فێری کاربکات و لەوە تێبگات و بزانێت کە ژیان وا ئاسان نیە و بە چ ئەرك و ڕەنجێك دراوپەیدا دەکرێت. ڕۆژێکیان باوکە لە لای پیاوێکی جووتیار لە لادێیەکی دوور لە شارەوە کارێکی بۆ کوڕەکەی دۆزییەوە، لەگەڵ پیاوە جووتیارەکەدا ڕێککەوت،

کە کوڕەکەی فێری کارکردن بکات، مووچەی ساڵانەی کـارکردنی کوڕەکـە 100 لیرەبوو.

کـابرای لادێیـی کـە دەیزانـی ئـەم کـوڕە، بـەناز بـەخێوکراوە و کـوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندە، لەبەر ئەوە کاری گرانی پیێ نـەدەکرد و ڕێـزی زۆری لە کوڕەکە دەگرت، ئەم کوڕە زۆربەی جار بێکاربوو، تەنیا کاری خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگی جوان لەبەرکردن بوو.

کاتێك کە ساڵەکە تەواوبوو، کابرای جووتیار مووچـەی سـاڵانەکەی دا بە کوڕەکە و ڕەوانەی ماڵی باوکی کردەوە.

کاتێـك کوڕەکـە گەیـشتەوە ماڵـەوە 100 لیرەکـەی دا بـە بـاوکی، باوکیشی لیرەکانی لێوەرگرت و خستیە ناو پریاسکەیەکەوە، لەبـەر چـاوی کوڕەکەی پریاسکە لیرەکەی فڕێدایە نـاو ڕووبارێکـەوە، ئـەم ڕووداوە هـیچ کاری لە کوڕەکە نەکرد، تەنانەت کوڕەکە پرسیاری لە باوکیشی نەکرد کە بۆچی ئەو مووچەی ساڵانەیەی فڕێدایە ناو ئاوی ڕووبارەکەوە!.

سـاڵی داهـاتوو باوکـە جێگایـەکی تـری بـۆ کوڕەکـەی دۆزیـەوە لـە لادێیـــەکی زۆر دوور، لای پیـــاوێکی جووتیـــار. باوکـــە لەگـــەڵ ئـــەم جووتیارەشدا ڕێکەوت کە مووچەی ساڵانەی کـارکردنی کوڕەکـەی 100 لیرە بێت. ئەم پیـاوە جووتیـارەش کـە زانـی ئـەم کـوڕە، کـوڕی پیـاوێکی دەوڵەمەندی خانەدانە، لەبەر ئـەوە ئـەرکی گرانـی بـە کوڕەکـە نـەدەکرد، کوڕەکەش هەرخەریکی خواردن و خواردنەوە و جلی جوان لەبەرکردن بـوو.

کاتێك کە ساڵ تەواوبوو، کابرای جووتیار مووچەی کارکردنی ساڵانەکەی کە 100 لیرە بوو دا بە کوڕەکە و ڕەوانەی ماڵەوەی کردەوە. کاتێك کە کوڕەکە گەیشتەوە ماڵەوە 100 لیرەکەیدا بە باوکی، باوکیشی هەر وەکو ساڵی ڕابردوو، لیرەکانی خستە ناو پریاسکەیەکەوە و لەبەرچاوی کوڕەکەی فڕیدائییە ناو ئاوی ڕووبارەکەوە، کوڕەکە بەم کردارەی باوکی هیچ هەستی نەبزوا و تەنانەت پرسیاری لە باوکی نەکرد کە بۆچی ئەو مووچەی ساڵانەیە کە لەبری کارکردن وەریگرتووە، فڕێ دەداتە ناو ئەو ئاوی ڕووبارەوە..!

کاتێك کە کوڕەکە نەختێك گەورەتر و بەخۆ و بە توانابوو، باوکەکە ئەم جارە لە گوندێکی دوورتر لەلای پیاوێکی جووتیار جێگایەکی بۆ کوڕەکەی دۆزیەوە. بەڵام ئەمجارە کابرای دەوڵەمەند بە کابرای جووتیاری نەگوت، کە ئەو کوڕە، کوڕی خۆیەتی، لە بارەی مووچەی ساڵانەوە باسی هیچی لەگەڵ کابرای جووتیاردا نەکرد، تەنیا ئەوەی پێگوت، کە ئەو کوڕە بخاتە ژێر کارەوە و فێری کارکردنی بکات.

هەر لە یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی کاری کوڕەکەوە، ئەم کوڕە بەیانیان زوو دەبوایە لە خەو هەستایە و دەستی بەکاربکردایە تا دەمی ئێواران تاریك دەبوو، خواردن و خواردنەوەی ئاسایی و گوندیانە بوو، لە هەمانکاتدا جلوبەرگی کارکردنی هەمیشە لەبەردابوو. بە کورتی کاروبارو ژیانی ئەم کوڕە زۆرگران بوو، ئەم کوڕە بە ناچاری لەگەڵ ئەو ژیانەدا

ڕاهات و بە هەموو کاروبارەکاندا ڕادەگەیشت، بەو ڕۆژگارە کاری دەکرد و هەموو لەشی دەبوو بە ئارەق، بەڵام کابرای جووتیار بۆ ساتێکی کەمیش بواری ئەوەی نەدەدا کە دانیشێ و پشوویەك بدات. هەر کاتێك کە بۆ وچانێك ڕاوەستایە و پشوویەك بدات، کابرای جووتیار بە بۆڵەبۆڵ دەگەیشتە سەری و پێی دەگوت:"تۆ مرۆڤێکی کارنەکەر و تەمەڵی، دەتەوێت پارە پەیداکەیت بەبێ ئەوەی کە کاربکەیت...؟"

وردە وردە کوڕەکە بەم کارکردن و ژیانە کۆیلەمەرگیە ڕاهات. لە کۆتایدا ئەم کوڕە هێندە چالاك و کارکەربوو بوو، کابرای جووتیار، بڕوای پێدەکرد و کوڕەکەبوو بە جێگای متمانەی کابرای جووتیار. بەم جۆرە ساڵەکە تەواوبوو، جلوبەرگەکانی بەری ببوونە پەڕۆشڕ و پەلاس لەبەریدا، دەستەکانی زبر و برینداربوون.

کابرای جووتیار لە بری کاری ساڵانەی مووچەی 100 لیرەی دا بە کوڕەکە و ماڵئاواییان لەیەککرد، کاتێك کوڕەکە گەیشتەوە ماڵەوە 100 لیرەکەی دا بە باوکی، باوکە هەروەك ساڵانی ڕابردوو لیرەکانی خستە ناو پریاسکەیەکەوە و لەبەرچاوی کوڕەکەی دەستی بەرز کردەوە تاوەکو پریاسکە لیرەکە فڕێداتە ناو ئاوی ڕووبارەکەوە، بەڵام ئەمجارە کوڕەکە بەخێرایی دەستی باوکی گرت و بە باوکی گوت:"باوکە ئەو لیرانە فڕێ نەدەیتە ناو ئەو ئاوەوە."

هەڵۆیستی ئـەمجارەی کوڕەکـە خورپەیـەکی بـەدڵی باوکەکەیـدا هێنـا، باوکەکە بە کوڕەکەی گوت:"ڕۆڵە ئەوە چیە لەبەرچی فڕێیـان نەدەمـە نـاو ئەو ئاوەوە...؟ ئەگەر ئەمانەش بخەمە ناو ئەو ئاوەوە خۆ من سـەروەت و سامانم زۆرە هەمووشی هینی تۆیە، ئیتر لە چی دەترسی و بۆ خەم بۆ ئەم تۆزە لیرانە دەخۆیت...؟"

کوڕەکە وەڵامی باوکی دایـەوە:"مـن دەڵـێم فڕێیـان مـەدەرە نـاو ئـەو ئاوەوە، من ئەو لیرانەم گەرەکە و ڕەنجێکی زۆر و ئەرکێکی گـرانم داوە تـا ئەو لیرانەم پەیداکردووە، لەبەرئەوە بە بەشێك لە خۆمیان دەزانم."

باوکەکەش دەستی گەڕانە دواوە و لیرەکانی فڕێنەدا، گەلێك دڵشادبوو بەوەی کە کوڕەکەی تەواو گۆڕاوە و هەست بە بەرپرسیارێتی ژیان دەکات.

# مرواری

سەردەمی زوو ئاشەوانەكان بە دەستهاڕ گەنمیان دەهاڕی و دەیانكرد بە ئارد.

ئەم دەستهاڕە، بریتی بوو لە دوو بەردی گەورەی خڕی پان، كە دەخرانە سەر یەكتری، بەردەكەی ژێرەوە لە ناوەراستیدا كونێكی تێكرابوو دارێكی پوازی تیادا چەسپكرابوو، هەروەها بەردەكەی سەرەوەش بە هەمان شێوەی بەردەكەی ژێرەوە كونێكی لە ناوەڕاستدا تێكرابوو، ئەو كاتەی كە دوو بەرداشەكە دەخرانە سەر یەكتری، ئەو پوازەی كە لە كونی بەردەكەی ژێرەوە چەسپكرابوو، بە كونی بەردەكەی سەرەوەدا رەتدەبوو، بەو جۆرە بەردەكان لەسەر یەكتری دادەنران. لە بەشی سەرەوەی بەردەكەی سەرەوە كونێكی تركرابوو، پوازێك واتا دارێكی داتاشراوخرابووە ناو ئەو كونەوە، لە كاتی هاڕینی گەنمدا كە لە كونی پوازی هەردوو بەردئاشەكەوە

گەنم دەکرایە نێوانی دوو بەردئاشەکەوە، ئەو پوازەی سەرەوە بەدەست دەگیرا و بەردەکەی سەرەوە دەخولێنرایەوە، بەو جۆرە گەنمەکە دەکەوتە بەینی دوو بەردئاشەکەوە و دەهاڕا و دەکرا بە ئارد.

لە گوندێکدا کوڕێکی تەمەن منداڵ هەبوو، زۆر لە ژیان بێزاربوو، لەبەر ئەوە سەری خۆی هەڵگرت و بەرە و شار کەوتە ڕێ و ژیانی لادێی بەجێهێشت، پاش ماوەیەك کارێکی باشی دۆزییەوە و دراوێکی زۆری کۆکردەوە و جلوبەرگی نوێ و پێڵاوی گرانی دەپۆشی، هەروەها موستیلەیەکی لە بەردی ئەڵماس دروستکراوی زۆرگرانی کڕی و کردیە پەنجەی.

پاش ماوەیەك ئەم پیاوە مێرمنداڵە بۆ سەردان گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی و بەناو گوندەکەدا دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەو جلوبەرگ و پێڵاوەجوان و ئەو موستیلە ئەڵماسە نیشانی خەڵکی بدات و پۆز بەسەر خەڵکیدا لێدات، خەڵکی هەژاری گوندیش لە هەموو لایەکەوە دەهاتن تاکو ئەو کابرا شارنشینە ببینن، خەڵکی کەوتنە پرسیارکردن لە کوڕەکە، لەبارەی ژیان و کار و دەوڵەمەند بوونیەوە، کوڕەش کەوتە درۆ و دەلەسە و بە سەروەت و سامانیەوە، کە چۆن ئێستا خاوەنی ئەو هەموو شتە گران بەهایانەیە. لە پێش هەموو شتێکا باسی ئەو موستیلە ئەڵماسەی بۆ دەکردن کە چەندگران و بێ وێنەیە.

لەناو ئەو گوندەدا کابرایەکی پیری ئاشەوان هەبوو، لە کابرای شارنشین چووە پێشەوە و پێی گوت:"بە خولامت بم مـن کابرایـەکی بەنـدەم، بـەلام دەتوانی پێم بلێیت بەرهەمی ئەو بەردە ئەلماسەی دەستت چییە؟"

پیاوە مێرد منداڵەکە بە پرسیاری ئاشەوانە پیرەکە پێکـەنینی هـات و بەزەیی بەو کابرا بێتوانا و گوندیەدا دەهاتەوە پێی گوت"بەرهەم...! ئـەم بەردە ئەلماسە هیچ بەرهەمی نیە، نا بەرهەمی نیـە، تـەنیا ئـەوە نـەبێت کە بەردە ئەلماسێکی گران بەهایە."

کابرای ئاشەوان لەسـەرخۆ وەلامـی دایـەوە و گـوتی:"مـن دوو بـەردە ئەلماس دەزانم کە بەرهەمیان هەیە."

"ئاوها..!" پیاوە مێرمنداڵەکە بە ئاشـەوانی گـوت. "دەتـوانی بیـان بینم پیرە...؟"

کابرای ئاشەوان:"بەلێ: با هەر ئێستا بڕۆین پیشاندەم، ئەو دوو بـەردە لە ناو ئەم گوندەدان، ئەو دوو بەردە زۆر گەورەن و گـەلێك بـەنرختر لـەو بەردە ئەلماسەی کە تۆ خاوەنیت."

پیاوە مێردمنداڵەکە پرسیاری لە ئاشـەوانەکە کـرد."ئـەو بەردانـە بـۆ فرۆشتنە..؟"

لە کۆتایدا کوڕەکە لەگەڵ ئاشەوانەکەدا رۆیشتن بۆ ماڵی ئاشـەوانەکە. کە گەیشتنە ماڵەوە ئاشەوانەکە هێمای بـۆ دوو بەردئاشـی دەسـتهاڕەکان کرد و بە کوڕە شاری گوت:"ئـەو دوو بـەردە دەبینیـت...؟ ئەوانـە بـەردە

ئەڵماسەکانی منن، ئەوانە گەلێك لەوەی تۆ بەنرختر و گەورەترن، هەموو ڕۆژێك بەم بەردانە گەنم بۆ خۆم و بۆ خەڵکانی تریش لەم گوندانەدا دەهاڕم، ئایا بەردە ئەڵماسەی پەنجەی تۆ ئەو کارەی پێدەکرێت...؟"

# بەدوای ئاشتیدا بگەڕێن

# مرۆڤە بێنرخەکان

ئەلێکسەندەر لە یەکێك لە هێرشە داگیرکردنەکانیدا ڕێگای کەوتە ناو وڵاتێکەوە و بە تەواوی ژیان و یەکسانی و دادپەروەری ئەو وڵاتـە نـارامی کرد.

خەڵکانی ئەم وڵاتە هەرگیز نەجەنگیان کردبوو نەکەوتبوونە بەر هێرش و داگیرکردن. ئەلێکسەندەر یەکسەر بەرەو بارەگای پاشای ئەو وڵاتە ملـی نا، هەر کە گەیشتە بەر تەلاری پاشای ئـەو وڵاتـە، پێـشوازیەکی گـەرم و ڕێزێکی زۆری میوانداریێتی لێکرا و هەنجیر و خورما و نانی زێڕین واتا لـە زێڕ دروستکراویان لەسەر سینی زێڕ لەبەردەمدا دانا.

ئەلێکسەندەر کە چاوی بەمە کەوت پرسیاری لە پاشا کرد و گوتی:"ئێوە لەم وڵاتە زێڕ دەخۆن..؟"

پاشای وڵات وەڵامی دایەوە:"نا، ئەم زێڕە بۆ تۆیە، وا دەزانم هێندەم زێڕ داویتێ کە لە وڵاتی خۆت بەشی خواردنت بکات، لەبەر ئەوە من وا هەستدەکەم کە بەڕێزتان سەردانی ئێرەتان بۆ خواردنێکی ئاسایی نەکردووە، وای بۆ چووم کە دەبێت خواردنی بەڕێزتان زێڕبێت. بەڵێ زێڕ هەمیشە مەبەست و خواستە بۆ داگیرکار."

ئەلێکسەندەر گوتی:"نا" من بۆ زێڕ نەهاتووم، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووم کە سوود لە ئەزموونی ئێوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی دادپەروەریتان وەرگرم و فێربم."

پاشا وەڵامی دایەوە و گوتی:"شادمانم بە هاتنتان، بەڕێزتان دەتوانن خۆتان مافی یەکسانی و ویژدان لەم وڵاتەدا ببینن، ئێستا دوو پیاو دێن بۆ ئێرە، ئەم دوو پیاوە هەردووکیان چاوەڕێی دادگا دەکەن کە بڕیاریان لەسەر بدات."

پیاوی یەکەم کە هانای بۆ دادگا هێنابوو هات و گوتی:"پاشای خۆشەویست، من پارچەیەك زەویم لەو پیاوە کڕیوە، کاتێك کە دەستم کرد بە کێڵانی زەویەکە، کوپەیەك زێڕم تێدا دۆزییەوە، بەڵام من زەویم کڕیوە هیچ کاتێکیش بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە ئەو زەویە کوپەیەك لیرەی زێڕی

تێدا شاردرابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی یەکەم ناخوازێت ئەو کوڕە لیرە زێڕە بەرێت بۆ خۆی."

پیاوی دووهەم گوتی:"بەڕێز منیش هێندەی ئەو کابرایە لە چاکەو خراپەدا بە ویژدانم، من ئەو پارچە زەویەم بەم پیاوە فرۆشتووە بەهەموو ئەو شتانەوە کە لە زەویەکەدا هەبوون، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو کوپە زێڕەش لە زەویەکەدا فرۆشراوە و ئێستاماڵی ئەو پیاوەیە."

پاشا نەختێك بیری کردەوە و بە پیاوی دووهەمی گوت:"ئەوەی من بزانم تۆ کوڕێکی تەمەن بیست ساڵت هەیە، وانیە..؟"

کابرا وەڵامی دایەوە، "با"

پاشا درێژەی بە وتەکانی داو گوتی:"هەروەها تۆ پێت گوتم، ئەو پیاوەی کە زەویەکەت پێفرۆشتووە، ئەویش کچێکی نزیکەی شازدە ساڵانی هەیە وایە...؟ لەبەر ئەوە دادگامان بڕیاریدا کە کوڕەکەت کچی ئەو پیاوە بخوازێت و بیهێنێت، ئەو کوپە لیرەیەش بۆ ئەو زاوا و بوکە لاوە بکەن بە دیاری و پۆیلانە، لە کاتی ئاهەنگی مارەکردنیاندا."

ئەلێکسەندەر کە چاوی بەم دادگا دادپەروەریە کەوت، سەری سووڕما و دەلەرزی و گوتی:"بەڕاستی دادگا و دادوەریەکی بێوێنە بوو، ئەگەر ئەمە لە وڵاتی ئێمە ڕوویبدایە، هەرگیز ئاوا نەدەبوو بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر کێشەکەمان دەبڕاندەوە."

پاشا بە ئەلێکسەندەری گوت:"دادوەریەکەی منت بەلاوە مرۆڤپەروەرانە بوو..؟ دەمەوێت بزانم ئێوە لە وڵاتی خۆتان ئەو کێشەیەتان چۆن چارەسەر دەکرد...؟"

ئەلێکسەندەر وەڵامی دایەوە گوتی:"لەڕاستیدا من بومایە هەردوو پیاوەکەم زیندانی دەکرد و خۆشم دەستم دەگرت بەسەر کوپە لیرە زێڕەکەدا بۆ ئەوەی کە هێزێکی سەربازی مەزنی پێ دامەزرێنم، کە بتوانمبەو سوپایە شوێنان و وڵاتانی پێداگیرکەم."

پاشا بە وتەکانی ئەلێکسەندەری سەر لەشکری داگیرکار نەختێك بە تاسەوەچوو و بە مۆنیەکەوە سەیرێکی کرد و پرسیاری لێکرد و گوتی:"لە وڵاتی ئێوە خۆر هەڵدێت...؟"

ئەلێکسەندەر وەڵامی دایەوە"پرسیارێکی سەیرە.! بەڵێ بە دڵنیاییەوە خۆر هەڵدێت."

پاشا پرسیارێکی تری لێکرد"ئایا لە وڵاتی ئێوە باران دەبارێت..؟"

ئەلێکسەندەر بەم پرسیارانە تەواوگرژبوو، "بەڵێ دەبارێت.! لەبەر ئەوە باران پێویستە کە ئاژەڵیماڵی و ئاژەڵانی تریش، کە گیا خۆرن و پێویستیان بە گیاو نەش و نماکردنی ڕووەکە، پێویستە ئەو ئاژەڵانە بەردەوامی بە ژیان بدەن و بژین، من بۆ خۆم گەلێك لەو ئاژەڵ و ڕەشە وڵاخانەم هەیە لە وڵاتی خۆم."

پاشا وەڵامی دایەوە و بە توانجێکەوە بە ئەلێسکەندەری گوت:"هەر وەکو خۆت وەڵامت دایەوە و ڕوونتکردەوە و بەو شێوەیە دەستی ڕێزت خستەسەر هاوڵاتیانت، دەبێت هەر واش بێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئاژەڵانە پێویستیان بە خواردن و ژیانە، هەر ئەوەشە کە ڕێگا بە هەڵهاتنی خۆریش ناگیرێت و هەر لەبەر ئەوەیە لە وڵاتێك کە تۆی لێدەژیت بارانیش دەبێت ببارێت. ئەو مرۆڤانەی کە تۆ بەو شێوەیە دەیان نرخێنێت و پەسنیان دەکەیت، لەڕاستیدا ئەو مرۆڤانە ڕێز لەو دەسەڵات و بیر و بۆچوونەت ناگرن."

# وتەکان هەڵبژێره

جارێکیـان پاشـایەك راسـپاردەیەکی نـارد بـۆ یـەکێك لـە پاشـاکانی وڵاتێکی هاوسنووری، هەڵگری راسپاردە درەنگێك گەیشتەجێ، ئەم پیاوە پاش ئەوەی بە سـواری ئەسـپ ئـەو رێگـا دوور و درێـژەی بـڕی بـوو، زۆر ماندووبوو، بەوشێوەیە خۆی گەیاندە کۆشك و تـەلاری ئـەو پاشـایەی کـە راسپاردەکەی بۆ دەبـرد. کـە گەیـشتە لای پاشـا، داخـوازی و راسـپاردەی پاشاکەی خۆی بە پاشای ئـەم شـارە راگەیانـد و گـوتی:"پـەیامی پاشـای سەروەرم ئەوەیە بـۆ بـەڕێزتان، کـە ئەسـپێکی شـینی... کلـك ڕەشـی بـۆ رەوانە بکەیت... ئەگەر نە..."

پاشا یەکسەر پەیڤەکەی بە کابرای راسپێردراو بڕی و گوتی:"نامەوێت گوێم لە وتـەی بێـشەرمانە بێـت." پاشـا بـەم جـۆرە وەڵامـی راسـپاردەی پاشاکەی تری دایەوە. بە کابرای راسپێردراوی گـوت:"کـە چـوویتەوە ئـەم

ڕاسپاردەیە بە پاشات ڕاگەیەنە، من ئەو جۆرە ئەسپەم لا دەست ناکەوێت پەسنی دەکات و دەیخوازێت، ئەگینا...!" کابرای ڕاسپێردراو لەم وتانە سەرسام بوو، بەبێ ڕاوەستان خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و دایە غار و چوارناڵە، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پاشایە بە پاشاکەی خۆی ڕاگەیەنێت، کاتێك کە پاشا وەڵامی پاشای دراوسێکەی وەرگرت، زۆر تووڕەبوو، بەبێ یەك و دوو پەیامی جەنگی بەرامبەر ئەو پاشا و وڵاتە دراوسێیە ڕاگەیاند، چەند مانگێکی دوور و درێژی خایاند، خوێنێکی زۆر لە نێوان خەڵکانی ئەم دوو وڵاتەدا ڕژا، بە هێرشکردنە سەر یەکتری زۆربەی ناوچەکانی هەردوو وڵات بوون بە کەلاوە و ئاسەواری ژیانیان تیا نەما، هەر وڵاتە دراوێکی زۆری بۆ خەرجی ئەم جەنگە تەرخانکرد و پیایدا ڕانەدەگەیشتن، لە ئەنجامدا هەژاری و دەربەدەری تەنگی بە هەردوو وڵات هەڵچنی، هیچ کام لەم وڵاتانە نەیدەتوانی خەرجی ئەو جەنگە دابین بکات، لە کۆتایدا هەر دوو پاشاکە و سوپاکانیشیان بە تەواوی شەکەتبوون، دراویش نەما، بە ناچاری هەردوو لایان پێکهاتن و ئاگربەست و هێرشی ڕاگەیاندنیان ڕاگەیاند.

کاتێك ئەو دوو پاشا شەڕکەرە لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ یەك دانیشتن، پاشای دووهەم بە پاشای یەکەمی گوت: مەبەست لەو راسپاردەیەت چی بوو کە بۆت ناردبووم، کە گوتبووت:"ئەسپێکی شینی کلك ڕەشت بۆ بنێرم، ئەگەر نە....؟"

پاشای یەکەم وەڵامی دایەوە گوتی:"مەبەستەکەم ڕوون و ئاسان بوو، کە گوتبووم ئەسپێکی شینی کلك ڕەشم بۆ بنێرە، ئەگەر نە.. بوو ئەسپێکی تر."

پاشای یەکەم ڕووی کردە پاشای دووهەم،"بەڵام ئەی تۆ مەبەست لە وەڵامی ڕاسپاردەکەی من چی بوو، کە گوتبووت" ئەگەر ئەسپێکی لەو جۆرەت هەبوایە کە من داوام کردووە و پەسنم کرد بوو، ئەگینا...!"

پاشای دووهەم وەڵامی پاشای یەکەمی دایەوە گوتی: وەڵامەکەم سوك و هاسان بوو، ئەو ئەسپەی کە تۆ داخوازیت کردبوو، نەمبوو، ئەگینا بە دیاری بۆ پاشای هاوڕێ و خۆشەویشتی هاوسێمم دەنارد."

هەردوو پاشاکە بە یەکتریان گوت:"ئەی هاوار چ کارێکی نابەجێ و شێتانەمان کرد، کە جەنگێکی واماڵوێرانکارانەمان بەرامبەر یەکتری بەرپاکرد...؟ با هەر ئێستا پەیمانی ئاشتی نێوان خۆمان و هەردوو وڵات ڕاگەیەنین و پەنجەمۆری بکەین...!" بەپەلە ئەم کارەیان جێبەجێکرد. هیچکام لەم دوو پاشا نەگریسە هەرگیز چاوەڕوانی ڕووداوێکی وا چاوەڕوان نەکراونەبوون. هەریەکێکیان ئەم ڕووداوەیان لە پەڕاوی شایانەدا نووسی، بۆ ئەوەی کە نەوەکانی داهاتوویان ئەم ڕووداوە بکەن بە پەند، بۆ ئەوەی بە بیرکردنەوەی بەجێ و ژیرانە مامەڵە لەتەك ڕووداو و تێگەیشتن و وتەدا بکەن.

# پیاو ناتوانێت دڵی هەموو کەس ڕاگرێت

باوکێك و کوڕەکەی و لەگەڵ کەرەکـەیان ڕێگایـان گرتەبـەر، باوکەکـە سواری کەرەکە بوو کوڕەکەش لە تەنیشتیانەوە شان بەشان دەڕۆیشت، لـە ڕێگا بە پیاوێك گەیشتن، پیاوەکە بە باوکی کوڕەکەی گوت:"ئـەرێ کـابرا شـەرم ناکـەیت و هـیچ هەسـتت نابزوێـت بەرامبـەر بـەو کـوڕە، وا خـۆت سواری کەرەکە بوویت و ئەویش کوتەکوت بە دواتانا...؟"

باوکە لە پشتی کەرەکە دابەزی و کوڕەکەی سواری کەرەکە کرد. پـاش ماوەیەك ڕۆیشتن لە ڕێگا تووشیان بـوو بـە تـووش پیـاوێکی تـرەوە، ئـەم پیاوە ڕوویکردە کوڕەکە بە تووڕەییەوە پێیگوت:"ئەرێ تۆ شەرم ناکەیت و بەزەیت بەو باوکە پیرەتا نایەتەوە، خۆت سواری پـشتی کەرەکـە بوویـت و لێی دەخوڕیت و باوکت بەو پیرییە خشەخش بە دواتەوە..؟"

هەر لەم پیاوە ڕزگاربوون، باوکەکەش خۆی هەڵدایە سەر پشتی کەرەکە، باوك و کوڕە بە جووتە بە هەچە، هەچە کەرەکەیان گاڵدەکرد و لێدەخوڕی. لە ڕێگا تووشیان بوو بە تووش کابرایەکی ترەوە، کابرا کە چاوی بەو باوك و کوڕە کەوت بە جووتە بەسەر پشتی ئەو کەرەوەن دەستیکرد بە جنێودان و گوتی:"هەی لە ئاژەڵ ئاژەڵترینە، ئەوە ئێوە وێژدانتان نیە، مێشکتان نیە بۆ وا لەو گوێدرێژە بەستەزمانە دەکەن، بۆچی ئاوا ئازاری دەدەن و بەجووتە سواری پشتی ئەو بەستەزمانە بوون..؟"

پاش ئەوەی لەو کابرایەش ڕەت بوون، باوك و کوڕە بەجووتە لەسەر پشتی گوێدرێژەکە هاتنە خوارەوە و شان بەشانی گوێدرێژەکە کەوتنە ڕێگا پێوان، لە ڕێگا بە پیاوێکی تر گەیشتن و سەیرێکی باوك و کوڕ و کەرەکەی کرد و گوتی:"سێ کەر شانبەشانی یەکتری دەڕۆن هیچکام لەم سێ کەرە سواری پشتی ئەوی تریان نابێت و لێی خوڕێت...!"

پاش ئەوەی کە پیاوەکە لە چاویان ونبوو، باوك و کوڕەکە سەیرێکی یەکتریان کرد و نەیان دەزانی کە چی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن دڵی ئەم هەموو خەڵکە ڕاگرن، لە ئەنجامدا بە جووتە کەرەکەیان دا بەکۆڵیاندا و ڕێگایان گرتەبەر.

# خەوی زێڕینگەر

جارێکیان کوڕێکی لاوچوو بۆ دووکانی زێڕینگەرێکی ناسیاوی و پێیگوت"من دەمەوێت لە دوارۆژدا ببمە زێڕینگەر، ئێستاش هاتووم کە بە شاگرد لای تۆ کاربکەم ئەگەر دەخوازیت."

کابرای زێڕینگەر پرسیاری لە کوڕەکە کرد:"کاتێك کە دەخەویت خەو بەچیەوە دەبینی..؟"

کوڕەکە وەڵامی دایەوە:"خەو بە دراوی زۆرەوە دەبینم."

زێڕینگەر گوتی:"ئەمڕۆکاتی ئەوە نیە کە لە لای من کار بکەیت بڕۆجارێکی تر وەرەوە."

کوڕە لاوەکە بۆ بەیانی هاتەوە بۆ لای زێڕینگەر و داوای ئەوەی لێکرد کە ببێتە شاگرد و پیشەکە فێربێت. کابرای زێڕینگەر دووبارە

پرسیارەکەی دوێنێی لە کوڕەکە کردووە:"کاتێك کە دەخەویت خەو بەچیەوە دەبینی...؟"

کوڕەکە وەڵامی دایەوە:"ئەمشەو خەوم بینی، لە خەوما خاوەنی کاسەیەکی پڕ لە دراوبووم."

پیاوە زێڕینگەرەکە پێیگوت:"بڕۆ ئەمڕۆکاتی ئەوە نیە کە لە لای من کار بکەیت، جارێکی تر وەرەوە."

بۆ بەیانی کوڕەکە گەڕایەوە بۆ لای زێڕینگەرەکە، داوای لێکردەوە کە دەیەوێت ببێتە شاگرد و کاربکات.

کابرای زێڕێنگەر هەر ئەو پرسیارەی بە درێژایی ئەو چەند ڕۆژە، لە کوڕەکە دووبارە دەکردەوە، هەموو جارێکیش کە وەڵامی کوڕەکەی وەردەگرت، بە کوڕەکەی دەگوت:"بەیانی یان جارێکی تر وەرەوە."

ڕۆژێکیان کوڕەکە گەڕایەوە بۆ لای زێڕینگەرەکە و هەمان داخوازی کرد، پێش ئەوەی کە کابرای زێڕینگەر پرسیاری ئەوەی لێبکات کە خەوی بە چیەوە بینیوە، کوڕەکە بە زێڕینگەرەکەی گوت:"ئەمشەو لە خەوما بە دڵخۆشیەوە لەسەر کورسیەکی زێرینگەری دانیشتبووم و چاوەکانم بە شووشەیەکی گەورەکردنەوە نووساندبوو، هەموو ڕۆژەکە لە کارخانەیەکدا کارم دەکرد، بە دروستکردن و چاککردنی کاتژمێرەوە خەریك بووم، لە خەوەکەمدا وام لێهاتبوو هەموو گیانم ببوو بە ئارەق و بە ناوچەواندا ئارەق دەتکایە خوارەوە، بەڵام بەدەم کارەکەوە ئارەقی لەشم وشك

دەبووەوە، بەو کارە پەنجەکان و چاوەکانم بە تەواوی ماندوو ببوون، کاتێـك ئێوارە داهات، کە سەیرم کرد ئەو کاتژمێرەی کە بـەو ڕۆژگـارە خـەریکی چاککردنی بووم بە دەستمەوە بوو، تابلێی کاتژمێرێکی ئاسایی و هـەرزان بوو، لە ناکاوێکدا کاتژمێر بوو بە کاتژمێرێکی زێـر. "کـابرای زێڕینگـەر یەکسەر وتەکەی لـە دەمـی کـوڕە لاوەکـە وەرگـرت و گـوتی:"زۆر باشـە کوڕم، پیاوی زێڕینگەر پێویستی بەو جۆرە خەوبینینانە هەیە، ئەو شـتەی کە تۆ دەیخوازیت و کاری بۆ دەکەیت، لە ئەنجامـدا دەبێتـە زێـڕ، هـەوڵ و تێکۆشانیش ئەو جۆرە خەوانەن."

هەر ئەو ڕۆژە، پیـاوە زێڕینگەرەکـە دانـی بـەوەدانا و ڕوونیکـردەوە و گوتی:"ئەو کوڕە لاوە ئێستا پێگەیشتووە و کاتی ئەوەی هاتووە کە خـۆی فێربکات و ببێت بە زێڕینگەرێکی کارامە."

# شازادە و رابین

(رابین جوچوا بێن چانانجا) پیاوێکی بە توانا و تێگەیشتو و رێزداربوو، تەنانەت لای (قەیسەری تراجانوس)یش، بەلاّم بەداخەوە رابین پیاوێکی زۆر ناشیرینی سەروفەسالّ گران بوو، زۆرجار ڕوویدەدا کە منداڵان لە سەروچاوی دەترسان.

جارێکیان رابین لە کۆشکی قەیسەر میوان بوو، یەکێك لە کچە شازادەکان گالّتەی بە ناشیرینی رابین دەکرد، بە ڕابینی گوت: "شتێکی سەیرە، ئەو مێشکە بەتوانا و زیرەکە، لە پشتی ئەو دەموچاوە ناشیرینەوەیە...؟"

رابین هیچ خۆی تێکنەدا و بە کچە شازادەی گوت:"دەتوانی پێم بلّێیت باوکت لەکام شوێندا باشترین شەرابی بۆ دەگیرێتەوە...؟"

کچە شازادە وەڵامی رابینی دایەوە"بێگومان لە کوپەی گڵدا، هەموو شەرابێك لە کوپەی گڵدا دەگیرێتەوە."

رابین بە شێوەیەکی سەرسامانەوە بە کچە شازادەی گوت:"هەموو شەرابێك...؟! ڕاستە شەرابی خەڵکانی ئاسایی لە کوپەی گڵدا دەگیرێتەوە، بەلاّم شەرابی قەیسەر لە شوێنی تایبەت و گرانبەهادا دەگیرێتەوە."

کچە شازادە بڕوای بەو وتانەی رابین کرد، وایدەزانی کە رابین ڕاست دەبێژێت و ڕاست دەکات. کچە شازادە فەرمانی دەرکرد کە کۆمەڵێك کوپەی زۆر لەو کوپانەی کە شەرابیان بۆ قەیسەر تیا گیرابووەوە بەتاڵیان کەن و شەرابەکەی ناویان بکەنە ناو کوپەی زێڕ و زیوەوە. کاتێك کە دەست و پێوەند فەرمانی کچە شازادەیان بەجێهێنا، پاش چەند ڕۆژێك کچە شازادە سەری سوڕما، کاتێك کە دەست و پێوەند پێیان راگەیاند کە شەرابەکانی ناو کوپە زێڕ و زیوەکان ترشاون و بۆگەنیان کردووە و ناخورێنەوە.

بۆ جارێکی تر کچە شازادە چاوی بە رابین کەوتەوە و بە تەوسێکەوە بە رابینی گوت:"ئای کە ئامۆژگاریەکی باشت کردم...! لەڕاستیدا ئەوەی کە پێت گوتم کوت و مت وادەرچوو...! دەزانیت ئەو هەموو شەرابە نایاب و نرخ گرانانە هەمووی لە کەڵککەوتن و ترشان و نەدەخورانەوە..؟"

رابین وەڵامی دایەوە گوتی:"ئەوە بەسە بۆ ئەوەی بزانیت کە شەراب لە کوپەی ئاسایدا خۆی رادەگرێ و دەگات، دەربارەی ژیریەتی و دانایش هەروایە."

کچە شازادە بەرپەرچی رابینی دایەوە و گوتی:"من زۆر مرۆڤ دەناسم کە زانا و جوانیشن، واتا هەردووکیانن."

رابین وەڵامی دایەوە گوتی:"دەبێت وابێت، بەڵام ئەو مرۆڤانەی کە تۆ دەیڵێیت و پێناسەیان دەکەیت، زانا و ژیرتریش دەبوون ئەگەر بێت و جوان نەبوونایە و ناشیرین بوونایە."

# شازادە بوو بە كەڵەشێر

لە سەردەمێكی دێریندا، شازادەی وڵاتێكی گەورە و بەهێز شێتگیربوو، ئەم شازادەیە بڕوای بەوە نەبوو كە مرۆڤە، بەڵكو وایدەزانی كە باڵندەیەكە و پتر كەڵەشێرە. ئەم شازادەیە جلوبەرگی لەبەر نەدەكرد و جێگای دانیشتنی ژێر مێزێك بوو، خواردنی تەنیا دانەوێڵە و گەنمەشامی بوو، لاسایی كەڵەشێری دەكردەوە و دەیخوێند.

پاشای باوكی ناردی بەدوای زۆربەی دكتۆرانی دنیادا بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشییەی كوڕەكەی چارەسەربكەن، بەڵام هیچ كام لەم دكتۆرانە چارەیان بۆ نەكرا.

پاش ئەو هەموو گەڕانە بەدوای پزیشكاندا، لە كۆتایدا پیاوێكی زیرەكی زانا لە وڵاتی (تالمود) وە هات بۆ لای پاشا، ئەم پیاوە بە پاشای گوت، "دەتوانم نەخۆشی شازادە چارەسەربكەم."

پاشا فەرمانیدا هەموو پێویستیەك بۆ ئەم پیاوە زانایە ئامادەبکرێت بۆ چارەسەرکردنی کوڕەکەی، پاش ئەم رێکەوتنە پیاوەکە جلوبەرگەکانی لەبەر خۆی داکەند، چووە ژێر ئەو مێزەی کە شازادە، لەژێریا دانیشتبوو و جێگای ژیانی بوو، ئەم پیاوە زانایە کە سەیری شازادەی کرد هەروەك شێتێك لاسایی کەڵەشێر دەکاتەوە و گەنمەشامی رژاوی ژێر مێزەکەی وەك کەڵەشێر ئاسای دەچنیەوە و دەخوارد. لەسەرەتاوە شازادە رێگای بە کابرا نەدا کە لەو ژێرمێزەدا لەتەکیدا بێت، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم وازی لە کابرا هێنا.

"تۆ کێیت؟"

کابرای زانا وەڵامی دایەوە"ئەی تۆ کێیت؟"

شازادە وەڵامیدایەوە. "چی دەکەی لێرە؟"

کابرای زانا:"ئەی تۆ چی دەکەیت لێرە؟"

شازادە:"سەیرکە من کەڵەشێرم و گەنم دەخۆم"

زانا:"منیش کەڵەشێرم گەنم دەخۆم"

بۆ ماوەی چەند رۆژێك زاناو شازادە پێکەوە لەژێر مێزەکەدا مانەوە، تا بەتەواوی هۆگری یەکتربوون، ئەو کاتەی کابرای زانا کە زانی شازادە تەواو هۆگری هاورێییەتی بووە و بەتەواوی پەیوەندییان خۆشە. داوای لە کاربەدەستانی کۆشکی پاشاکرد کە دوو کراسی بۆ بهێنن، کاتێك کە

کراسەکانیان هێنا، پیاوە زاناکە ڕوویکردە شازادە و گوتی:"لەوانەیە ئەم کراسە لەگەڵ کەڵەشێردا نەگونجێت کە بیکاتە بەری؟"

شازادە وەڵامی دایەوە:"بەتەواوی نازانم."

کابرای زانا پرسیاری لە شازادە کرد:"ئەرێ من کەڵەشێرم؟"

شازادە وەڵامی دایەوە: "بێگومان تۆ کەڵەشێری."

کابرای زانا بە شازادەی گوت:"وایە وایە، ئێمە هەردووکمان کەڵەشێرین، من کەڵەشێرم و ئەو کراسە لەبەردەکەم تۆش دەتوانی ئەو کراسەی تر لەبەرکەیت؟"

شازادە لە سەرەتاوە لالوت بوو، پاشان کراسەکەی لەبەرکرد.

چەند ڕۆژێك دوای ئەوە پیاوە زاناکە داوای دوو شەرواڵی کرد، پاش ئەوەی شەرواڵەکانیان بۆ هێنا شەرواڵێکیانی لە پێکرد و ڕوویکردە شازادە و پێی گوت:"هەر چەندە بەم شەرواڵەوە لەوانەیە کە کەمتر لە کەڵەشێرێك بچم، بەڵام پێش ئەوەی کە بە هەر شتێکی تر بچم بە کەڵەشێردەچم."

شازادەش رای لەگەڵ رای کابرای زانادا بوو، ئەگەرچی هاوڕێکەی شەرواڵی لە پێدایە، بەڵام هەر کەڵەشێرە و لە کەڵەشێر کەمترنیە.

سات دوای سات، ڕۆژ دوای ڕۆژ، ئەم زانایە کارێکی وایکرد کە وردە وردە ئەو شازادە نەخۆشە والێبکات کە کراس و شەرواڵ و گۆرەوی و پێڵاو و ئەو جلوبەرگانە هەموویان بکاتەوە بەبەری شازادەدا.

رۆژێك ئەو پیاوە پیرە زانایە داوای لە کاربەدەستانی کۆشکی پاشا کرد کە خواردنیان بۆ بهێنن، کاتێك کە خواردنەکەیان بۆ هێنان، پیرەی زانا دەستیکرد بە خواردن و روویکردە شازادە و گوتی:"ئایا ئێستا من هیچ شتێکم لە کەڵەشێر کەمترە کە خواردنی مرۆڤ دەخۆم؟"

شازادە هێندە گوێی نەدایە و ئەویش گوتی:"منیش با تۆزێك خواردنی مرۆڤ بخۆم."

چەند رۆژێك پاش ئەمە، زاناکە بە شازادەی گوت:"لەو بڕوایەدای کە دەبێت هەمیشە کەڵەشێر شوێنی ژێر مێزبێت؟ بێگومان نا کەڵەشێریش دەگەڕێن و دەخولێنەوە چۆنیان بوێت، سەیری من بکە" کابرای زانا خۆی وەچەرخان و هەستایە سەرپێ، بە ناو ژوورەکەدا دەستی بە گەڕان کرد، چووە بەردەمی پەنجەرەکە و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد، شازادەش بەدوای کابرای زانا کەوت و لاسایی دەکردەوە، شازادە بە ناو ژوورەکەدا هاتوو چۆی دەکرد، لە هەموو ڕوویەکەوە مرۆڤێکی ئاسایی بوو.

# مامۆستا

لەسەردەمێکی زوودا پیاوێك هەبوو زۆر ئارەزووی لەوەبوو کە (تەورات) بخوێنێت، ئەم پیاوە دووکانێکی دەستگێڕی هەبوو، هاوسەرەکەی زۆر یارمەتی پیاوەکەی دەدا لە بەڕێوەبردنی دووکانەکە و هەڵسووڕانیدا، بەڵام دەستکەوتی ئەم دووکانە کە هێندە نەبوو ئەو پیاوە کە بتوانێت ماڵومنداڵی پێبەڕێوەبەرێت و بژێوی ژیانیان مەیسەرکات، لەبەرئەوە ئەم پیاوە وازی لە دووکانەکە هێنا و بڕیاریدا کە ئەو شارە بەجێبهێڵێ و ڕووبکاتە شارێکی تر بۆ کارکردن. ئەم پیاوە سەری خۆی هەڵگرت و چوو بۆ شارێکی زۆر دوور، لەوێ بوو بە مامۆستای فێرگە و زمانی (ئیبری) دەگوتەوە.

پاش تەواوبوونی ساڵی خوێندن، مووچەی ساڵانەکەی وەرگرت کە 100 لیرەی زێڕبوو. مامۆستا دەیویست کە ئەو دراوانە بۆ هاوسەرە

خۆشەویستەکەی و زارۆکەکانی بنێرێتەوە. بەڵام ئەو سەردەمە نە بیرۆی پۆست و نە هاتوچۆی پۆست لە نێوانی شار و وڵاتاندا هەبووە، ئەو کەسەی کە دەیویست کارێکی ئاوا بکات پێویست بوو کەسێك بدۆزێتەوە کە ڕێگای دەکەوتە ئەو شار و وڵاتەی کە دەبوایە نامەکە یان کەلوپەل و دراوەکە بنێردرایە، بێگومان ئەو کەسەی کە شتێکی بناردایە بە یەکێکی تردا، ئەو دەمە دەبوایە لەبری ئەو گەیاندنە باییەکەی بدات.

وا ڕێککەوت کابرایەکی بازرگان پەیدابوو، ڕێگای کەوتە ئەو شار و ناوچەیەی کە مامۆستای لێبوو. مامۆستا پرسیاری لە کابرای بازرگان کرد گوتی:"بەڕێزتان بەرەو کوێ دەچن؟"

کابرای بازرگان وەڵامی دایەوە گوتی:"بەرەو ئەو شارە ئەو شارە دەچم." یەکێك لەو شارانەی کە کابرای بازرگان ناوی برد، ئەو شارە بوو کە هاوسەر و منداڵەکانی مامۆستای لێدەژیان، لەبەرئەوە مامۆستا داوای لە کابرای بازرگان کرد کە ئەو 100لیرە زێڕەی لەگەڵ خۆیدا بۆ بەرێت و بیداتە دەست هاوسەرەکەی، لەسەرەتاوە کابرای بازرگان گوتی:"ناتوانم ئەو کارە بکەم،" بەڵام مامۆستا گەلێکی لەبەر پاڕایەوە و گوتی:"کاکی بازرگانی بەڕێز، هاوسەرەکەم ئافرەتێکی هەژار و کەم دەستە و هیچ سەرچاوەیەکی تریشی نیە کە زارۆکەکانی پێ بەخێو بکات، ئەگەر تۆ ئەم 100 لیرەیە لەگەڵ خۆت بەریت، ئەوەی کە خۆت دەیخوازیت بیدە بە هاوسەرەکەم."

کابرای بازرگانی پیسکە چووە ژێر ئەم بارەوە، ئەوەی بەهەلزانی کە دراوێکی باشەو دەستی مامۆستای چاك بڕیوە، کابرای بازرگان گوتی:"من ئەو 100 لیرە زێڕە دەبەم لەگەڵ خۆما، بەمەرجێك کە لە نامەکەدا بۆ هاوسەرەکەتی بنووسی و پێی ڕاگەیەنیت، ئەو هێندە لیرە وەرگرێت کە من دەمخوازم، لەو 100 لیرە زێڕە. "مامۆستای بەستەزمان هیچ چارێکی تری نەبوو و بەو مەرجە لەگەڵ کابرای بازرگاندا ڕێککەوت و نامەی بۆ هاوژینەکەی نووسی.

لە نامەکەدا نووسی"ئەوا 100 لیرەی زێڕم بۆ ڕەوانە کردیت، بەڵام بەو مەرجەی کە کابرای بازرگان خۆی چەند دەخوازێت لەو لیرە زێڕانە، ئەوەندە لیرە بە تۆ بدات."

کاتێك کە بازرگان گەیشتە شاری خێزانی مامۆستا، بەرەو ماڵەکەیان چوو و هاوسەری مامۆستای دۆزییەوە، پێش هەموو شتێك نامەکەی دەرهێنا و بە ژنەکەی گوت:"پێشان ئەو نامەیە بخوێنەوە، ئائەمەش لیرە زێڕەکانە لەناو ئەم تورەکەیەی دەستمدایە، لەڕاستیدا من و مێردەکەت لەسەر ئەوە ڕێککەوتوین، من هێندە لیرەی زێڕت بدەمێ کە دەمخوازم، من تەنیا 99 لیرە دەخوازم و لیرەیەکیشیان دەمێنێتەوە ماڵی تۆیە."

ژنە داماوەکە لەبەر کابرای بازرگان دەپاڕایەوە کە دەبێت بەزەیی پیایاندا بێتەوە و بەخشندە بێت، بەڵام کابرا ساردوسڕ و ڕەق وەکو بەرد، نەیدەویست گوێی لەو پاڕانەوە و لالانەوەی ژنە داماوە بێت، لە کۆتاییدا

کـابرا بـەدەم پاڕانـەوەی ژنەکـەوە چـوو و بەخـشندەیی جـولاّ و گـوتی: لەڕاستیدا من و پیاوەکەت لەسەر ئەوە رێککەوتوین کە چەند لـیرەی زێـڕ دەخوازم ئەوەندە بە تۆ بدەم، لەبەر ئەوە بڕیـارم داوە کـە تـەنیا لیرەیـەکت بدەمێ.

هاوژینی مامۆستا ئەوەی دەزانی کە پیاوەکـەی هێنـدە گێـل و نـەفام نیە کە بـەو شـێوەیە ئـاوا دەسـتبەرداری خۆشەویـستەکەی و زاڕۆکـەکانی ببێت، بەو کەساسیە چارەنووسیان بۆ کابرایەکی بازرگانی ئاوا سوك و بـێ ویژدان جێبهێڵێت، لەبەر ئەوە بە کابرای بازرگانی گـوت:"دەبێـت بـچینە کلێـسە بـۆ لای رابینـی ئـەم شـارە، بـزانین ئـەو چـی دەڵێـت، بـا رابـین چارەسەرێکی پراکتیکانەمان بۆ بدۆزێتەوە."

کاتێك کـە گەیـشتن، رابـین بـە سـەرنجەوە گـوێی لـە وتـەکانی کـابرای بازرگان و هاوسەرەکەی مامۆستاش رادێـرا کـە هـەر یەکـەیان دەیویـست خواستی خۆی بسەلمێنێت. کابرای بازرگـان هـەرگیز دڵـی نـەرم نـەدەبوو و نەدەچووە ژێری، بە تایبـەتی کـە رابـین زۆر بـەزەیی بـەو ژنـە کەساسـە و زارۆکەکانیـدا دەهاتـەوە، کـابرای بازرگـان هـەر نەیدەسـەلماند و لەسـەر داخوازییەکەی خۆی سوور بوو، لە ناکاوێکـدا رابـین بیرێـك بـە مێـشکیدا هات و گـوتی:"ئـەو نامەیـەم بـدەرێ بابیخوێنمـەوە،" رابـین بەسـەرنجەوە دەستیکرد بـە خوێندنـەوەی نامەکـە و بـە گرژیەکـەوە سـەیرێکی کـابرای

بازرگانی کرد و بە تووڕەییەکەوە گوتی:"بازرگانی خۆشەویست بەڕێزتان چەند لەم لیرە زێڕانە دەخوازن..؟"

کابرای بازرگان گوتی:"چەند جارم گوت و دووبارە کردەوە، ئەز 99 لیرە دەخوازم، هەر بەو شێوەیەش لەگەڵ مێردی ئەم ژنەدا رێککەوتوین."

کابرای بازرگان پاش نەختێك تێهەڵچووە و گوتی:"من پیاوێکی بە ویژدان و راستم و راست دەبێژم ئەوە ئاوایە."

رابین روویکردە کابرای بازرگان و پێیگوت: لەراستیدا وایە و تۆ راستدەکەیت و لەگەڵ مێردی ئەم ژنەدا لەسەر ئەوە رێککەوتون"

رابین روویکردە ژنەکە و گوتی:"کچی خۆم تۆش دەبێت لەگەڵ نووسراوی ئەم نامەیەدا بڕۆیت کە مێردەکەت بەو مەرجە لەسەری رێککەوتووە، پیاوەکەت لە نامەکەدا نووسیویێتی کە ئەم کابرای بازرگانە هێندە لیرەبدات بە تۆ کە خۆی دەخوازێت."

رابین روویکردە کابرای بازرگان و گوتی: تۆ چەندە خوازی.؟ ئا لە بیرم چوو 99 لیرە دەخوازی، لەبەر ئەوە تۆ دەبێت 99 لیرە بدەیت بەو ژنە، ئەوە مەرجی رێکەوتنەکەتانە. " بەم جۆرە کێشەکە بڕایەوە.

# جووتیارێکی لەخۆبایی

جارێك لە جاران ئاسنگەرێك، پینەدۆزێك، ئاشەوانێك، دارتاشێك و بەرگدروویەك لەگەڵ جووتیارێکی لادێیدا کۆبوونەوە.

جووتیارەکە گوتی:"من لە هەمووتان گرنگترم، کارەکەشم لە کاری هەمووتان گرنگترە، ئەگەر من زەوی نەکێڵم و نەچێنم، ئێوەچی دەکەن و چی دەخۆن...؟"

پیاوەکانی تر کە گوێیان لەم خۆبایی بوونەی ئەم پیاوە جووتیارە بوو تووڕەیی و گرژی دایگرتن.

بۆ رۆژی دوایی کابرای جووتیار، لە زەویەکەیدا کاری دەکرد هەوجاڕونیرەکەی شکا، بەناچاری هانای بۆ ئاسنگەر برد و پێیگوت:"کارەکەم پەکی کەوتووە و هاتووم کە ئەم هاوجاڕونیرەم بۆ چاك بکەیتەوە."

ئاسنگەر گوتی:"من ئەو کارەت بۆ ناکەم".

جووتیار پرسیاریکرد:"بۆچی ئەو کارە ناکەیت، ئەی تۆ ئاسنگەر نیت...؟ بەبێ ئەم هەوجارۆنیرە کارم ناڕوات و ناتوانم کاربکەم."

ئاسنگەر دەستیکرد بە پێکەنین و گوتی:"دێتەوە یاد کە تۆی جووتیاری لادێیی، دوێنێ بە ئێمەی شاریت گوت، کە کارەکەی تۆ گرنگترین کارە و خۆشت گرنگترین کەسێکی و هەمووان منەتباری تۆین..؟ ئێستا پێویستە کە بە بەرزی هاواربکەیت و هەموو کەسێك گوێی لێتبێت و بڵێ: جووتیار پێویستی بە ئاسنگەرە."

کابرای جووتیار بۆ جارێکی تریش تکای لە ئاسنگەرکرد کە ئامێرەکەی بۆ چاك بکاتەوە، بەڵام ئاسنگەر گوتی: "ئێستا بەڕاشکاوی بڵێ کە تۆ پێویستیت بە ئاسنگەرە، ئەوسا هەوجا ڕونیرەکەت بۆ چاك دەکەمەوە."

کابرای جووتیار بە بێترس گوتی:"هەموو کەسێك پێویستی بە جووتیارە و منەتباری جووتیارن، تەنیا ئاسنگەر نەبێت." پاش ئەم دانپیانانەی کابرای جووتیار، ئاسنگەر هەوجارۆنیرەکەی بۆ چاککردەوە.

بەڵام پینەدۆز، ئاشەوان، دارتاش و بەرگدروو، تا ئەو دەمەش لێویان لە کابرای جووتیار دەکرۆشت. بەڵێ ڕۆژگار هات و ڕۆژگار چوو، ڕۆژێکیان کابرای جووتیار چوو بۆلای پینەدۆز کە جووتێك پێڵاوی بۆ بدروێت، پینەدۆز وەڵامیدایەوە:"ئەو کارە بە من ناکرێت."

کابرای لادێیی پرسیاری کرد گوتی:"بۆ ئەو کارە ناکەیت چما تۆ پێنەدۆز بێت..؟"

پینەدۆز دایە پێکەنین و پێیگوت:"دێتەوە یاد تۆی لادێیی بە ئێمەی شاریت گوت کە کارەکەی تۆ گرنگترین کارە و خۆشت گرنگترین کەسێکی و هەموو کەس منەتباری تۆن...؟ ئێستا پێویستە بە بەرزی هاواربکەیت کە هەموو خەڵکی گوێیان لێبێت و بڵێ:"پینەدۆز پێویستی بە منەتی جووتیار نیە، ئەو کاتە جووتێك پێڵاوی نایابت بە دڵی خۆت بۆ دەدرووم."

کابرای لادێیی بەناچاری گوتی:"هەڵەیەکم کردووە، هەموو کەسێك پێویستی بە جووتیارە و منەتباری جووتیارن، تەنیا ئاسنگەر و پینەدۆز نەبێت." پاش ئەم دانپیانانەی جووتیار، پینەدۆزیش پێڵاوەکانی بۆ دووری.

جووتیار هەر جارەی لە لایەکەوە بارەکەی لار دەبووەوە، ئەمجارەیان کاری کەوتە ئاشەوان، داوای لە ئاشەوانکرد کە ئاردیان نەماوە و بەڵکو ئەو گونیە گەنمەی بۆ بهاڕێ و بۆی بکات بە ئارد، ئاشەوان پێیگوت:"من کاری وا بۆ تۆ ناکەم، دێتەوە یاد کە گوتت، تۆ پێویستت بە کەس نیە و بەڵام هەموو کەس پێویستیان بە تۆیە...؟"

کابرای ئاشەوانیش بەهەمان شێوەی ئاسنگەر و پینەدۆز، خوازیاری ئەوەبوو کە جووتیار پڕبەدەم هاوار بکات، کە ئەو پێویستی بە ئاشەوان هەیە، پاش ئەوە گەنمەکەی بۆ دەهارێت.

جووتیار هاواری کرد گوتی: هەموو کەس پێویستیان بە جووتیارە تەنیا ئاسنگەر و، پینەدۆز و ئاشەوان نەبێت."

بەو جۆرە کاری کەوتە دارتاش و بەرگدرووش، ئەوانیش بە هەمان شێوە داخوازی کابرایان ڕەتکردەوە، تا ئەو دەمەی لە کەلی شەیتان دێتە خوارێ و دان بەراستیدا دەنێت، لە کۆتایدا کابرای جووتیار بەو جۆرە بە چۆکداهات و بە شاردا دەگەڕا و هاواری دەکرد، "هەموو کەسێك پێویستی بە جووتیارە و جووتیاریش پێویستی بە هەموو کەسێکە."

# دڵنیایی و خۆڕاگری وەرزێرێك

جارێکیـــان وەرزێرێـــك لــە کــاتی هەڵگرتنـــەوەی خەلەوخـــەرمان و بەرووبوومدا، چوو بۆ لای پیاوێکی خاوەن زەویوزار. بـە رێـزەوە پرسـیاری لە خاوەن زەوی کرد، کە دەیەوێت لەم ماوە و وەرزەدا کارێکی بداتێ. ئەم وەرزێرە پیاوێکی تابلێی سـەر ڕاسـت و لـەش سـوك بـوو، کـابرای خـاوەن زەوی داوای وەرزێرەکـەی پەسـەندکرد و کـاری دایــە و هەڵـسوکەوتێکی بەرێزانەشی لەگەڵ وەرزێرەکە دەکرد. خاوەن زەوی هەمیـشە تێبینـی ئـەو کرێکارەی دەکرد، کە چۆن بە پەرۆشەوە کارەکـەی خـۆی هەڵدەسـوڕێنێت. رۆژێکیان خاوەن زەوی بە وەرزێرەکەی گـوت:"بریـا هـەموو کرێکارەکـانی تریشم هێندەی تۆ دڵسۆزبوونایە، ئاوا بەڕاستی کارەکانی خۆیان بە ئـەنجام بگەیاندایە."

کاتێك کە خەلەو خەرمان کۆکرایەوە و کارەکـە تـەواوبوو، وەرزێرەکـە بە خاوەن زەویوزارەکەی گوت: "ئەوا کارەکەمان تەواوبوو، وەرزێرەکـە بـە خاوەن زەویوزارەکەی گوت: "ئەوا کارەکـەمان تـەواوبوو، ئیترکـاتی ئـەوە هـاتووە کـە پـارەی کارەکـەم بـدەیتێ و منـیش بـۆ نـاو ماڵومنـداڵم بگەڕێمەوە."

کابرای خاوەن زەوی بە زەردەخەنەیەکەوە بە وەرزێرەکەی گوت:

"راستدەکەیت، بـەڵام بـە داخـەوە کـە ئێـستا مـن هـیچ دراوێکـم لـە دەستدا نیە، لەبەر ئەوە داوای لێبووردنت لێدەکەم."

کابرای وەرزێر سـەیرێکی خـانو و ئـەو هـەموو زەوی و زار و رەزانـەی خاوەن زەوی کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:"بەڵێ گـەورەم ئەگـەر دراوت لە دەستدا نیـە، خـۆ لـەبری ئـەوە دەتوانیـت گـەنم بـدەیتێ، خـۆم دەیفرۆشمەوە."

کابرای خاوەن زەوی گوتی:"بەداخەوە کە گەنمیش شك نابەم."

وەرزێرەکە ئەمجارەیان گوتی:"باشـە ئەگـەر ئـەوەش نادەیـت، دەتـوانیێ لەبری کارکردنەکەم پارچەیە زەوییـەکی بـچوکم لـەو هـەموو زەویـەی کـە هەتە بدەیتێ."

خاوەن زەوی وەڵامی دایەوە گوتی:"بەداخەوە کە زەویشم نیە."

وەرزێر گوتی:"ئێستا خۆ دەتوانیـت هەنـدێك سـەرمەڕ و ڕەشـەوڵاخم بدەیتێ لە بری ئەو پارەیەی کە لاتە."

خاوەن زەوی:"ڕەشەولاخ و مالاتیشم نیە کە بتدەمێ."

وەرزێرەکە بەو وەلامانەی خاوەن زەویەکە تەواو خەمبار و بێهیوا بوو لەوەی کە بایی کارەکەی وەرگرێت. بیری لەوە دەکردەوە چۆن مالو منداڵەکانی بژێنێت و بەڕێوەیان بەرێت. ئەم پیاوە وەرزێرە هێندەی بلێیت مرۆڤێکی شەرمن و لە رووداو داماو نەرم بوو، بە ناچاری و بەبێ ئەنجام دەستیدایە جلی کارەکەی و ملی ڕێگای گرتەبەر.

دوو مانگ بەسەر ئەم بەزمەدا ڕۆیشت زستانێکی توش و سارد هات، لە هیچ شوێنێکیش کار نەمابوو. کابرای وەرزێر و خێزانی بە برسێتی و هەژاری ژیانی کۆیلەمەرگیان بەسەردەبرد، هەر لە سەرەتای زستانەوە منداڵەکانی توشی هەلامەت و کۆکەکۆك هاتن و نەخۆش کەوتن، ڕۆژێکیان کاروانێك هوشتر و گوێدرێژ بە خۆیان و بارەکانیانەوە لەبەردەمی کۆماجی (کولیت، زنج) کابرای وەرزێردا ڕاوەستان، سەرکاروان کابرای زەوی و زاربوو، کە تا ئەو دەمەش وارەداری (قەرزدار)ی وەرزێرەکە بوو، وەرزێرەکە کە چاوی بە کابرای خاوەن زەویوزار کەوت بە ڕێزەوە ویستی بیباتە ژوورەوە و ڕێزێکی زۆری لێگرت.

کابرای دەولەمەند بە وەرزێرەکەی گوت:"پێش ئەوەی کە ببمە میوانت، من وارەداری تۆم پێویستە مافی خۆت وەرگریت." ئەمەی گوت و لە باخەلی کیسەیەکی دەرهێنا و کۆمەلێك لیرەی زۆری بە کابرای وەرزێردا، گەلێك لەو پارەیە زۆرتربوو کە کابرای وەرزێر دەبوایە لە بری

کارکردنەکەی وەریبگرتایە. پاشان کابرای دەوڵەمەند بە پیاوەکانی خۆی گوت:"ئەو دیارییەش بهێنن کە بۆ کاکی وەرزێرم دانابوو." پێش ئەوەی کە کاروان دەست بە ڕۆیشتن بکاتەوە کابرای دەوڵەمەند ڕوویکردە وەرزێرەکە و پرسیاری لێکرد و گوتی:"ئەو کاتەی کە تۆ داوای پارەکەت لێکردم و منیش پێم گوتی، بە داخەوە پارەم لە دەستانیە کە بتدەمێ، لەوکاتەدا بیرت لەچی دەکردەوە، وای بۆ نەچووی کە من پیاوێکی بێ ویژدان و خوێن خۆرم...؟"

وەرزێر وەڵامی دایەوە:"نا من وای بۆ چووم کە جگە لەوەی کە تۆ کابرایەکی خاوەن زەویوزاری، کابرایەکی بازرگانیشیت، ئەو دەمە دراوت لە دەستدا نەبوو، لەبەر ئەوەی هەموو دراوەکانت دابوو بە کەلوپەل کڕین."

دەوڵەمەند پرسیاری کرد:"ئەی ئەو کاتەی کە داوای گەنمت کرد، منیش پێم گوتی گەنمیشم نیە، چۆن بیرت لێدەکردەوە...؟"

وەرزێر وەڵامی دایەوە گوتی:"من وا بۆ وەڵامەکت چووم، تۆ تا ئەو کاتەش (10) بەشی زەکاتت نەدابوو بە کلێسە، لەبەر ئەوەی کە تۆ مرۆڤێکی جولەکەیت، بۆت نیە دەست لەو بەرهەمە بدەیت کە هەتە، پێش ئەوە پێویستە لەو بەرهەمە (10) بەش زەکات بدەیت بە کلێسە."

"ئەی ئەوکاتەی کە زەویەکەم نەدایتێ: بیرت لە چی دەکردەوە...؟"

وەرزێر وەڵامی دایەوە:"من واتێگەیشتم کە ئەو زەویانە زەوی خۆت نیە و بەکرێت گرتوون، لەبەر ئەوە ئەو مافەت بەخۆت نەدەدا کە بیانبەخشی."

کاتێك لە گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام بوونەوە کاروانەکە دەستی بە ڕۆیشتن کرد و کابرای دەوڵەمەند بە وەرزێرەکەی گوت:"ئەو شتانەی کە تۆ گوتت هەموویان ڕاست بوون، نە زەویوزارەکە نە سامانەکە هیچیان هینی من نەبوون، هەموویانم کردبوو بە خەڵات بە کڵێسە (ئۆرشەلیم) لەبەر ئەوەی کە کوڕەکەم دەستی لە خوێندنی تەورات هەڵگرتبوو و نەیدەویست جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر خوێندنەوەی تەورات، منیش سوێندم خوارد ئەگەر کوڕەکەم نەگەڕێتەوە سەر تەورات خوێندن، منیش خاوەنی لیرەیەك لەو سامانەی خۆم نیم وماڵی کڵێسەیە، نەك ماڵی من، بەڵام کوڕەکەم پەشیمان بووەوە و جارێکی تر گەڕایەوە سەر دینی خۆی، منیش ئێستا ئازادم."

ئەو دیاری و پارەیەشم لەبەر ئەوە بۆ هێنای، کە تۆ بڕوات بە وەڵامەکانی من هەبووە و بە باشی تێیان گەیشتویت، بڕوات وانەبووە کە من مرۆڤێکی دەستبڕ و بێویژدانم، ئێستا من کامەرانم بەوەی کە بە زیادەوە موچە و مافی خۆت وەرگرت."

# تیشك دانەوە

پاشایەك تەلاریکیان بۆ دروستکرد، پاشان فەرمانی بە دوو وێنەکێشی بەناوبانگدا کە هەریەکەیان دیوارێکی سالۆنی دانیشتنی پاشا بۆیەو وێنەکاری بکات. پاشا بەم دوو وێنەکێشەی راگەیاند:"کەستان دەست لە کاروباری ئەویترتان وەرنەدات، هەر یەکەتان بەسەربەستی کارەکەی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ."

یەکێك لەم هونەرمەندانە زۆر چالاك و بەتەنگ کار و هونەرەکەیەوە دەهات، ئەوی تریان کارنەکەر و بێ بەرنامە، شتێکی سەیر و سەمەرە بوو کە بە هونەرمەندێکی بەناوبانگیش ناوبانگی دەرچووبوو. وێنەکێشی یەکەم یەکسەر دەستی بەکارکرد، هەموو بیرێکی خستە سەر کارەکەی، شەو و ڕۆژ خەریکبوو.

ئەو دیوارەی کە بەم وێنەکێشە سپێدرابوو، بە وێنەی باڵندە و ئـاژەڵی کێوی و وێنە گەلێکی تری فەنتازی لە باخچەی ئادێنس و جـوانی سـارا و مەزنی موسا و ژنی ناسکۆڵە و کوڕی جوان پێکهاتبوو ئەمانـەی هـەموو لە پەرتوکی پیرۆزی جولەکەکان تەوراتەوە وەرگرتبوو.

بەڵام وێنەکێشەکەی تر بە تەمەڵی دابوویە بەری و گوێی نەدەدایە ئەو کـارەی کـە پاشـا پێـی سـپاردبوو، شـەو و ڕۆژ خـەریکی ئاهـەنگگێڕان و خواردنـەوە بـوو، ئـەوەی کـە هـەموو جارێـك دووبـارەی دەکـردەوە و دەیگوت:"کاتم لەبەردەستایە و پێویست بە پەلەکردن ناکـات، وەکـو ئـەو وێنەکێشەی تر ئەوەندە بە گران کارەکە بگرم بۆ ئەوەی کە چەند وێنەیـەك بکێشم."نا" من وێنەکێشێکی بلیمەتم و وێنەکێشان ئاسانە، ئـەوەی ئـەو وێنەکێشە بە چەند مانگێك خەریکێتی و دەیکێشێ، مـن لـە ماوەیـەکی زۆر کەمدا بە بەرهەمی دەهێنم."بەم جۆرە کات و ڕۆژ و هەفتە و مـانگ لە نێوانی پەنجەکانەوە دەتکانە خوارەوە، تـەنیا مـاوەی یـەك هەفتـە لـەو ماوەی ساڵە مابوو، کە بۆ وێنەکێشەکان دیاریکرا بـوو، کـە کارەکـەیانی تیا تەواوبکەن. وێنەکێشی تەمەڵ کەوتە پەلەپڕوسکێ، کە سەیری دیواری ساڵۆنەکەی کرد کە بەو سپێرا بوو و بەراوردی لەگـەڵ دیـواری ئـەو بـەری سـاڵۆنەکە کـرد کـە هونەرمەندەکـەی تـر کێـشابووی، جـودایی ئاسمـان و ڕێسمان بوو، دیواری هونەرمەندی تەمەڵ وەك بیابان وشك و بێگیان بوو، هونەرمەندی تەمەڵ سەری دنیای لێهاتەوە یەك، سەری هێنا و سەری برد

چـی بكـات تـا بـەو مـاوە كەمـە بتوانێـت دیوارەكـە نـەخش و نیگـار بكێشێت...!؟ لە ناكاوێكدا شتێك بە بیریدا هـات و لـە خۆشـیاندا بـزەی دەهات.

بەبێ ڕاوەستان چوو لە بـازاڕ بۆیەیـەكی بریـسكەداری كـڕی و هـەموو دیوارەكەی لای خۆی پێ بۆیـە كـرد دیوارەكـەی وا بۆیـە كـرد هـەر وەكـو ئاوێنە بریسكەی دەهات.

كاتێ كاركردنەكە كە ساڵێك بوو، تەواو بوو، پاشا بانگەشەی هـەموو گەورە پیاوانی شـاری كـرد كـە بـێن بـۆ سـەیری كـاری هونـەری ئـەم دوو هونەرمەنـدە مەزنـە، پاشـا و یـاوەران و گـەورە پیـاوان بـەرەو و تـەلار و كۆشك بەڕێكەوتن و چوونە ساڵۆنی كۆشـكەوە، لـە پێـشدا سـەیری كـاری هونەرمەندە بلیمەتەكەیان كرد، پاشا و گەورە پیاوان سەریان لـە هونـەر و دەستڕەنگینی ئەو هونەرمەندە دەسووڕما كە لەوەوبەر جادووگەرێكی تری وایان وەك ئەم هونەرمەندە نەبینی بوو، پاشا كەوتە بیركردنەوە وایـدەزانی لەسەر بەفر سەمادەكات، پرسیاری كرد:"دەبێت هونەرمەندەكەی تریان چ هونەرێكی بەرهەمهێنا بێت...؟" كە پاشـا و یـاوەران چـوون بـۆ سـەیری دیواری ئەوبەر كە هونەرمەندە تەمەڵەكە كێشابووی، كە سەیریانكرد هەر هەمان وێنە و نەخش و نیگاری هونەرمەندەكەی تر كێـشراوە...! هـەموو هێڵ و وێنەكان لەسـەر دیـوارە ئاوێنەییەكـە بریـسكەیان دەهاتـەوە، ئـەو

دیوارەش کوتومت دیوارەکەی ئەو بەربوو، بەوە دەچوو ئەم دوو وێنەکێشە بڕیاریان لەسەر هەمان وێنە و نەخش و نیگار دابێت کە بیکێشن...!

پاشا کە چاوی بەم دیوارە کەوت یەکسەر ئەوە تێگەیشت، بەڵام تاکە وشـەیەکی نـەگوت و تـوانجی لەسـەرنەدا، ئـەوەی جێگـای سـەرنج بـوو هونەرمەنـدە تەمەڵـە کارنەکەرەکـە بەهـەمان شـێوەی هونەرمەنـدە کارکەرەکە بزە و خۆشی بە رووخساریەوە دیاربوو، ئێستا تەنیا ئەوە ماوە کە پاشا خەڵاتی ئەم دوو هونەرمەندە بکات.

پاشا فەرمانیدا دوو کیسەی پڕ لە لیرەی زێڕبهێنن، کیسە لیرەکانیـان هێنا، پاشا فەرمانیدا هەردوو کیسە لیرە زێڕەکان لە نـاو سـالۆنەکەدا لـە نێـوانی هـەردوو ئـەو دیـوارەی کـە هونەرمەنـدەکان وێنـەکانیان لەسـەر کێـشاوە هەڵڕێـژن. دار و دەسـتەی پاشـا فـەرمانیان بـەجێهێناو هـەردوو کیـسە لـیرە زێڕەکانیـان هەڵڕشـت، لیرەکـان دەسـتیانکرد بـە بریـسکەو تیـشکدانەوە لەسـەر ئـەو دیـوارەی کـە هونەرمەنـدە تەمەڵەکـە بۆیـەی کردبوو، وێنەی لیرەکان لەسەر دیوارەکە دەرکـەوتن، مـرۆڤ وایـدەزانی کـە دیوارەکە لە لیرەی زێڕ دروستکراوە هێندە جوان و سەرنجڕاکێشەربوو، پاشا ڕوویکردە هونەرمەندی تەمەڵ و پێیگوت:"ئەو لیرانەی سـەر ئـەو دیـوارە هینـی تـۆن و تـۆ خاوەنیانیـت، ئـەوە بەخـشیش و کرێـی کارەکەتـە کـە لەماوەی ئەو ساڵەدا ماندوێتی و رەنجت پێوەکێشابوو."

# شاژنێکی ژیر

لــە ولاتێکــی دووری ئــەم ســەر زەمینــە شــاژنێکی ژیــر هــەبوو فەرمانڕەوایی ولاتی دەکرد، هــەموو دەسـت و پێوەنـدەکان و دانیـشتوانی ولات ئەم شاژنەیان خۆشدەویست، لەبەر ئەوەی شاژن چـەند بـە دەسـەلات بوو، هێندەش دڵی فراوان و دادپەروەربوو، هەموو ئاواتێکی ئەوە بوو کـە گەلەکەی بەختەوەر و شادبن.

ئەم شاژنە هەفت کوڕی هەبوو، ئـەم کوڕانـەی وا پـەروەردەکردبوو کـە زۆر لەسەرخۆ و بەتەنگی چواردەورەوە بێن.

ڕۆژێك شاژن بیری کـردەوە کـە تەمـەنی خەریکـە لادەدا، لەبـەر ئـەوە واچاکە کە دەسەلاتی ولات و تاجی شایانە بسپێرێت بە یـەکێك لـە کـوڕە کارامەکانی، لەبەر ئەوە هەر هەفت کورەکەی بانگکرد و کۆبوونەوەیـەکی لەگەڵدا سازدان.

شـاژن ڕوویکـردە کوڕەکـانی و گـوتی:"کوڕەکـانم ئـەمڕۆ کـە ئێـوەم بانگکرد بۆ ئەم دانیشتنە، دەمەوێت ئەوەتان پێڕابگەیـەنم کـە دەمـەوێت هەریەکێکتان ئارای خۆتانم بۆ دەربڕن، بزانم کامتان بەکـەڵکی ئـەوە دێـن کە تاجی شایانەی بکەمە سەر و فەرمانڕەوایی وڵات بکات."

ئەم کوڕانە کە گوێیان لـە داخوازییەکـەی دایکیـان بـوو، هەریەکـەیان هـەوڵی ئـەوەی ئـەدا کـە خـۆی بەرێتـە پێـشێ و وا خـۆی دەربخـات کـە پاشایەتی و تاج هەر لەخۆی دێت، کاتێك کە شاژن گوێی لە وتەکانی هەر هەفت کوڕەکەی بوو، هێمنی کردنەوە و گوتی:"ئێمە هەمووتان وەك یـەك وانین و هەر هـەمووتان نـاتوانن ببنـە پاشـا و فـەرمانڕەوایی وڵات بگرنـە دەست، ئەگەر ڕاست بوایە ئێوە هێندە بەتوانا و زیرەکن، خۆتان بە شان و بـازووی خۆتانـدا هەڵنـەدەدا. نـا کوڕەکـانم ئێـوە هێـشتا ماوتانــە و پێنەگەیشتوون. بەڵام دەتوانم ئەوە بزانم کە کامتان دڵتان فراوانتر و زمانی لە دڵیایە. لەبەر ئەوە داواتان لێدەکەم کە هەر یەکەتان ڕای خۆتان دەربڕن کە بوون بە پاشا چی دەکەن و چۆن دڵێکتان پێوەیە.؟"

دووبارە کوڕەکـان هەریەکـەیان هـەوڵی ئەوەیـدا کـە خـۆی دەربخـات و بیسەلمێنێت کە لەوانی تر زانا و ئازاترە. شاژن کە گوێی لە وتـەکان بـوو، هاواری لێکردن"بێدەنگ، بێدەنگبن، دەنا خەڵکی گوێی لێتـان بێـت ئـەوە دەزانن کە ئێوە وەك هەموو مرۆڤێکی تـر بیردەکەنـەوە و جوداییتـان نیـە. ئەم ژاوە ژاو و کێبەرکێیەی ئێوە نیشانەی نەهامـەتی و بێخەمیتانـە، نـا

کوڕەکانم، ئێوە نە ئازان و نە دڵیشتان گەورەیە، لەوانەیە یەکێکتان لەوانیترتان ئازاتر بێت؟ ئەز تاجەکە دەکەمە سەری ئەوەتان."

بۆ جارێکی تر هەر یەکە لە کوڕەکان دەستیان کردەوە بە پیاهەڵدانی خۆی و کە لەوانیتر ئازاتر و بەتواناترە. یەکێك لە کوڕەکان گوتی:"کە چۆن لەگەڵ ئاژەڵی دڕەندەی کێویدا شەڕی کردووە و ئاژەڵە دڕندەکەی بەزاندووە،" یەکێکی تریان گوتی:" کە چۆن جارێکیان دێوێکی یەکچاوی کوشتووە." کوڕێکی تریان گوتی:"کە چۆن دوژمنەکانی خۆی لە شەڕدا هەڵبڕیووە و بەزاندوونی." شاژن هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی:"کوڕەکانم ئێوە هەرگیز ئەو جۆرە پاڵەوانانە نەبوون، ئەگەر ئەو جۆرە پاڵەوانانە بوونایە، کەستان بە شان و بازووی خۆتانا هەڵینەدەدا، شاژن لەم دانیشتنە گەلێك بێزار بوو لەبەر ئەوە داوای لە کوڕەکانی کرد کە دانیشتنەکە جێبهێڵن و بچنە دەرەوە و هەریەکەیان ڕێگای خۆی بگرێتەبەر.

ماوەیەکی زۆری پێچوو، شاژن هەستی بەوە دەکرد کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە جارێکی تر کوڕەکانی تاقیکاتەوە و تاجی شایانە بکاتە سەری یەکێکی لێهاتوویان، ئەمجارەیان پلانێکی تری دانا بۆ ئەوەی کە بتوانێت بەهرەی هەر یەکێك لە کوڕەکان تاقیکاتەوە، لەبەر ئەوە وا بەچاکیزانی کە هەریەکێك لە کوڕەکانی بە جیاجیا بدوێنێ و ڕاوێژیان لەگەڵدا بکات. بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری کوڕەکانی کردەوە، بەتەنیا

یەکە، یەکە لەگەڵیاندا دانیشت و بە هەر یەکێکیانی دەگوت:"کوڕی شیرینم تۆ و هەریەکێك لە براکانتان دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك ئەم وڵاتە جێبهێڵن و بچن بە وڵاتانی تردا بگەڕێن، پاش ئەو ساڵە دەبێت هەریەکێکتان بەخۆی و دیارییەکەوە بگەڕێتەوە بۆماڵەوە، ئەو دەمە بزانم کامتان دەتوانن ببنە پاشا و فەرمانڕەوای وڵات بگرێتە دەست.؟ بڕۆکوڕی شیرینم خوا ئاگادارت بێت. "شاژن بەم جۆرە کوڕەکانی یەك لە دوای یەك ڕەوانەی وڵاتان کرد.

پاش ئەوەی کە ساڵەکە تەواوبوو، هەر هەفت کوڕەکە هەر یەکەیان بەخۆی و دیاری دەستیانەوە بۆ تەلاری شاژن گەڕانەوە. دوای ئەوەی کە شاژن پێشوازی گەرمی کردن و گرتنیە ئامێز و ماچی کردن. کوڕەکان داوایان لە دایکیان کرد کە دیارییەکانیان ببینێت. کوڕە گەورەکە: بەسەرهاتی خۆی بۆ شاژن گێڕایەوە و گوتی:"ماوەیەکی زۆر گەڕان و سەیرکردن بە دوای دیارییەکی نایابدا کە شایانی دایکی خۆشەویستم بێت، لە ئەنجامدا ئەم کراسە ئاوریشمە جوانەم هەڵبژارد کە بە پولەکەی مرواری چنراوە و رازاوەتەوە، لەم جۆرە کراسانە لە هیچ شوێنێکی تر نە دەست دەکەوێت نە دەبینرێت."

کوڕی دووهەم: دیارییەکەی خۆی هێنا و پێشکەشی دایکی کرد و گوتی:"ئەم جووتە کەوشە زێڕانەم بۆ کردی بە دیاری کە لە باشترین زێڕی کۆن دروستکراوە، کاتێك کە لە پێیان بکەیت هیچ مرۆڤێکی تر هێنەدەی

تـۆ هەسـت بـە کامـەرانی ناکـات. "ئەمـەی گـوت و جووتـە کەوشـە زێڕینەکەی پێشکەشی دایکی کرد.

کـوڕی سـێهەم: دیاریەکـەی خـۆی هێنـا و دەسـتیکرد بـە گێڕانـەوەی بەسەرهاتی خۆی، دیاریەکەی کوڕی سێهەم کۆمەڵێك کەوچك و چەتاڵ و بابەتی تری چێشتخانە بوو کە هەموویان لە زێڕ و زیو دروستکرابوون.

چوارهەمیان: تابلۆیەکی جوان و گرانبەهای بەدباری هێنابوو.

کـوڕی پێنجهـەمیان: دەسـتەیەك بابـەتی خۆجـونکردن و ئارایـشتی گرانبەهای کردبووە دیاری بۆ شاژنی دایکی.

کـوڕی شەشـهەم: دیارییەکـەی، سـەبەتەیەکی سەرسـوڕهێنەی پـڕ لـە میوەی دەستکردی جوانی بە دیاری بۆ دایکی هێنابوو، ئەم میوانە بۆنیان گەلێك خۆشتر و ڕەنگیان گەلێك لە میوەی ڕاستی جوانتر بوون، کـە پیـاو دەستی لێدەدان لە میوەی سروشتی زۆرتر هەستیان دەبەخشی بە مرۆڤ.

تـەنیا کـوڕی هەفتـەم نـەبێت بـە دەسـتی بەتاڵـەوە لای شـاژنەوە ڕاوەستابوو. شاژن پرسیاری لێکرد: "دیارییەکەی تۆ کوا.؟" کوڕەی منداڵ وەڵامی بۆ نەدرایەوە و لاڵ بوو، ئەو کوڕە منداڵە دیـاری خـۆی هێنـابوو، بەڵام نەیدەویست کـە پیـشان شـاژنی بـدات.! شـاژن داوای لێکـرد: "هـەر ئێستا دیارییەکەت بهێنە و با بیبینم." کوڕە منداڵەکـە بـەڕاکردن چـووە دەرەوە، پاش ماوەیەك بـەخۆی و دیارییەکەیـەوە گەڕایـەوە. دیارییەکـەی کیژێکی بچکۆلەی نۆ ساڵان بوو، دەستی لە ناو دەستی کوڕەکە نابوو، بـە

جووتە خۆیانکرد بە هۆڵی تەختی شاژندا، کوڕەکان کە چاویان بەم دیمەنە کەوت سەریان سوڕما و کردیان بە هاوار هاوار و توانج هاویشتن." ئەمە کەی دیارییە.؟ .. ئەمە مانای چیە.؟" شاژن هەموویانی بێدەنگکرد و داوای لە کوڕە بچکۆلەکەی کرد کە بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕێتەوە. بە کوڕەکەی گوت:"ئەم دیارییە چیەو نرخی چیە کە بۆ منت هەڵبژاردووە.؟"

کوڕە بە دایکی گوت:"زۆر شاران و وڵاتان گەڕام، بەڵام شتێکی وام بەرچاو نەکەوت کە شایستەی تۆ بێت، لەبەر ئەوەی ئەو شتەی کە بە کڕین بۆ تۆم بە دیاری بهێنایە شایانی ئەوە نەبوو کە بیکەمە دیاری بۆ تۆی دایکی خۆشەویست و دڵفراوانم. شتێك کە شایانی تۆ بێت شتێك نیە کە پیاو بتوانێت بە دراو بیکڕێت. ڕۆژێك بە ڕێگای وڵاتێکدا پیاسەم دەکرد و دەسوڕامەوە بە دوای دیارییەکدا کە شایانی تۆ بێت، بەڕێککەوت بۆ دواوە ئاوڕم دایەوە کە سەیرم کرد ئەم کیژە بچکۆلە ژیکەڵەیە دەگری و فرمێسك بەخوڕ بە چاوانیدا دەهاتە خوارێ، منیش لێی نزیك بوومەوە و پرسیارم لێکرد، بەڵام ئەو کیژە هەر دەگریا و لە ترساندا دەلەرزی و خۆی دوور دەخستەوە، دووبارە کە پرسیارم لێکردەوە و پێم گوت:"کچە جوانەکە بۆچی دەگری و چی ڕوویداوە...؟" ئەویش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕامەوە. گوتی:"من دایك و باوکم لە دەستدا و مردوون، ئەو خانووەش کە بە میراتی بۆم بەجێمابوو، مرۆڤی بێویژدان

لێیـان داگیرکـردم و کردیانـە دەرەوە و بـەزەییان پیامـدا نەهاتـەوە، هـەر چەندە لێیان پاڕامەوە دای نەدان و ئەوا ئێستا چەند ڕۆژێکە بـە هەناسـە ساردی بەم جادەو کۆلانانەوەم و هیچ شوێنێك شـك نابـەم کـە دالـدەی بـۆ بەرم، ئێستاش ڕێگام ونکردووە و ئاوا بێدەرەتان ماومەتەوە."

کوڕە درێژەی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا بۆ دایکی"کاتێك کـە ئـەم کیژە لە وتەکانی بووەوە، بڕیارمدا کە ئەم کیـژە هـەژارە بێکەسـە لەگـەڵ خـۆم بهێـنم و بیکـەم بـە دیـاری بـۆ دایکـی خۆشەویـستم، دیاریيـەکی بێهاوتایە کە مرۆڤ ناتوانێت بـە دراو بیکڕێـت." کاتێـك کـە کوڕەکـە لـە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە بووەوە، کچەکەی پێشکەشی شاژنی دایکی کرد، شاژنیش خـۆی چـەماندەوە و کیژەکـەی گرتـە ئـامێز و ماچـی کـرد و بـە کوڕەکەی گوت:"کوڕی خۆشەویستم من شتێکم نیـە کـە پارسـەنگی ئـەو دیاریە بەنرخەت بێت، تۆ بەو دڵە گەورە و بەهێزەتـەوە ئـەو دیاريیـە بـێ هاوتایەت هەڵبژاردووە، جێگای تاجی شایانە سەری تۆیە کە خاوەنی ئـەو بیرەیت، میراتگری تاج و دەسەڵاتی وڵات تۆیت."

شاژن لەمەی پتر نەگوت، کوڕەکانی تر کـە دیاريیـەکانیان بـە دراو کـڕی بوو، سەیری یەکتریان دەکرد و زانیـان ئـەو دیاريیـەی کـە هـەر چـەندە گـران دانسکە بێت ناگاتە ئەو دیارییە بێهاوتایە کە نرخی مرۆڤە و مرۆڤ ناتوانێـت بە دراو بیکڕێت، تەنانەت لەگەڵ دراودا بەراوردیـشی بکـات، کوڕەکـان ئـەو ڕاستیانە تێگەیشتن کە نە خۆشەویستی نە ژیرێتی بە دراو ناکڕێت.

# پشتگوێ خستن

جارێکیان پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بە تەنیا دەژیا و تەنیا کوڕێکی دەبێت، ڕۆژێکیان پیاوەکە بیر لەوە دەکاتەوە کە پێش ئەوەی بمرێت، تا لە ژیاندا ماوە هەموو سەروەت و سامانەکەی بدات بە کوڕەکەی. لەبەر ئەوە بڕیاریدا و ناردی بە شوێن کوڕەکەیدا و پێی گوت:"کوڕی شیرینم خۆت دەزانیت کە من خاوەنی ئەو سەروەت و سامانە و خاوەنی ئەو هەموو ئاژەڵ و ڕەشە وڵاخانەم لەبەر ئەوە تا لە ژیاندا ماوم دەمەوێت کە سامانەکەم هەمووی بدەم بە تۆ و هاوسەرەکەت ئێوە خۆتان چۆنتان پێخۆشە بیبەن بەڕێوە."

کوڕەکە بەم هەڵوێستەی باوکی گەلێك دڵشاد بوو و لە پاداشتی ئەوەدا باوکی لە ئامێزگرت و ماچی کرد.

ڕۆژگارهـات و ڕۆیـشت، کـوڕە و هاوسـەرەکەی زۆر بـە کامەرانیـەوە دەژیان و کارەکانیان ڕادەپەڕان، لە چاکەی ئەو باوکە پـیرە لـە لای خۆیـان ژوورێکی خۆشیان بۆ ڕازاندەوە و کارکەرێکیشیان بۆ گرت بـۆ ئـەوەی کـە خزمەتی بکات.

ئەم دوو هاوسەرە، پاش ماوەیەك کوڕێکیان بوو و بە تـەواوی کەوتنـە خۆشیەوە، دایکە بیری لە هیچ نەدەکردەوە تەنیا لە کوڕەکەی و پاشەڕۆژی کوڕەکەی نەبێت، لەبەر ئەوە دراوێکی زۆری بۆ کـوڕە منداڵەکـەی خستە لاوە، کاتێك کە کوڕەکەی گەورەبوو، خۆی بڕیار لەسەر خواستەکانی خۆی بدات.

ڕۆژگار دەهات و دەچوو، وردە وردە داخوازییـەکانی باوکـە پـیرە یـەك لەدوای یەك پشتگوێ دەخران، یەکەمجار ئـەو ژنـەی کـە خزمـەتی کـابرای پـیری دەکـرد دەرکـرا و پـیرە بـەبێ یارمـەتی و بێنـاز مایـەوە. پاشـان ژوورەکەیان لێسەندەوە. ئەم ژن و پیـاوە هێنـدەی تـریش دەوڵەمەنـدبوون، بیریان تەنیا لای دراو و هاوڕێیـەتی کەسـانی دەوڵەمەنـدبوو، لەبـەر ئـەوە هەمیـشە کەسـە دەوڵەمەنـدەکان میوانیـان بـوون. کاتێـك ئـەو کەسـە دەوڵەمەندانە دەبوونە میوانیان ئەم ژن و پیاوە شەرم دایـدەگرتن کـە ئـەو باوکە پیرە پەککەوتەیە لە تەکیاندا لەسەر مێزی نانخواردن دابنیشێت.

بەم شێوەیە کەوتنە گلەیی و گازندە لەو پیاوە و پیایدا هەڵدەشاخان و جنێویان پێدەدا، "کەرە پیر، تۆ بە مڵچەمڵچی شـۆربا خـواردن، پیـسمان

دەکەیت.!" ژنەکە زوو زوو پێی دەگوت:"جێگای تۆ ناو تەویلەی ئاژەڵانە نەك ئێرە." لەبەر ئەوە ژوورێکیان لە تەویلەی وڵاخەکان بۆ دیاریکرد و ڕەوانەی ئەوێیان کرد.

ئەم ژوورەش ئەوەندەی نەبرد لێیان سەندەوە، بە بیانووی ئەوەی کە ئێستر و ڕەشەوڵاخیان زۆرە و جێگایان نابێتەوە، لەبەر ئەوە لە ژووری مریشکەکان جێگایەکیان بۆ کردەوە. ئەم پیاوە پیرە بەستەزمانە ناچار بوو، کە لەناو پیسی و ریخکونەو تەپوتۆزدا خۆی رابهێنێت و گوزەران بکات. بەو جۆرە ئەو پیاوە دوورخرایەوە و لەبیر چووەوە.

بەڵام مرۆڤێك هەبوو کە ئەو پیاوە پیرەی هەر لەیادبوو، ئەویش ئەو کوڕە بچکۆلانەکەیان بوو، هەموو ڕۆژێك بە دزیەوە سەردانی باپیرەی دەکرد. ئەم کوڕە منداڵە ئەوەی دەزانی کە باپیرەی چی لێبەسەر هاتووە، لەبەر ئەوە سەردانی باپیرەی بە دزی و بە نەهێنی دەکرد، بۆ ئەوەی کە دایکی نەزانێ، ئەگینا ڕێگای لێدەگرت، بە تایبەتی کاتێك کە ئەو منداڵە باشترین و گرانترین جلوبەرگی لەبەردابوو، خۆ ئەگەر دایکی بیزانیایە کە دەچێتە ناو ئەو گەنگوگو پیسیەوە. یان ئەگەر دەزانێ کە دەچێت بۆ لای باپیرەی و باپیرەی لە ئامێزی دەگرێت و ماچی دەکات و ئەو هەموو خۆشەویستیە بە باپیرەی دەبەخشێت، ئەوکاتە دایکی شێتگیر دەبێت و لەوانەیە کە بەتەواوی باپیرەی دەربکات. ئەو ژنە هێندەی

رکوکین لەو پیاوە پیرەبوو بە نەگبەتی و شوم و جانەوەرێکی پیس ناودێری کردبوو.

ڕۆژێکیان باوکی کوڕە منداڵەکە کوڕە بچکۆلەکەی خۆی بینی بە دوو جاجم یاریەکی زۆر سەیر دەکات، باوکە لە کوڕەکەی چووە پێشەوە بۆ ئەوەی هەندێ یاری لەگەڵ کوڕەکەیدا بکات، لەبەر ئەوەی کە باوکی هەمیشە خەریکی سەروەت و سامان خڕکردنەوە بوو. هیچ کاتێکی وای نەبوو لەگەڵ کوڕەکەیدا یاری بکات.

باوکە بە کوڕەکەی گوت:"کوڕم ئەوە خەریکی چی و چی دەکەی.؟ دەتوانم منیش نەختێك یاریت لەگەڵ بکەم.؟"

کوڕە بچکۆلەکە بەبێ ئەوەی کە سەیری باوکی بکات، هەر بە کایە کردنەوە خەریکبوو. بە باوکی گوت:"یاری باوك و کوڕدەکەم."

باوکەکە پرسیاری لە کوڕەکەی کرد و گوتی:"کوڕم ئەوە چ جۆرە یاریەك دەکەیت...!؟"

کوڕەکە گوتی:"یاری باوك و کوڕدەکەم." من لە ماڵەوە ئەو جاجمانە دەهێنم لەو بەرزاییە دایان دەنێم بۆخۆم ئەو تورەکەی ئالیکاك و پەڕۆشڕانەش دەهێنم فڕێیان دەدەمە سەر یەك لەو گەوڕ و تەویلەدا کۆیان دەکەمەوە."

باوکەکە بە کوڕەکەی گوت:"ئەی بۆچی ناوت لێناوە یاری باوك و کوڕ...؟"

کوڕەکە وەڵامی باوکی دایەوە:"تۆ باوکیت و منیش کوڕت، ئەو شتە کۆن و پەڕۆ شڕانە بۆ تۆ کۆدەکەمەوە، کاتێك کە تۆ پیربووی، بەڵام ئەو جاجمە جوانە بەنرخانەش بۆ خۆم، لەبەر ئەوەی کە هەمیشە خۆم شوێنم گەرموخۆش بێت."

ئەو کاتەی کە کوڕە منداڵەکە لە وتەکانی بووەوە، باوکەکە تەزوویەکی ترس بە لەشیا هات، زانی کە پاداشتی لە پاشەڕۆژدا چی بەسەر دێت و چی چاوەڕوانی دەکات. یەکسەر باوکە پیرەکەی کەوتەوە یاد کە چۆن ئەو باوکە پیرەی خۆی توشی ئەو ژیانە دەردی سەری و نامرۆڤایەتیە کردووە.

پاشان باوکی کوڕە منداڵەکە یەکسەر پڕیکرد بە کوڕەکەیدا و ماچی کرد و زۆر سوپاسی کوڕە بچکۆلەکەی کرد کە بەو شێوەیە لە خەوی نەزانی و بێبەزەیی بێداری کردەوە. پاش ئەوە بڕیاری ئەوەیدا کە جارێکی تر ببێتەوە بە کوڕە دڵسۆزەکەی جارانی باوکە پیرەکەی.

# ئارەب و ئەسپ

لە دەرەوەی لادێیەكی دوور لە شارەوە لە وڵاتێكی ئارەبیدا پیاوێكی ئارەبی لادێیی هەژار و ستەمدیدە دەژیا، ئەم پیاوە تەنانەت خاوەنی خانوویەك یان كۆماجێك (زنج) نەبوو كە ژیانی تیادا بەسەر بەرێت، بەكورتی سەرمای زستان و گەرمای هاوین زۆر پەرێشانیان دەكرد. تەنیا شتێك كە ئەو پیاوە هەژارە خاوەنی بوو ئەسپێكی تەوسەری ڕەسەنی ئارەبی بوو، ئەم ئەسپە تابلێی جوان و چوارپەل ئەستوور و باڵەبان و وریابوو، ئەم پیاوە هەژارە وەك جگەر گۆشە سەیری ئەسپەكەی دەكرد.

لە هەموو شوێنێك ناوبانگی ئەم ئەسپە بیسترابوو، ڕۆژێكیان شێخێكی ئارەب هات بۆ تێبینی و سەیركردنی ئەم ئەسپە، شێخ پاش ئەوەی كە ئەسپەكەی بینی زۆر دڵی بە ئەسپەدا چوو، بە كابرای هەژاری گوت:"لە سەروەت و سامان چیت دەوێت دەتدەمێ بەمەرجێك ئەو

ئەسپەم پێبفرۆشیت." کابرای هەژاری لادێیی داخوازی شێخی دایە دواوە و گوتی:"من نە ماڵم هەیە نە هاوسەر، نە کوڕ، نە کچ و نە سامان، ئەوەی کە هەمە و نیمە لە جێگای هەموو ئەمانە تەنیا ئەو ئەسپەیە، لەبەر ئەوە بە سەروەتی هەموو دنیای ناگۆڕمەوە."

کابرای شێخی ئارەب کە زانی هیچ سوودی نیە، لەبەر ئەوە کەوتە فێڵ و تەڵەکەبازی، لەبەر ئەوە ئەو ڕۆژە چاوەڕێی کرد تا دنیا تۆزێك تاریکی کرد، ئەوسا دەستێك جلی شڕی گەدایی و گەریدەیی لەبەر خۆی کرد و بەرەو ئەو ڕەشماڵە هات کە کابرای ئارەب لەگەڵ ئەسپەکەیدا ژیانیان تیادا بەسەردەبرد. شێخ هەر کە گەیشتە بەردەمی ڕەشماڵەکە خۆیکرد بە سواڵکەر و لەبەر کابرای هەژاری ئارەب پاڕایەوە و داوای یارمەتی لێکرد، گوتی:"من پیاوێکی هەژارم، وا دنیا تاریکی کردووە و لە توانامدا نیە بەرەو شار بڕۆم، ئەتوانی ئەمشەو لای خۆت جێگام بکەیتەوە و ئا لەو بەرپێیەتا ڕۆژبکەمەوە...؟ تکات لێدەکەم وەك پیاوێکی ئارەبی بەبەزەیی یارمەتیم بدە."

پیاوە لادێییە دڵپاکەکە وەڵامی دایەوە:"بێگومان فەرموو ڕەشماڵەکەم ماڵی خۆتە." پاش ئەوەی میوانەکە دەست و دەموچاوی بە ئاوشت کابرای لادێیی نانێکی هەبوو کردی بە دوو کوتەوە، کوتێکی دا بە کابرای میوان و کوتەکەی تریشی بۆ خۆی، پاش نانخواردن کابرای لادێیی جێگایەکی نەرم و شلی لای سەرووی خۆیەوە بۆ میوانەکەی ڕاخست.

لە نیوە شەودا كابرای میوان شێخەی ئارەب لە خەو هەستاو جڵەوی ئەسپەكەی بە هێواشی ڕاكێشاو لە ڕەشماڵەكە بردیە دەرێ، كابرای لادێیی لە دەنگی تەپەی پێ لە خەوبێدار بووەوە و لەسەر جێگاكەی ڕاپەڕی، كە سەیری كرد نە ئەسپەكە و نە كابرای میوان نەماون، كابرای لادێی بە پڕتاو لە ڕەشماڵەكە چووە دەرێ، وەك شێت بۆ ئەسپەكەی دەگەڕا، لە ناكاوێكدا گوێی لە سمكۆڵانی ئەسپەكەی بوو، كابرای لادێیی بەرەو دەنگەكە رایكرد، بەڵام تازە درەنگبوو، لەو كاتەدا شێخی ئارەب خۆی هاویشتە سەر پشتی ئەسپەكە و ئاوزەنگێكی لێدا و بە چوارناڵە دایە غار.

كابرای هەژاری داماو بە دوویاندا بەڕاكردن هاواریدەكرد، "بۆ خاتری خوا ئەسپەكەم مەبەو بیگەڕێنەرە دواوە، شێخی سوارە، لە دوورەوە ئەسپەكەی ڕاگرت و هەڵوێستەیەكی بۆ كرد و بە دەنگی بەرز بە لادێیی هەژاری گوت:"لەو بڕوایەدای كە كەس بتوانێت من بگەڕێنێتەوە دواوە.؟ دڵنیابە تازە خواش دادنادا، لەسەری مەڕۆ و خەفەتی پێمەخۆ.! بڕۆ لە ژێر سەرینەكەمدا ئەو دراوەم بۆ بەجێهێشتووی كە گاڵتەی لەگەڵ ناكرێت، نرخی ئەسپەكەتە.

كابرای لادێیی كە زانی تازە كار لە كارترازاوە، ئەو دەمە زانی كە ئەو میوانە كابرای شێخی ئارەبی دوێنێ بەیانی بوو كە دەیویست ئەسپەكە بكڕێت، ئەوا ئێوارێ بە درۆ و كەڵەكەبازی خۆی كردبوو بە

سوالکەر. لادێیی هەژار بە ناچاری بە شێخی ئارەبی گوت:"پێش ئەوەی کە بڕۆیت و لە چاوم ونبی، تکایەکت لێدەکەم کە ئەم بەسەرهاتە بۆ کەس نەگێڕیتەوە، کە ئاوا منت هەڵخەڵەتان و فریودا."

شێخ پرسیاری کرد:"بۆچی خەڵکی ئەوە نەزانن...؟"

کابرای لادێیی وەڵامی دایەوە:"ئەگەر خەڵکی ئەوە بزانن، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە میوان دەگرنە خۆیان، ئەو کاتە خەڵکی بڕوای بە میوان نامێنێت و گومانیان لێدەکەن، لەم وڵاتە دەستی یارمەتی نامێنێت، بەو کارە ناپەسەندەی کە تۆ کردت زیانێکی زۆر دەگەیەنیت بە هەژاران و داماوان و تووشی دەردیسەرییان دەکەیت."

پاش ئەم وتانە شێخ ئاوزەنگی لێداو بە چوارناڵە بۆی دەرچوو.

# ڕووناکی سروشت

جارێکیان پاشایەکی زۆردار هەبوو، ئەم پاشایە فەرمانیدا بەسەر شاری سەفێدی ئیسرائیلدا. پاش ئەوەی کە دنیا تاریکی کرد، نابێت کەس نە مۆم نە شاپڵیتە نە چرای گەرچەك هەڵگیرسێنن، دەبێت ئەو شارە بە شەو تاریك بێت، مەبەستی ئەو پاشایە ئەوەبوو پێش بە منداڵان بگرێت، کە پەرتوك نەخوێندنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە منداڵان ببوو بە پیشەیان شەوانە پەرتوکیان دەخوێندەوە، هەر زوو بە زوو چارەسەری ئەو تاریکیەیان کرد، کاتێك کە دەبوو بە شەو و دنیا تاریکی دەکرد، منداڵان دەستیاندەکرد بە ڕاوکردن و گرتنی (گوڵە ئەستێرە) (جۆرە مێروویەکی باڵدارە لە شەوانی هاویننانـدا دەفڕێت، لە پاشەوە بریسکەی ڕووناکی لێدێت لە شێوەی فۆسفۆردا ڕووناکی ئەدات.) بەم جۆرە منداڵان بە هەزارانیان لەم مێرووە گوڵەئەستێرانە ڕاوکرد و خستیانە ناو سندوقی

بچوکەوە، کاتێـك منداڵـەکان زانیـان کـە ژمارەیـەکی زۆریـان لـەم گوڵـە ئەستێرانە گرتووە، شەوێکیان هەموو سندوقە بچوکەکانیان لەگەڵ خۆیـان برد بۆ فێرگە، کاتێك کە چـوونە پـۆلی خوێندنـەوە سـەری سـندوقەکانیان کردەوە بە جارێك بە هەزاران مێرووی گوڵەئەستێرە لە سـندوقەکان هاتنـە دەرەوە و فڕەفڕ بەناو ژووری پۆلەکەدا بڵاوبوونەوە و نـاو ژوورەکـەیان کـرد بە چراخان، گوڵەئەستێرەکان لەبری ئەوەی کە هەوڵبدەن لە ژووری پۆلەکـە بچنە دەرەوە، بـە پێـچەوانەوە لەسـەر هـەر مێـزی خوێنـدنێك بـە سـەدان گوڵەئەستێرە نیشتنەوە و بەرچاوی منداڵەکانیان ڕووناك کردەوە بۆ ئەوەی کە پەرتوکەکانیان بخوێندنەوە.

پاسـەوانێکی پاشـا کـە چـاوی بـەم ڕوونـاکی و چـراخانەی نـاو پـۆلی خوێنـدنی منداڵـەکان کـەوت، بـە پەلـە خـۆی گەیانـدە لای پاشـا و گوتی:"پاشای گەورە و سەردار، منداڵانی جولەکـە فـەرمانی بـەڕێزتانیان شکاندووە..!"

پاشا کە ئەم هەواڵەی بیست زۆر تووڕەبوو بە پیاوەکـانی گـوت:"هـەر ئێـستا سـواری ئەسـپەکانتان دەبـن و بـەغار دەگەینـە ئـەوێ و چـاریان دەکەم."

کاتێـك کـە پاشـا گەیـشتە فێرگـەی منداڵـەکان و خـۆیکرد بـە پـۆلی خوێندنیاندا، کە بینی هەموو منداڵەکان دانیشتون لەسەر مێزی خوێنـدن و گوڵەئەستێرەکان وەك مـۆم بەرچـاوی منداڵـەکانیان ڕوونـاك کردۆتـەوە،

منداڵەکانیش پەرتوکەکانیان دەخوێندنەوە، پاشا بە بینینی ئەم دیمەنە زۆر سەرسام بوو.

پاشا ڕوویکردە یەکێك لە شاگردەکانی پۆلەکە، ئەم شاگردە تۆزێك تەمەنی لە شاگردەکانی تر گەورەتربوو، پێی گوت:"هەستە خێرا بچۆ بۆ لای رابین و پێی راگەیەنە، بڵێ پاشا فەرمانی دەرکرد کە دەتوانن مۆم و شاپڵێتە داگیرسێنن، لە ناو ماڵ، لە فێرگە و لە هەموو شوێنێکی تری ئەم شارەدا، پاشا درێژەی بە وتەکانیدا و گوتی، من دەتوانم بەرامبەر بە مرۆڤ شەڕبکەم و دەسەڵاتم ڕووناکیان لێ بکوژێنێتەوە، بەڵام ئەو شەڕەم لەگەڵ سروشتدا بۆ ناکرێت و ڕووناکی سروشتم بۆ یاساخ ناکرێت."

یەکێك لە شاگردەکان ڕوویکردە پاشا و پێی گوت:"پاشای بەڕێز ئەو ڕووناکاییە ڕووناکی سروشت نیە، ئەوە ڕووناکی ئەو تەوراتەیە کە ئێمە دەیخوێنینەوە، تەورات ڕووناکیە، ئەو ڕووناکیە هیچ هێزێك نیە بیکوژێنێتەوە.

## وەكو یەك بە تەمەنن

پیاوێكی پیر لە شاری چالم دەژیا، ئەم پیاوە یـەكێك لـە گوێـچكەكانی تەواوكپ و كەڕبوو، ئەم پیاوە بۆ چارەسەركردنی گوێی چـوو بـۆ وڵاتێكـی تر، بۆ ئەوەی كە خۆی نیشانی دكتۆربدات. پاش ئەوەی كە دكتۆر سەیری گوێی پیاوەكەی كرد، پێی گوت: "هـیچ دەرمانێـك و كـارێكی زانـستانە نیە كە ئەو گوێیە كەڕەت چاككاتەوە. ئەو كەڕیەتیە پەیوەندی بە تەمـەن و پیر بوونتەوە هەیە."

پیاوە گوێ كەڕەكە ڕوویكردە دكتۆر و بە دكتۆری گوت:"بەڵێ تـۆ بـە خۆت دەڵێیت دكتۆر...! تۆ ئاوا بەبێ ترس و بەڕاشكاوی بە مـن دەڵێیـت كە ئەو گوێ كەڕییەم پەیوەندی بـە پـیری و تەمەنمـەوە هەیـە..! دكتـۆری بەڕێز ئەگەر ئەو فەرمایـشتەی بـەڕێزتان ڕاسـت بێـت، دەبوایـە گوێكـەی تریشم كەڕ بووایە..! ئایا هەر دوو گوێـچكەم هێنـدەی یـەكتری بەتەمـەن نین..؟ كاتێك كە لە دایك بووم هەر دوو گوێچكەم لێنەڕوابوو..؟"

## مرۆڤ چۆن گه‌وره ده‌بێت...؟

جارێكیان دوو پیاوی شاری چێلم ڕووبه‌ڕووی پرسیارێك بوونه‌وه و لێیان ببوو به گرفت و ئاسته‌نگ. ئه‌و پرسیاره‌ش ئه‌وه‌بوو كه چۆن مرۆڤ گه‌وره ده‌بێت له سه‌ره‌وه بۆ خواره‌وه، یان له پاكانیه‌وه بۆ سه‌ره‌وه گه‌وره ده‌بێت..؟

یه‌كێك له پیاوه‌كان گوتی:"گومان له‌وه‌دانیه و ئاشكرایه كه مرۆڤ له پاكانیه‌وه ده‌ست به‌گه‌وره‌بوون ده‌كات، واته له ژێره‌وه بۆ سه‌ره‌وه، من ده‌توانم ئه‌وه بسه‌لمێنم، ساڵی ڕابردوو، پانتۆڵێكم بۆ كوڕه‌كه‌م كڕی، كوڕه‌كه‌م كاتێك پانتۆڵه‌كه‌ی له پێده‌كرد، پانتۆڵه‌كه هێنده درێژ بوو له زه‌وی ده‌خشا، به‌ڵام ئێستا كوڕه‌كه‌م هێنده گه‌وره‌بووه، پانتۆڵه‌كه‌ی كورت بۆته‌وه و ته‌نانه‌ت ناتوانێت به‌كاری بهێنێت. به‌م شێوه‌یه خه‌ڵكی ئه‌وه

دەزانن کە مرۆڤ لە ژێرەوە بۆ سەرەوە گەورە دەبێت، واتا لە پاوە بۆ سەر."

ئەویتریان وەڵامی دایەوە گوتی:"هەی بێمێشك ئەوەی کە تۆ دەڵێیت پێچەوانەی ڕاستیە. تۆ دەتوانی ئا لەو پەنجەرەیەوە سەیری ئەو پۆلە سەربازە بکەیت بە هەموو پلەکانیانەوە کە چۆن ڕاوەستاون، هەر هەموویان پێیان لەسەر زەویە و لەیەك ئاستدا پێیان داناوە. بەڵام سەیری سەری هەموویان بکە، بەرزی باڵای هەریەکەیان لەوی تر جودایە. ئەو کەسەی کە مێشکی هەبێت ئەوە تێدەگات کە مرۆڤ لە سەرەوە گەورە دەبێت بۆ خوارەوە...!"

پاش ئەم وتانە سەیرێکی هاوڕێ بێمێشکەکەی کرد.

## چۆن خوا مەڕی پاراست..؟

جارێکیـان مــەڕێك گلـەیی لـە خـواکرد و گـوتی:"خـوای گـەورە و بەدەسەڵات و دروستکەری ئەم گەردوونە. تـۆ لـەم جیهانـەدا زۆر ئاژەڵـت دروستکردووە، کە دڕندەن و زۆربەشیان دەیانەوێت کە بمخۆن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ شتێکی وات پێنەداوم کە بەرگری لە خۆم پێبکەم."

خوا بەم وتە و پرسیاری مەڕە، گەلێك نائارام بوو، کە چۆن ئـەم جـۆرە ئاژەڵە لاوازانەی دروستکردووە. بە مەڕەکەی گوت:"مەڕی خۆشەویـست، تۆ راستدەکەیت، بەڵام دەمـەوێت ئـەوەم پێبڵێیـت، کـە چـیت دەوێـت بـۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم..؟ دەتەوێت دانەکانت بکـەم بـە کەڵبـەی تیـژ، بـۆ ئەوەی بتوانێت گاز لەو ئاژەڵانە بگریت کە پەلامارت دەدەن و هەڕەشـەی مەرگت لێدەکەن..؟ یان دەتەوێت لـە بـری ئـەو سمـە نەرمانـەت چـڕنوکی تیژت بدەمێ...؟"

مەڕ وەڵامی خوای دایەوە و گوتی:"نا هەرگیز کەڵبەی تیژ و چڕنوکی تیژ و چەپەڵ ناخوازم، بەڵام شتێکی ترت نیە کە بمدەیتێ، تا بتوانم بەرگری و پارێزگاری لەخۆم پێبکەم...؟"

خوا وەڵامی دایەوە:"با دەتوانم دانی ژەهراویت بدەمێ."

مەڕەکە گوتی:"نا هەرگیز دانی ژەهراوی ناخوازم...! خوای گەورە خۆت دەزانیت هەموو کەسێك کێن و رکیان لە مار و جاڵجاڵۆکە دەبێتەوە."

خوا بەرێزەوە وەڵامی مەڕی دایەوە و وتی."مەڕی خۆشەویست من دوو شاخی تیژم پێبەخشیویت."

مەڕ وەڵامی دایەوە گوتی:"خوای پەروەردگار من نامەوێت بەو شاخانە بەرگری لە خۆم بکەم، زۆر لەوە دەترسم کە بەو شاخە تیژانە یەکێك بکوژم، یان ئەوانەی کە ئەو شاخە تیژانەیان هەیە، وەك گامێشی کێوی کە لە خۆبایی دەبن و دڕندەبن."

خوا زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:"کەواتە هیچ کام لەو چەکانەت ناوێت کە پێم گوتیت..؟ ئەی چی تر دەخوازیت کە بتدەمێ..؟"

مەڕ بەخوای گوت و پرسیاری کرد:"خوای گەورە پێویستە من ئەو جۆرە شتانەم هەبێت و یەکێکی تری پێ ئازاردەم یان پێ بکوژم..؟ بە هەر شێوەیەك بێت دەمەوێت وەکو خۆم ئاوا کە چۆن لاواز و بێدەسەڵاتم هەر ئاوا بەم شێوەیەی ئێستام بمێنمەوە."

پاشان خوا خۆی چەمانەوە و دەستی هێنا بە سەری مەڕدا و دڵی دایەوە و گوتی:"نا مەڕی خۆشەویست من ئاوا بە ئاسانی دەستت لێهەڵناگرم و ئاوا بەبێ دەسەڵاتی بەجێت ناهێڵم، لەبەر ئەوەی كە تۆ ئازاری كەسانی تر ناخوازیت، تۆ هەرگیز لاواز نیت، لە چاكەی ئەوەدا بڕۆ وا خوری نەرم و گەرم و سپیم پێبەخشیت و بیدە بە مرۆڤ، بڕۆ یارمەتی مرۆڤ بدە كە جلوبەرگ لە خوریەكەت دروست بكەن و خۆیانی پێ جوان بكەن و بڕازێننەوە و گەرم كەنەوە. ئەم یارمەتیەی تۆ دەبێتە هۆی نزیك بوونەوەت لە مرۆڤ و لای ئەوان خۆشەویست دەبیت، ئەو كاتەش مرۆڤ بەخێوت دەكەن و لە هەموو ترس و مەترسی مەرگێك دەتپارێزن."

پاش ئەمە مەڕ بەخۆی و خوریە نەرمونۆڵە جوانە سپیە بەفریەكەیەوە سوپاسی خوای كرد.

## هەنجیر

پاشایەك بە خۆی و لەشكرەكەیەوە بەڕێوەبوو كـە هێـرش بكاتـە سـەر وڵاتێكی تر، لە ڕێگا چاوی بە پیاوێكی پیر كەوت خـەریكی ڕوانـدنی دار هەنجیربوو.

پاشا پرسیاری لە پیاوە پیرەكرد و گوتی:"بـاپیرە تەمـەنت چـەندە...؟ بەو پشتەكۆماوە و دەستە لەرزۆكانەتا دیارە كە تەمەنێكی زۆرت بەسـەر بردووە."

پیاوە پیرەكە وەڵامی پاشای دایەوە."بەڵێ ڕاست دەكەیت گەورەم، من تەمەنم لە 100 ساڵ تێپەڕیوە..!"

پاشا كە گوێی لە وەڵامی پیاوە پیرەكە بوو سەری سـوڕما و پرسـیاری لێكرد."بـەڵام ئایـا شـتی وا چـۆن دەبێـت كـە پیـاوێكی پـیری وەكـو تـۆ بەتەمەن دەتوانیت بەو شێوەیە كاربكەیت و دارهەنجیر بڕوێنی..؟"

پیرە گوتی:"گەورەی بەڕێزم، من بە هەموو ژیانم خەریکی چاندنی داری میوە بووم، ئەگەر خوا یارمەتیم بدات و تەمەنم درێژکات، ئەوا ئەو ڕۆژە دێت کە لەبەری ئەم تولە نەمامە هەنجیرانەی ئەمڕۆژیش بخۆم کەوا ئێستا خەریکی ڕواندنیانم، خۆ ئەگەر هاتوو مردیشم ئەوا بە بێگومانەوە ئەم دار هەنجیرانە گەورەدەبن و بەر دەدەن، بەوەش هەر بەختەوەرم لەبەر ئەوەی کە بۆ منداڵەکانم دەمێننەوە و ئەوان لە بەرەکانیان دەخۆن، هەر وەك چۆن باب و دایکم ئەو کارەیان پێش من کردووە و من لەبەری کار و ڕەنجی ئەوانم خواردووە. دایك و باوکم چۆن بیریان لە پاشەڕۆژی من کردۆتەوە ئاوا منیش بیر لە پاشەڕۆژی منداڵەکانم دەکەمەوە."

ماوەی سێ ساڵ بەسەر ئەم چاوپێکەوتنەدا تێپەڕی پاشا لەو ماوەیەدا خەریکی شەڕ و وڵات داگیرکردن بوو، پێش ئەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی هەر هەمان ڕێگای بەرەو وڵاتەکەی خۆی گرتەبەر، بەڕێکەوت پاشا هەروەك سێ ساڵ لەوەوبەر چاوی بە پیاوە پیرەکە کەوتەوە، بەڵام ئەمجارە پیاوە پیرەکە هێندەی تر پیر و پشتکۆماوە و لەرزۆك و چەماوەبوو، بەڵام سەیر لەوەدا بوو ئەم پیرە هەر خەریکی کار و میوە چنین و هەنجیر چنین بوو، کابرای پیرە زەمبیلەیەکی جوانی لە پووش دروستکراوی بەدەستەوەبوو، پڕی کردبوو لە میوە و هەنجیری گەییو، کە چاوی بە پاشا کەوت بە پاشای گوت:"گەورەی سەردارم دێتەوە یادت پێش سێ ساڵ لەمەوبەر خەریکی چاندنی داری هەنجیربووم، ئێستا من هەر ئەو پیاوە

پیرەم، وا ئەم زەمیلە پڕ لە میوەیەم لەو دار هەنجیرانە چنیوە کە ئەوەدەم دەمرواندن، ئێستاش نیازم وابوو بەختەوەرانە بەرەو کڵێسە بچم و ئەم دیاریەیان پێشکەش بکەم، گەورەم زۆر بەختەوەرم بەوەی کە خوا یارمەتی دام و ئاواتەکەم هاتە دی کە بەری ئەو تولە نەمامە هەنجیرانەشم بینی و خوارد، پاشای بەڕێزم ئەتوانم زەمبیلەیەك لەم میوە نایابەت بۆ بکەم بە دیاری و بەڕێزیشتان تامی بکەن...؟"

پاشا دەستی برد هەنجیرێکی لە زەمبیلەکە هەڵگرت و خواردی، پاشان سوپاسی پیاوە پیرەکەی کرد و ڕوویکردە یاوەرەکانی و پێیگوتن:"هەر ئێستا ئەو زەمیلەیە بۆ ئەو باپیرەیە پڕدەکەن لە زێڕ، لە پاداشتی ئەوەی کە ئەم پیاوە پیرە هێندە گەشبین و بڕوای بە پاشەڕۆژ هەیە."

# تاکە ئاواتی خانم

پیاوێك و خانمەکەی بۆ ماوەی دە ساڵ دوو هاوژینی بەختەوەربوون، بەڵام بەداخەوە کە ئەم ژن و مێردە، منداڵیان نەدەبوو، ئەو سەردەمەی کە ئەم دوو هاوسەرەی تێدا دەژیان، وا باوبوو کە پیاو دەیتوانی لە ژنەکەی جیاببێتەوە، لە کاتێکدا ئەگەر ژنەکەی نەیتوانیایە منداڵی ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم پیاوە هاوسەرەکەی خۆی زۆر خۆشدەویست، هەمیشەش خەوی بەوەوە دەبینی کە منداڵێکی هەبێت و منداڵەکەی ببێتە دەسەڵاتدار و میراتگر و فەرمانڕەوایی ئیسرائیل بکات. ئەم ئاوات و خواستەش تا دەهات ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبوو. لەبەرئەوە ئەو پیاوە بڕیاریدا کە لەگەڵ ژنەکەیدا جیاببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا چوون بۆ کڵێسە بۆ لای رابین سیمۆن. کاتێك کە بەسەرهاتەکەیان بۆ ڕابین گێڕایەوە، ڕابین هەوڵێکی زۆری لەگەڵ پیاوەکەدا

کە واز لەو جۆرە بیرکردنەوانە بهێنێت و ئەو ژیانە بەختیارییە لـە خـۆی و هاوسەرەکەی تێکنەدات، بەڵام کابرا سووربوو لەسەر داخوازی جیابوونەوە وتەکانی ڕابین هیچ کارێکیان تێنەکرد.

ڕابین بە کابرای گوت:"برای باش تەنیا داخوازییەکم لێت هەیە، ئەگەر دەتوانیت جێبـەجێی بکـە، کاتێـك کـە تـۆ یەکـەمجار زەماوەنـدت لەگـەڵ هاوسەرەکەتدا کـرد، ئاهـەنگێکی زۆر خـۆش و گـەورەت گێـڕا و هـەموو دۆسـت و ناسـیاو و هاوڕێکانـت بەشـداری ئاهەنگەکـەتان بـوون، تـۆ و هاوسـەرەکەت و هـەموو میوانەکانیـشتان بـەو ڕۆژە دڵـشاد و بەختـەوەر بوون، ئێستاش کە دەتەوێت لە ژنەکەت جودا ببیتـەوە، بـڕۆ ئاهـەنگێکی تر وەکو هەمان ئاهەنگ ساز بکە و هەموو دۆست و ناسیاو و هاوڕێکانت بانگ بکە بۆ ئاهەنگی جیابوونەوەت، هەوڵیش بدە کە بەهەمان ئاهەنگی یەکەمجارت خۆت و هەموو لایەکی تریش بە گێڕانی ئەو ئاهەنگە دڵشاد و بەختیاربن. بەلام بۆ ڕۆژی دوایی ئاهەنگەکە وەرەوە بۆ لای من، ئەو کاتە بزانە بەهەمان شێوەی ئەمڕۆ هەر سووریت لەسەر جیابوونەوە.؟" پیاوەکە بڕیاریدا کە داخوازییەکەی ڕابین جێبەجێ بکـات، هـەر ئـەو ڕۆژە هـەموو دۆسـت و ناسـیاو و هاوڕێکـانی بانگەشـەی ئاهـەنگکردن و ڕۆژی ئاهەنگەکەی دیاریکرد.

لە شەوی ئاهەنگی جیابوونەوەدا پیاوەکـە لەبـەردەم هـەموو هـاوڕێ و میوانەکانیدا بە ژنەکەی گوت:"هاوسەری خۆشەویستم، ئێمـە لـە مـاوەی

دەساڵدا ژیانێکی گەلێك بەختەوەرمان بەسەربرد، تەنیا شتێك کە منی لە تۆ جوداکردەوە ئەوەیە کە ئێمە منداڵمان نیە و تۆ منداڵت نابێت، منیش بۆ ئەوەی کە چاکەی تۆ بدەمەوە و سوپاست بکەم، برۆ چی بە باش و بە چاك دەزانی و لە لات بەنرخە لەم ماڵەدا بیبە بۆ خۆت" ئەو کەسانەی کە لە ئاهەنگەکەدا بەشداربوون هەموویان دڵشاد و ئەم هەڵوێستەی کابرایان زۆر بەلاوە پەسەند و مرۆڤایانە و ڕاستگۆیانە بوو، پاش ئەم وتانە ئاهەنگ جۆشی سەند و تەواو گەرم بوو، میوانەکان هێندەیان خواردەوە تا تەواو سەرخۆش بوون، یەکێك لە سەرخۆشەکان مێردی ژنەکە بوو، هێندەی خواردەوە زمانی گۆی نەدەکرد، لەسەرخۆشیا خەوی لێکەوت. ژنەکە کە ئەم دیمەنەی بینی بە هەلی زانی بە پەلە چرپانی بە گوێی یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی خۆیاندا و پێی گوت:"دەستم بە دامێنت هەر ئێستا گالیسکەیەك بهێنەو ئەم مێردەمی تێخە و بیگەیەنە ماڵی باوکم لەوێ جێگای خەوتنمان بۆ ئامادە کردووە، بەڵام پیاوی چاکبە پەلە بکە، پێش ئەوەی کە بێتەوە سەرخۆی و بەئاگا بێتەوە، با پلانەکەی رابین هەڵنەوەشێتەوە." هاوڕێ دڵسۆزەکەیان کارەکەی بە چاکی و دڵسۆزییەوە جێبەجێکرد.

کاتێك کە پیاوەکە خەوی سەرخۆشی بەریدا و چاویکردەوە، سەیریکرد ئەم جێگا و خانووە ماڵەکەی خۆی نیە و شوێنێکی ترە. کابرا هاواریکرد گوتی:"خەڵکینە من لە کوێم..؟ ئێرە کوێیە...؟"

لەو کاتەدا کە پیاوەکە هاوار و پرسیاری دەکرد، ژنەکەی ڕووپۆشێکی دابوو بە دەم و چاویدا و بە پیاوەکەی گوت:"هاوسەری خۆشەویست تۆ لە ماڵی باوکمی هیچ مەترسە و دان بەخۆتدا بگرە. ئێستا دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم کە تۆ خۆت شەوێ لە ئاهەنگەکەدا لەبەر دەمی هەموو میوان و دۆست و ناسیاوەکاندا پێتگوتم:"کە ئەوەی بە دڵی خۆم و بەنرخە لەلام لە ماڵەکەدا بیبەمە دەرەوە لەگەڵ خۆمدا،"منیش داخوازی تۆم بەجێهێنا، بەڵام تەنیا شتێك کە لای من بەنرخ و خۆشەویست بوو لەو ماڵەدا تۆ بووی. "کاتێك کە پیاوەکە گوێی لە وتەی ژنەکەی بوو هێندەی تر هاوسەرەکەی لەلا خۆشەویست بوو و یەکسەر بەرەو ڕووی هاوسەرەکەی ڕۆیشت و یەکتریان لە ئامێزگرت و جارێکی تر بەو ژیانە بەختەوەرییە شادبوونەوە. ئەم دوو هاوژینە تا کۆتایی تەمەنیان ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی نەمریان ڕابوارد لەگەڵ ئەوەشدا کە هەرگیز منداڵیان نەبوو.

## بێوەژن و ڕەشەبا

ئەو سەردەمەی کە سالۆمۆ پاشای وڵات بوو، لە گوندێکی بچوکدا بێوەژنێکی زۆر هەژار و بێکەس بە تەنیا لە کۆماجێکدا دەژیا، ئەم بێوەژنە ناوی چونامیت بوو، سەربانی کۆلیتەکەی بە لاسك و لکە دارخورما داپۆشی بوو، خواردنی سەرەکی ئەم ژنە تەنیا ماسی بوو.

ڕۆژێکیان بارانێکی زۆر باری و ڕەشەبا و بۆڕفتە هەڵیکرد. ئەو ڕۆژە کەس نەیدەتوانی لە ماڵ بچێتە دەرەوە، دەریاش بە شەپۆلی مەزنەکانی لرفەی لێوەدەهات.

ئەم بێوەژنە هەژارە سەر بەکوێدا بکا و چی بخوات؟ ئایا دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە لای ماڵە ماسی گرەکان و نەختێك نانی بدەنێ؟ نەخێر ئەوانیش هیچیان لەدەستدا نیە کە بەشی بدەن. بەڵام پیاوێکی دەوڵەمەند هەبوو، لە خانوویەکی گەورە و سەرئاوەڵا دەژیا، کە هەندێك لە گوندەوە

دوور بوو، ئەم پیاوە خاوەنی کێڵگەی گەورە و مێرگ و سەوزایی و ڕەز و باخێکی زۆربوو، لەگەڵ ئەمانەشدا خاوەنی ڕەشە وڵاخێکی زۆر و سەدان سەر مەڕ و بزن و هوشتر و گوێدرێژ بوو.

ڕەشەبا و باران درێژەی کێشا و خۆشی نەکردەوە، بەیانیەکیان زوو بێوەژن لە خەو هەستا، بەری ئاسمان هەورێکی تەڵخ و چڵکن دایپۆشیبوو، ڕەشەباش هەر لورە و گڤەی دەهات، چونامیت چاری نەما زانی کە دەبێت داوای یارمەتی بکات، ناچار کەوا دڕاوەکە و کورتەکە چڵکنەکەی لەبەرکرد، ئەم جلوبەرگانەی بەرۆژ لەبەردەکرد و بەشەویش لە بری لێفە و جاجم پێیان دەخەوت و خۆی پێگەرم دەکردنەوە. چونامیت ملی ڕێگای گرتەبەر بەرەو ماڵی کابرای دەوڵەمەند.

بێوەژن نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتە ماڵی کابرای دەوڵەمەند، پیاوەکە لەبەر هەیوانی ماڵەکەی ڕاوەستابوو، ژنە بەشەرمەوە خۆی نیشانی پیاوە دەوڵەمەندەکەدا، ئەم پیاوە کە چاوی بە ژنەکە کەوت پێیگوت:"بۆچی شەرم دەکەیت.؟ بڵێ بزانم چیت دەوێت و بۆچی هاتوویت.؟"

ژنەکە وەڵامیدایەوە:"من لە گوندی ڕاوەماسی دەژیم، ئێستاش هانام بۆ تۆ هێناوە و هیچ شتێك شکنابەم کە بیخۆم، لەبەر ئەوە هاتووم کە تۆ یارمەتیەکم بدەیت چەند نانێکم بدەیتێ و لە دەست برسیەتی و مردن ڕزگارمکەیت."

پیاوه دەوڵەمەندەکە وەڵامیدایەوە گوتی:"ئـەوی ڕاسـتی بێـت منـیش ئەوە چەند وچانێکە لە ئۆرشەلیم گەڕاومەتەوە لە سەردانی کۆشکی پاشـا سالۆمۆبووم، پاشای گەورەمان بە تاجی زێرینەوە لەسـەر تـەختی شـاهانە دانیشتبوو، بە هەر چواردەوریدا پیاوانی بەڕێز و بە دەسەڵات و خـەڵکانی ئاسـایی دانیـشتبوون، پاشـای مـەزنمان بـۆ ئـەم خەڵکانـە دەدوا و وتـەی بـەنرخی دەفـەرموو، لـە وتەکانیـدا گـوتی:"ئـەو کەسـانەی کـە دەسـت پانناکەنەوە و چـاوەڕێی کەسـانی تـر نـین کـە بیانـژێنن تەمـەنیان درێـژە، ئەگەر دەتانەوێت ژیانتان کورتوکۆتا بێت ئەوە هەمیشە چاوتان لە دەستی کەسانی ترە و هەمیشە دەست پاندەکەنەوە، ئەوەش ئۆبـاڵی بـە ئەسـتۆی خۆتانە."

دەوڵەمەند بە ژنەکەی گوت:"لەبەر ئەوە منـیش نامـەوێت ئـەو کـارە لەگەڵ تۆ بکەم و تەمەنت کورت بێت."

بێوەژنـە هەژارەکـە بـە پیاوەکـەی گـوت:"باشـە، ئەگـەر تـۆ ئێـستا یارمەتی چەند کولێرەیەکم بـدەیت، منـیش تـا مـاوم لای خـوا نـزات بـۆ دەکەم کە تەمەنت درێژکات"

پیاوە دەوڵەمەندەکە بە ژنـە هەژارەکـەی گـوت:"نـا مـن ئـەو کـارەت لەگەڵدا ناکەم و لەگەڵتا نیم،" کابرا درێژەی پێداو گوتی: "هەروەها پاشا سالۆمۆ لە وتەکانیدا گوتی، "ئـەو کەسـانەی کـە ئـەو جـۆرە یارمـەتی و دەستپان کردنەوانە دەخوازن تـا مـاون دەبێـت، سـەرنەوی و کۆیلـەی ئـەو

کەسانەبن کە دەستیان لێپاندەکەنەوە." "لەبەر ئـەوە مـن هـەرگیز رێگـا بەخۆم نادەم کە ژنێکـی جولەکـە سـەرنەوی و کۆیلـە بکـەم، نـا نـە هـیچ وەردەگرم و نە هیچیش دەدەم."

ژنە هەژارەکـە بـە پیاوەکـەی گـوت: "تـۆ دەتـەوێت لەبـەر چـاوت لـە برساندا بمرم؟ ئایا خوا ئەمەی پێخۆشە کە مامەڵەی ئاوا لە تەك هـەژاردا بکەیت.؟"

پیاوەکە گـوتی: "دڵ لـە دڵ مـەدە مەترسـە نامریـت.! "پاشـان ڕووی کردەوە ژنە و گوتی:"من پێشنیازێکم هەیە، بڕۆ هەوڵبدە شتێك بەدەست بێنە کە کەس خاوەنی نەبێت.!"

ژنە هەژارەکە پرسیاری لە کابرا کرد و گوتی، "مەبەستت چیە؟ باشـە پێم بڵێ شتێك هەیە کە خاوەنی نەبێت، جگـە لـەو پـوش و پەڵاشـە زەرد هەڵگەڕاو و وشکبووانەی ئەو دەشتانە نەبێت.؟ ئێـوە سـوکایەتی بـە مـن دەکـەن، ئـەدی لـەخوا ناترسـی کـە هەمیـشە پـشت و پـەنای هـەژاران و منداڵانی بێ باوك و دایکانە.؟"

پیاوەکە بە بێوەژنە هەژارەکەی گوت:"دەمەوێت چاك گوێم لێبگریـت، کە گەنجینەی ئارد و خواردنەکـەم چـۆڵ و هۆڵـە و هیـچی تێدانیـە، پـێش چەند ڕۆژێك بە سەدان فەردە ئاردی تێدابوو، بەڵام هـەموویم بەخـشی بـە کۆشـکی پاشـا، بـڕۆ گوێنیـە بەتاڵـەکان وا لـە گەنجینەکـەدا هەڵـچنراون،

دڵنیام کە ئاردیان پێوە ماوە و دەتوانی بیانتەکێنی و چەند مشت ئاردیان لێکۆکەیتەوە.!"

ژنە هەژارەکە بەرەو گەنجینەکە ڕۆی، پاش ئەوە نیوەشەوێکی درەنگ گەیشتەوە ماڵەکەی خۆی و لە ئاردەکە سێ کولێرەی بچکۆلەی دروستکرد و سوپاسی خوای کرد، پاشان دانیشت بۆ ئەوەی کە کولێرەکان بخوات.

ژنە هەر کە دەستی برد بۆ کولێرەیەك کە بیخوات، پیاوێك بە هەناسە ساردییەوە خۆی کرد بە کۆماجی ژنەکەدا، ئەم پیاوە ماوەی سێ ڕۆژ بوو هیچی نەخواردبوو، هێندەی نەمابوون لە سەرماناو لە برسانا گیانی دەرچێت. پیاوەکە بەسەرهاتی خۆی بۆ ژنە هەژارەکە گێڕایەوە، کە ماڵ و خانووەکەی ئاگری تێبەربووە و هیچ شتێکی بۆ دەرنەچووە، ماڵو منداڵەکانیشی هەمووی بە دووکەڵی ئاگرەکە خنکاون و مردوون، هەرچی سامان و مەڕ و بزن و مانگاشی هەبووە، هەمووی سووتاون، تەنیا هێندەی پێکراوە گیانی خۆی ڕزگارکات.

ژنەکە کولێرەیەك لە کولێرەکانی دا بە پیاوە هەژارەکە تا بیخوات، پاشان ژنەی هەژار سوپاسی خوای کرد کە توانی گیانی پیاوێکی هەژار بە کولێرەیەك لە مردن دەربازکات.

بێوەژنە هەژارەکە هەر کە دەستی برد بۆ کولێرەی دووهەم کە بیخوات، کابرایەکی تری هەژار خۆیکرد بە ژووردا و بە لەرزە لەرز و نیوە

گیانەوە هێزی تێدا نەمابوو، ئەم پیاوە پێش ئەوەی کە تووشی ئەم کارەساتە ببێت پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندبووە. ئەم پیاوە، ژن و منداڵی هەبوو، هەروەها سامانێکی زۆری بووە، بەڵام جەردە و دز هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵەکەی و هەرچی هەبووە بردوویانە و ژن و منداڵەکانیشیان کوشتووە و سەروەت و سامان و هەرچی ڕەشەوڵاخی هەبووە دزەکان دەیبەن و دەیدەنە پێش خۆیان. ئەم پیاوەش ماوەی سێ ڕۆژ بە سەرلێشێواوی بە دەشت و دەرەوە بووە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی بەدەست کەوتبێت کە بیخوات.

ژنە هەژارەکە کولێرەیەکیشی دا بەم کابرا هەژارە و سوپاسی خوای کرد کە توانی گیانی مرۆڤێکی تریش لە مەرگ ڕزگارکات.

ژنەی هەژار دەستیدایە کولێرەی سێهەم کە بیخوات، لە ناکاودا ڕەشەبایەکی سەخت هەڵیکرد، هەرچی دار و دیواری کۆلیتەکە هەیە هەمووی دارمانە خوارەوە، ڕەشەبا هێندە بەهێزبوو کولێرەکەی لە دەستی ژنە هەژارەکە فڕاند بەرەو دەریا، چۆن ئەو ڕەشەبایە ئاوا لەناکاو هەڵیکرد. ئاواش لە ناکاو ڕەشەباکە کەوت و خامۆش بوو. ژنەکە بە تەواوی سەرسام بوو، لەو ڕەشەبا ناکاوەی کە هەڵیکرد و دەست بەجێش لە ناکاودا نەما!

دەریا بە بێدەنگی شەپۆلی کورتی دەدا سروەیەکی فێنکی دەریا هەڵیکرد، گزنگی خۆر پرچی شەپۆلە کورتەکانی دەریای شانە دەکرد،

هێنـدە نابـات، ماسـی گرەکـانی گونـد لەخـەو هەڵدەسـتن و بـەخۆیان و تۆڕەکانیانەوە دەگەنە سەر دەریا، منداڵەکان دەست دەکەنەوە بە سـەما و هەڵبەز و دابەز و بـە خۆشـیەوە پـڕ بـەدەم هاواردەکـەن"کـاتی برسـێتی و هەڕەشەی مەرگمان بەسەرچوو. گەورەم ئێستا نان و ژیان دەخوازین."

بەڵام ئەفسوس ئەمانە هـەمووی بیرکردنـەوەی فـەنتازی و خـەوی ژنـە هەژارەکە بوو.

ژنە هەژارەکە کەوتە بیرکردنەوە و بە خوای گوت: "باشە بۆچی تۆ ئەم مامەڵەیە لەگەڵ من دەکەیت.؟ یەکێك لە کولێرەکانم دا بـەو پیـاوەی کـە ماڵ و منداڵی سووتابوون، کولێرەیەکی تریشمدا بەو پیـاوە هـەژارەی کـە دزەکان ژن و منداڵەکانیان کوشتبوو و ماڵەکەشیان هەموو تالآن کردبـوو. لـە سـەرەڕای ئـەوەش سوپاسـم کردیـت. بـەلآم بـۆ سـێهەم کـولێرە بۆچـی ڕەشەبات هەڵکرد و کولێرەی لە دەست فڕاندم.؟ بەلآم دڵنیام لەوەی کە تۆ ڕەشەبات هان نەدا بوو کە ئەو کولێرەیەم لە دەست بفڕێنێت!" ژنەکـە بـە ڕەشەبای گوت:"ئای ڕەشەبا بۆ ئا بەو جـۆرە بێفـەرمانی خـوات کـرد..؟! لەبەر ئەوە دەبێت لێت بپرسرێتەوە و بخرێیتە بەر دادگا."

ژنە هەژارەکە جلە شڕەکانی کردەبەر و بەرەو ئۆرشەلیم ڕێگای گرتەبەر تا چاوی بە سالۆمۆ پاشا بکەوێت و بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕێتەوە. کاتێك گەیـشتە شـاری ئۆرشـەلیم بـە پرسـیارکردن کۆشـك و تـەلاری پاشـای دۆزییەوە، پاسەوان و یاوەرانی کۆشکی پاشا دەستیان نەهێنایـە ڕێگـای و

مەرەخەسیان کرد تا بەردەمی ئەو تەختەی کە پاشا لەسەری دانیشتبوو. کاتێك ژنەی داماو گەیشتە بەردەمی تەختی پاشا بە شەرم و ڕێزەوە کڕنوشی بۆ پاشا برد، پاشان داوای لە پاشا کرد کە ببێتە دادوەر لە نێوانی ژنە و تاوانکاردا.

پاشا وەڵامی ژنەی هەژاری دایەوە و پرسیاری لێکرد و گوتی:"کێیە ئەو کەسەی کە تاوانی بەرامبەرت کردووە.؟ تۆ هەر خۆتی کوا ئەو کەسەی بە تاوانبار ناوی دەبەیت.؟"

ژنە هەژارەکە وەڵامی دایەوە گوتی:"تاوانبار ڕەشەبایە.!" پاشان بەسەرهاتەکەی بۆ پاشا گێڕایەوە کە ڕەشەبا چی بەسەردا هێناوە.

پاشا کە زانی ژنەی هەژار تەواو پەکی کەوتووە و ماندو و برسییە، داوای لێکرد کە جارێ بچێت نان بخوات، پاش ئەوە دادوەری نێوان ئەو و ڕەشەبا دەکات.

کاتێك کە ژنەی هەژار لە نانخواردن بووەوە، سێ پیاوی بیانی هاتن بۆ کۆشکی پاشا، هەریەکێك لەم پیاوانە تورەکەیەکی پڕی بەسەر کۆڵەوە بوو، ئەم پیاوانە جولەکە نەبوون، لە نەوەی ئیسمائیل بوون.

یەکێك لە پیاوەکان گوتی:"ئێمە شتێکی گرنگمان هەیە کە بە پاشای ڕاگەیەنین، ئێمە خەریکی کڕین و فرۆشتنی زێڕ و زیو و مروارین، هەروەها هەموو شتێکی بە نرخی تریش دەکڕین و دەفرۆشین وەکو دەرمان و بۆن و ئارایشت، هەرچیشمان کە هەیە لە ناو ئەم تورەکانەدایە کە بە

کۆڵمانەوەیە. ئەم بەیانیە زوو ئێمە لە بەلەمێکدا لە ناو دەریادا نزیکی ڕۆخانە بووین، بەلەمەکەمان کونێکی تێبوو و ئاو هاتە نێو بەلەمەکەمانەوە، بەڵام ئێمە هیچ شتێکی وامان پێنەبوو کە ئەو کونەی پێبگرین و نەهێڵین ئاو بێتە ناو بەلەمەکەوە. بەلەمەکەمان هێندەی ئاو هاتە ناوەوە، هێندەی نەمابوو کە بە خۆمان و بەلەمەکەمانەوە بەناو دەریادا ڕۆچین، دەستمانکرد بە هاوار و پاڕانەوە لە خوای خۆمان کە یارمەتیمان بدات، بەڵام خوا هیچ دادی نەداین، ناچار لە خوای گەلانی تر پاڕاینەوە و داوای یارمەتیمانکرد، بەڵام خواکانی ئەوانیش گوێیان لێنەگرتین. دوایی لە خوای ئیسرائیل پاڕاینەوە کە بە دەنگمانەوە بێت، ئەوەمان بیستبوو کە خوای ئیسرائیل خوایەکی بە بەزەیی و بەهانای مرۆڤ و بێکەسانەوە دێت، ئێمە سوێندمان بۆ خوارد و پەیمانماندا کە لەم مەرگەساتە ڕزگارمانکات، ئەوا هەرچی لە ناو ئەم سێ تورەکەیەی کە هەمانە دەیبەخشین بە خوای ئیسرائیل، هەر کە داوای یارمەتیمان لێکرد، یەکسەر لە ڕۆخانەی دەریاوە شتێك هات و خۆیکرد بە ناو بەلەمەکەماندا و چووە ئەو کونەی کە لە بەلەمەکە ببوو و کونەکەی گرت و ئاو بڕبوو.

دوای ئەوە دەستبەجێ ئەو ڕەشەبا سەختەش خستی و نەما، ئێمەش بەبێ زیان گەیشتینە ڕۆخانەی دەریا و دابەزین. و بەدوای خوای ئیسرائیلدا دەگەڕاین، کە پەیمانی خۆمان بەرینەسەر و ئەم سێ تورەکە

بەنرخەی بدەینێ، خەڵکی ڕێگای ئۆرشەلیمیان پێنیشانداین، پاشان زانیمان کە خوای ئیسرائیل شوێنێکی دیاریکراوی نیە کە لێی دانیشێت. خەڵکی ڕێنمایی ئەوەیان کردین کە چاومان بە پاشای بەڕێز بکەوێت بۆ ئەوەی کە پاشای گەورە ڕێگا و شوێنێکمان بۆ دابنێت، کە چی بکەین بۆ ئەوەی پەیمانەکەمان بەرینەسەر."

سالۆمۆ شا پرسیاری لە پیاوەکان کرد و گوتی:"ئایا ئێوە ئەو شتەتان بینی کە هات و کونی بەلەمەکەی گرت، بۆ ئەوەی ئاو نەیەتە ناو بەلەمەکەوە، ئەو شتە چی بوو.؟"

پیاوەکان گوتیان:"بەڵێ پاشای گەورەمان ئەو شتەمان لەگەڵ خۆمان هێناوە." یەکێك لە پیاوەکان کولێرەیەکی دەرهێنا و لەبەردەم پاشادا داینا.

پاشا کە چاوی بەوە کەوت، داوای لە بێوەژنە هەژارەکە کرد و گوتی:"وەرە پێشەوە و بەچاوی خۆت ببینە" کاتێك کە ژنەکە لە پاشا چووە پێشێ، پاشا پرسیاری لێکرد گوتی:"ئەم کولێرەیە دەناسیتەوە.؟"

ژنەکە کە چاوی بە کولێرەکە کەوت یەکسەر کولێرەکەی ناسییەوە زانی ئەو کولێرەیە یە کە ڕەشەباکە لە دەستی فڕاند.

پاشا بەم جۆرە بڕیاریدا. گوتی:"ئەو سێ تورەکە زێڕ و زیوەماڵی ئەم بێوەژنە هەژارەیە."

پیاوەکان ئەوەیان بۆ ڕوونکرایەوە کە چۆن ئەم ژنە هەژارە بە کەساسی و برسێتی ئەو ئاردەی پەیدا کردووە و کردوێتی بە سێ کولێرە و ژیانی دوو پیاوی هەژاری لە مەرگ ڕزگار کردووە و پاشان سێهەم کولێرە کە چۆن ڕەشەبا لە دەستی فڕاندووە بۆ ئەوەی کە ژیانی سێ مرۆڤی تریش لە مردن ڕزگارکات. پیاوەکان سوپاسی خوای ئیسرائیلیان کرد بۆ ئەو یارمەتیە، پاشان تورەکەکانیان بۆ بێوەژنەکە بەجێهێشت و لە کۆشکی پاشا هاتنە دەرەوە.

سالۆمۆ پاشا ڕوویکردە بێوەژنەکە و گوتی:"هیچ شتێك بێ فەرمانی خوا ڕوونادات، ئەو ڕەشەبایەی کە نانەکەی لە دەستی تۆ فڕاند ئەوە بە فەرمانی خوا بووە، ئێستاش ئەو سێ تورەکەیە لەگەڵ خۆت بەرە، ئەوە نرخی ئەو سێ کولێرەیەیە کە خوا بۆی گۆڕیویتەوە."

## ماف

## دادگای شەلەمۆ

دوو ژن هێنرانە بەر دادگای شەلەمۆ پاشا بۆ ئەوەی لە سکالاّیان بپرسرێتەوە.

یەکێك لە ژنەکان گوتی:"پاشای گەورەمان من و ئەو ژنە لە خانوویەك و لە ژوورێکدا دەژیاین، من منداڵێکم بوو، ئەو ژنەش پاش من بە سێ ڕۆژ منداڵێکی بوو، وەکو گوتم ئێمە پێکەوە دەژیاین و هیچ کەسێکی تر لە ناو ئەو خانووەدا نەدەژیا. بەلاّم پاشای گەورەم بە داخەوە کە منداڵی ئەو ژنە لە نیوەشەودا دەمرێت، پاش ئەوەی کە ئەو ژنە بە دەم خەوەوە تلدەدا و دەکەوێتە سەر منداڵەکەی و منداڵەکەی دەخنکێت، کاتێك کە بە ئاگا دێتەوە منداڵەکەی کەوتۆتە ژێریەوە و خنکاوە، پاش ئەوە منداڵە مردووەکەی هەڵدەگرێ و بە بێدەنگی دەیخاتە شوێنی

منداڵەکەی من و منداڵەکەی من دەبات بۆ خۆی و لە جێگای منداڵە مردووەکەی خۆی دەیخەوێنێت، بۆ بەیانی کاتێك من کە لە خەو بەئاگا هاتمەوە، ویستم کە شیربدەم بە منداڵەکەم، بەڵام کە سەیرمکرد ئەوە منداڵەکەی من نیە.!"

ژنی دووهەم گوتی:"نا ئەو کوڕە مردووە کوڕی تۆ بوو، ئەم کوڕە زیندووە کوڕی منە." ئەم دوو ژنە بەم جۆرە سکاڵایان لەبەر دەمی پاشا و دادگای پاشادا دەکرد، ئەمیان دەیگوت:"نا منداڵە زیندووەکە منداڵی منە و مردووەکە منداڵی تۆ بوو." ئەوی تریان دەیگوت:"نا مردووەکە منداڵی تۆ بوو زیندووەکە منداڵی منە."

پاشا گوتی:"کام لەم دوو ژنە ڕاستدەکەن و خاوەن مافن..؟"

لە کۆتایدا پاشا بڕیاریدا گوتی:"هەر ئێستا شیرێکی تیژ بێنن."

بە فەرمانی پاشا دەست و برد شیرێکی تیژیان هێنا. پاشا فەرمانیدا گوتی:"ئەم کوڕە زیندووە لە ناوەڕاستدا بکەن بە دوو بەشی یەکسانەوە، هەر ژنەیان بەشێك لە منداڵەکەی بدەنێ."

ژنی دووهەم بە ژنی یەکەمی گوت:"ئێستا ئەگەر ئەو منداڵە هینی من بێت یان هینی تۆ بێت. با بیکوژن."

ژنی یەکەم کە گوێی لە فەرمانەکەی پاشا بوو، کە دەبێت منداڵەکە بکرێت بە دوو بەشەوە.! زۆر شپرزەبوو و خەریك بوو دەبورایەوە و دەستیکرد بە گریان و لە پاشا پاڕایەوە." گەورەم تکاتان لێدەکەم ئەو

منداڵە مەکەن بە دوو بەشەوە و مەیکوژن، بە زیندوێتی بیدەن بەو ژنە با بۆ خۆی بێت."

پاشا کە گوێی لە هاوار و تکا و گریانی ژنەکە بوو، زانی وا خەریکە ئەو ژنە دڵی دەوەستێت و لەسەر خۆی دەچێت، بە یاوەران و خەڵکەکەی گوت:"ئەم ژنە کە ئاوا بە پەرۆش و بەتەنگ مردنی ئەو منداڵەوە دێت، ئەوە دایکی ڕاستی ئەو منداڵەیە."

# منداڵێکی دادوەر

دوو پیاوی دووکاندار دووکانەکانیان بەتەنیشتی یەکەوە بوو، ئەوەی کە ئەم دوو دووکانەی لە یەکتری جیادەکردەوە دیوارێکی باریك بوو لە نێوانیاندا، یەکێك لەم پیاوانە داودەرمانی دەفرۆشت، پیاوەکەی تریان لە دووکانەکەیدا ڕۆنی زەیتونی دەفرۆشت، کابرای داودەرمان فرۆشی دراوسێ دووکانی ڕۆنفرۆشەکە، کونێکی بچوکی کردبووە دیوارە باریکەکەوە و جاروبار لەو کونەوە سەیری ناو دووکانی ڕۆنفرۆشەکەی دەکرد، بۆ ئەوەی بزانێت کابرای ڕۆن فرۆش چیدەکا و چیناکات. ئێوارەیەکیان لەو کونەوە سەیری ناو دووکانی ڕۆن فرۆشەکەی دەکرد، بەرێکەوت کابرای ڕۆنفرۆش لەسەر کاسەکەی (دەخیلە) دانیشتبوو بەدەنگی بەرز خەریکی ژماردنی دراوەکانی بوو، کابرای داودەرمانفرۆش چاوی لە یەکە بە یەکەی لیرەکان بوو، کە ڕۆن فرۆش دەیبژاردن، ژمارەی لیرە زێڕەکان بوو بە سەد لیرە.

کابرای داودەرمان فرۆش هێندەی نەمابوو زیزە بکات بۆ ئەو سەد لیرەیە، بەناچاری رایکردە دەرەوە و دەستی بە هاوار هاوار کرد:"ئای لیرەکانم، لیرەکانم دزراون.! خەڵکینە بمگەنێ لیرەکانیان دزیوم.!"

کاتێك کە خەڵکی گوێیان لەم هاوار هاوارە بوو، بەدەنگ هاوارەکەوە هاتن و لە دەوری کابرای دووکانداری داودەرمان فرۆش خڕبوونەوە و پرسیاریان لێکرد و گوتیان:"کێ لیرەکانی دزیوی.؟"

پاسەوانێکی ناو شاریش بەدەم هاوار هاوارەکەوە هات و بە دووکانداری گوت:"چۆن لیرەکانیان لێدزیت، دەزانی دزەکە کێیە.؟ لیرەکان چەند بوون.؟"

دووکاندار بە پەشێوییەوە وەڵامی دایەوە."بەڵێ لیرەکان سەد لیرەی زێڕن، بەڵێ سەد لیرەی تەواو دزراوە. ئەم ئێوارەیە کەس نەهاتۆتە دووکانەکەمەوە بۆ شتکڕین، تەنیا ئەو پیاوەی دراوسێ دووکانم نەبێت، "دەستی ڕاکێشا بۆ کابرای دووکانداری ڕۆن فرۆش.

پاسەوانەکە کە ئەمەی بیست خۆیکرد بە دووکانی رۆن فرۆشەکەدا، کە سەیریکرد لە ناو تورەکەیەکدا سەد دانە لیرەی تەواوی تیایە.

پاسەوان بە ڕۆن فرۆشی گوت:"ئەو لیرانە لیرەی ئەو پیاوە دووکانداره‌ی هاوسێتە و تۆ دزیوتە.!"

کابرای ڕۆن فرۆش بە تووڕەییەوە بە پاسەوانەکەی گوت:"ئەوانە لیرەی خۆمە.! ئەو کابرایە خۆی دزە."

خەڵکەکە کە ئەمـەیان بیـست داوایـان لـە پاسـەوانەکە کـرد کـە ئـەم کێـشەیە بگەیەنێتـە دادگـا و دادوەر دادگـایی ئـەم دوو پیـاوە بکـات. خەڵکەکە هاواریان دەکرد و دەیانگوت:"دادوەری ئەم شـارە گـەلێك زانـاو ژیرە، ئەو دەزانێت کە ئەو لیرانە هینی کامیانە."

پاش مـاوەی چـەند ڕۆژێـك هـەر دوو دووکاندارەکـە بـانگکران بـەرەو دادگا. یەکێکیان دەیگوت:"ئەو سەد لیرەیە هینی منە و ئەو دزیویێتی." ئەوی تریان دەیگوت:"نا ئەو کابرایە درۆدەکـا و ئـەو سـەد لیرەیـە هینـی خۆمە و ئەو پیاوە خۆی دزە."

دادوەرەکـە هەرچـەند سـەریهێنا و سـەری بـرد ئـەم کێـشەیەی بـۆ چارەسەرنەکرا، نەیدەزانی کە ئەو سەد لیرەیە هینی کامیانە.

لەبەر ئەوە دادوەر بڕیاریدا و بەهەردوو دووکاندارەکەی گـوت:"ئێـستا هەریەکەتان بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان، پاش هەفتەیـەکی تـر وەرنـەوە، ئـەو کاتە پێتان دەڵێم کە کامتان دزن."پیاوەکان دادگایان بەجێهێشت.

لە ماوەی چەند ڕۆژدا ئەم دادوەرە هەر بیری لـەوە دەکـردەوە کـە چـی بکات، چۆن چارەسەری کێشەی ئەم دوو دووکاندارە بکـات، چـۆن بزانێـت ئەم پیاوانە کامیان ڕاستن، کامیان درۆدەکەن، کامیان دزن.

دوو ڕۆژی مابوو بۆ ئەوەی هەفتەکە تەواو بێت، ڕۆژێکی پاش نیـوەڕۆ دادوەرەکە بەدەم بیرکردنەوەوە چووە ناو باخێکەوە و لەسەر کورسیەك لێی دانیـشت، لـەو کاتـەدا کۆمـەڵێك منـداڵیش خـەریکی کایـەکردنی (دز و

دووکانـدار)بـوون، ئـەو دزیـەی کـە چـەند ڕۆژێـك لەوەوبـەر ڕوویـدا بـوو، کەوتبووە سەر زمانی گەورە و بچوکی شار.

یەکێك لە منداڵەکان گوتی: "من دادەوەرم و ئێستا پێتان دەڵـێم ئـەو سەد لیرەیەی کام دووکاندارەیە و کێ دزەکەیە."

منداڵەکانی تریش گوتیان:"زۆرباشە تۆ ببە بە دادوەر."

دادوەرە منداڵەکە لەسەر بەردێکی گەورە دانیشت، منـداڵێکی تریـان کە خۆی کردبوو بە دووکاندارە داودەرمان فرۆشەکە، هات و گـوتی:"ئـەو سەد لیرەیە هینی منە."

منداڵێکی تریان خۆی کردبوو بە دووکانداری ڕۆن فرۆش و گـوتی:"نـا ئەو پیاوە درۆدەکات، ئەو سەدلیرەیە هینی منە و ئەو پیاوە خۆی دزە."

کۆمـەڵێك منداڵی تریش خۆیانکردبوو بە کاربەدەستانی دادگا.

منداڵـە دادوەرەکـە بـە کاربەدەسـتانی دادگـای گـوت:"هـەر ئێـستا مەنجەڵێك ئاوی لە کـوڵ بێـنن و لیرەکـانی تێبخـەن، ئەگـەر دڵۆپـە ڕۆنـی بچوك بچوك کەوتە سەر ئاوەکە ئەوا ئەو لیرانەی کابرای ڕۆن فرۆشە، ئەوە وایە لەبەر ئەوەی دەستی کابرای ڕۆن فـرۆش هەمیـشە ڕۆناوییـە، کاتێـك دەسـتی بـەر لیرەکـان کـەوتبێت ئـەوا لیرەکـان چـەوربوون و چـەوری بـە لیرەکانەوە ماوەتەوە، خـۆ ئەگـەر لیرەکـان لـە ئـاوە گەرمەکـەدا چـەوریان دەرنەدا، ئەو کاتە دەزانن کە ئەو سەد لیرەیـە مـاڵی داودەرمـان فرۆشـە، بەڵام داودەرمان وشکن بە لیرەوە نانوسێن."

کاتێـك داوەری شـار چـاوی لـەم دادوەریکردنـە بـوو، ڕۆیـشت بـۆ لای منداڵەکان و منداڵە دادوەرەکەی ماچـکرد و پێـی گـوت:"لەڕاسـتیدا تـۆ دادوەرێکـی ژیـر و زانایـت، ئێـستا دەزانم کـە چـۆن دادگـایی ئـەو دوو دووکانـدارە دەکـەم، زۆر سـوپاس کـوڕی خـۆم. "دادوەر بـە دڵخۆشـیەوە منداڵەکانی بەجێهێشت.

کاتێك کە هەفتەکە تـەواوبوو، دوو پیـاوە دووکاندارەکـە هاتنـەوە بـۆ دادگا و خەڵکی شاریش لە هەموو شوێنێکەوە هاتن بـۆ سـەیرکردنی ئـەم دادگاییکردنە و چاوەڕێی ئـەوە بـوون کـە دادوەر چیدەکا و کـام لـەو دوو پیاوە درۆدەکا و کامیان دزە.

کاتێـــك کـــە دادگـــایی دەســـتی پێکـــرد، دادوەر فەرمانیـــداو گوتی:"مەنجەڵێك ئاوی لە کوڵ بێنن ئەو سەد لیرەیەی تێکەن."

پیاوانی دادگا مەنجەڵە ئاوە لەکوڵەکەیان هێنا و سەد لـیرە زێڕەکـەیان تێکرد، کاتێك کە دڵۆپە ڕۆنی بـچوك بـچوك کەوتەسـەر ئـاوە لەکوڵەکـە، خەڵکی زانیان کە دادوەر مەبەستی چیە.

خەڵکەکە هاواریان کرد و گوتیان:"ڕۆن فرۆشەکە ڕاسـت دەکـات، ئـەو لیرانە هینی ئەون، هەر بژی دادوەری ژیر و زانامـان."

دادوەر بە زەردەخەنەیەکەوە بە خەڵکەکەی گـوت:"نـا ئـەوە بـیری مـن نیـە، سوپاسی من مەکەن، سوپاسـی ئـەو منداڵـە یاسـابیە بکـەن کـە ئـەو ڕێگایـەی نیشانی مندا کە بتوانم ئەم کێشەیە ئاوا بە دادپەروەرانە ببڕمەوە."